خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف
ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر
بابان ئەنوەر

# پێغەمبەر و پرۆلیتاریا

## فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیی، چین، شۆڕش

نووسینی: کریس هارمەن

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

له بڵاوكراوەكانی دەزگای ئایدیا
زنجیره (129)

ناوی كتێب: پێغەمبەر و پرۆلیتاریا
بابەت: فكری
ناوی نووسەر: كریس هارمەن
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: نیاز كەمال - كەیوان عومەر
تیراژ: 500 دانه
ساڵی چاپ: 2016
چاپ: چاپخانەی دلێر
نرخ: 4000 دینار
لەبڵاوكراوەكانی: دەزگای ئایدیا بۆ فكر و لێكۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان
ژمارەی سپاردن (1400)ی ساڵی2016ی پێدراوە

# پێغەمبەر و پرۆلیتاریا

## فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیی، چین و شۆڕش

نووسینی: کریس هارمەن

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی

2016

ئەم وەرگێڕانە پێشکەشە بە هەوڵ و
ماندووبوونەکانی سەروەر پێنجوێنی

## ناوەڕۆك

| | |
|---|---|
| پێشەکیی وەرگێڕ.................................................. | 7 |
| پێشەکی........................................................... | 21 |
| ئیسلام، ئایین و ئایدیۆلۆژیا......................................... | 25 |
| بناغەی چینایەتیی ئیسلامیزم.................................... | 38 |
| ئیسلامی رادیکاڵ وەك بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی........ | 63 |
| ناکۆکییەکانی ئیسلامیزم: میسر................................... | 79 |
| ناکۆکییەکانی ئیسلامیزم: جەزائیر.............................. | 91 |
| بزووتنەوەی دووکەرت بوو.......................................... | 102 |
| ئەزموونی ئێران...................................................... | 111 |
| ناکۆکییەکانی ئیسلامیزم: سودان................................. | 139 |
| دەرەنجامەکان........................................................ | 153 |
| پەراوێزەکان.......................................................... | 167 |

## پێشەکیی وەرگێڕ

”چینە ناوەڕاستەکان، خاوەن پیشە بچووکەکان، کاسبکاران، پیشەوەران، جووتیاران، هەموو ئەمانە دژی بۆرژوازیی خەبات دەکەن بۆ ئەوەی بوونی خۆیان وەك چینی ناوەڕاست، لە لەناوچوون ڕزگار بکەن، کەواتە ئەوان شۆڕشگێڕ نین، بەڵکو

موحافەزەکارن؛ لەوەش خراپ و بەدتر، ئەمان کۆنەپارێزن، چونکە دەیانەوێت چەرخ و ڕەوتی مێژوو بۆ دواوە بگەڕێننەوە“.
**(کارڵ مارکس و فرەدریش ئەنگڵس، مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست)1.**

بەردەوام بەر ئەم پرسیارە دەکەوین: فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیی چییە و چۆن سەریهەڵدا؟ هەزاران وەڵام و تەفسیرگەلی جیاواز بۆ ئەم پرسیارە سەریانهەڵداوە، بەڵام هەریەکەیان بەجۆرێك نەیتوانیوە ڕیشەی بابەتەکە بدۆزێتەوە، هەندێك پێیانوایە فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیی خەسڵەتی کۆمەڵگای عەرەبییە کە دەیەوێت خەلافەت دابمەزرێنێتەوە، هەندێکی دیکە ئیسلام وەك فاشیست لەقەڵەم دەدەن و داوا دەکەن دەوڵەتان هەرچی زووتر ئەم شەولەبانی فاشیزمە لەنێو بەرن، هەندێکی دیکە، وەك هێزێکی هاوپەیمان سەیری دەکەن و بەتایبەت کاتی خۆی زۆرێك لە چەپەکانی جیهانی سێیەم، سەردانی ڕەوتە ئیسلامگەراکانیان دەکرد، چونکە وەك هاوپەیمان دژ بە ئیمپریالیزمی جیهانیی، دەیانبینی. هەروەها زۆر تەفسیری دیکە و ئاراستەی دیکە هەن، کە ئیسلامیزم وەك هێزێکی هەلپەرست دەبینن، کە سوود لە ناڕەزایەتییەکانی خەڵك وەردەگرێت و سواری شەپۆل دەبێت، ئەگەرچی ئەمە

---

1- کارڵ مارکس و فرەدریك ئەنگڵس: مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست، وەرگێڕانی: پێشڕەو محەمەد، دەزگای توێژینەوە و هزریی شەهید ئارام، سلێمانی، 2016، ل40-41.

بە تەنها خەسڵەتی ئیسلامیی نییە و بەڵکو خەسڵەتی هەموو بزووتنەوە بۆرژوازییە هەلپەرست و ئۆپۆرتۆنیستەکانە بەدێژایی مێژوو. هەن، کۆمەڵێکی دیکە ئیسلام وەك یار و هاوپەیمانی ئیمپریالیزم و بەتایبەت هاوپەیمانی ئەمریکا، دەبینن، ئەگەرچی ئەم بەرەیەیان وردبینتر و دەقیقترن لەوانیدیکە و بەڵام ئەوەی ئەوانیش بە تەواویی نایبینن، خەسڵەتی ناکۆکیی بزووتنەوە ئیسلامییەکانە لەناو خۆیدا، ئەگەر ئیسلامیزم هاوپەیمانی ئیمپریالیزمە ئەیچۆن بەو خێراییە بەدژی ئیمپریالیزم (ئەڵبەتە نەك ئیمپریالیزم، بەڵکو دونیای غەرب) هەڵدەگەڕێنەوە و 11ی سێپتێمبەر نموونەیەکی ئەم دیاردەیەیە. مارکسیستەکان زۆر بەجوانی پشتیوانیی لۆجیستیی و دارایی ئیسلامیی سیاسییان لەلایەن ئەمریکاوە شیکردووەتەوە، بەڵام زۆربەی جار لەوە تێنەگەیشتوون، بۆچی ئەم ڕەوتە دەبێتە جێگای سەرنجی ئەمریکا و پاشان بەدژی ئەمریکا هەڵدەستێتەوە.

ئەگەرچی سەمیر ئەمین لە شیکارییە ماتریالیستییەکەیدا بۆ ئیسلامی سیاسیی دەڵێت: ”بۆرژوازیی کۆمپرادۆری ناوچەیی، سەرمایەدارانی تازەپیاکەوتوو و قازانجکەرانی جیهانی بەرفراوانی سەرمایە بە دەست و دڵێکی کراوەوە پشتیوانیی لە ئیسلامی سیاسیی دەکەن. ئیسلامی سیاسیی ڕوانگەی دژەئیمپریالیزمی ڕەتکردۆتەوە و لەبری ئەمە هەڵوێستی دژە-خۆرئاوا (کەم و زۆر دژە-مەسیحییەت)ی هێناوەتە پێشەوە. ئەم هەڵوێستەش ئەم کۆمەڵگایانەی بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بەرەو بنبەست و

چەقبەستن بردووە و کەواتە هیچ بەربەستێك لەبەردەم ڕێگای فراوانبوونی کۆنترۆڵی ئیمپریالیستیی لەسەر سیستەمی جیهانیی دادەنێت». هەروەها دەگات بەو ئەنجامەی بڵێت کە ئیسلامی سیاسیی نەك تەنها دەربارەی کۆمەڵێك کێشە (بەدیاریکراوی کێشەگەلێکی پەیوەست بە پێگەی کۆمەڵایەتیی ژنان) کۆنەپارێز و تەنانەت بەرپرسی گەلێك کاری توندڕەوانەیە کە دژ بە هاووڵاتیانی ناموسڵمانن، (وەك قیبتییەکانی میسر) بەڵکو لە بنچینەدا کۆنەپارێزە و کەواتە ناتوانێت هیچ بەشدارییەك لە ڕزگاریخوازیی نەتەوەکاندا بکات.

یاخود ئایا دەتوانین بڵێین ئیسلامی سیاسیی دەرەنجامی خۆبەخۆی بیروباوەڕە ئاینییە ڕەسەن و واقیعییەکانی ئەم نەتەوانە نییە. ئیسلامی سیاسی بەرهەمی چالاکیی سیستەمی ئیمپریالیستییە کە هەڵبەتە هێزە تاریکبیرە کۆنەپارێز و چینە کۆمپرادۆرەکانی ئێستا خزمەتی پێدەکەن. بەرپرسیارێتیی ئەم بارودۆخە لەئەستۆی چەپیشە، چونکە نەیتوانی تێبگات و هەروەها نەیزانی چۆن ڕووبەڕووی ئەم تەحەدا و مەترسییە ببێتەوە، ئایا نابێت لەم بارەیەوە هیچ چەندوچونێك بکەین؟

هەروەکچۆن ئاسەف بەیات زۆر بەدروستی ئاماژەی پێکردووە کە باسکردن لە ئیسلامگەرایی و بەستنەوەی بەجەنگی ساردەوە - بە پشتیوانیی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئیسلامگەرایان بۆ وێرانکردن و لەناوبردنی کۆمۆنیزم - بەجۆرێك لە جۆرەکان ڕیدەکشیۆنیزم یان کورتکردنەوەگەراییە،

چونکە زیندووبوونەوەی ئیسلامگەرایی گەلێك ڕیشەی ناوەکیی ڕەئیسیی خۆی هەیە. وێڕای ئەمە، ئەم ڕاستییەش هەیە کە ئیسلامگەرایان و «جیهانی ئازاد» لە گەلێك خاڵی دیاریکراودا بەجۆرێك لە جۆرەکان دژی چەپەکان و بزووتنەوە سیکۆلارە دژەئیمپریالیستییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یەکیان گرتووە و یەکێتییەکی موقەدەسیان دروستکردووە. ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ئاسانی بە هەوڵ و تەقەللاکانی عەرەبستانی سعوودیی لە بەهێزکردنی وەهابیزمدا وەك قەڵغانێکی ئایدیۆلۆژیی دژی ناسیۆنالیزمی سیکۆلار و کۆماریخوازیی سەرتاپاگیر و بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیزم گەلێك جوڵانەوە و ئۆپەراسیۆنی شاراوە و ئاشکرای ئەنجامداون. لە دەیەی شەست و سەرەتاکانی دەیەی حەفتادا، ئیسلامگەراکان دژ بە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان (وەك بزووتنەوەی عەممان)، چەپە سیکۆلارەکان، کۆمۆنیستەکان (سەرەڕای نەبوونی ستراتیژ و ڕێکخراوی سەربەخۆی سیاسیی چەپەکان) و بزووتنەوەی ژنان، جوڵاونەتەوە. ئێستا ئەمەش خۆی بووەتە ڕاز و نهێنییەك کە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بریتانیا لەگەڵ جیهادییە ئیسلامیستییەکاندا لە ئەفغانستان بۆ شەڕ دژی یەکێتیی سۆڤێت و بەتایبەت ئەوەی ویلایەتە یەگرتووەکان چۆن پشتیوانیی لە دەوڵەتی پاکستان کرد تا تاڵیبان لە ساڵەکانی دروستبوونیدا لەو وڵاتە جێبکاتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، ئیمپریالیزم لە قۆناغە دیاریکراوەکاندا سوودی لە گروپە جەنگاوەرە ئیسلامیستییەکان

وەرگرتووە. و لە هەر کەسێك زیاتر ژیلبەر ئاشکار لە کتێبی «پێکدادانی بەربەرەکان: 11ی سێپتێمبەر و دروستکردنی بێ نەزمیی نوێی جیهانیی»دا لەسەر هۆکارەکان و پاڵنەرەکانی پشتی پشتیوانیی ئەمریکا و ئیمپریالیزم لە ئیسلامگەراکان وەستاوە.

لە نێوان ساڵانی 1857-1858 کەسێك بەناوی کارڵ مارکس شیکاریی بۆ چەند ڕووداوێك دەکات بۆ ڕۆژنامەی نیویۆرك تریبۆن، لەناو ئەو ڕووداوانەدا، یاخیبوونی سیپاهییەکان بوو، کە سەربازانی لۆکاڵیی سوپای بریتانیا بوون لە هیندستان، دژی ئەفسەرانی خۆیان ڕاپەڕین. ئەگەرچی چاپەمەنییەکانی ئەوکاتی بریتانیا ئەم یاخیبوونەیان، بە هەڵگەڕانەوەی وەحشیگەرانە و بەربەریزم لەقەڵەمدا، بەڵام مارکس بەم لەحنەوە شیکاریی بۆ ڕووداوەکە دەکات:

«بەڕاستی ئەو بێحورمەتیی و سوکایەتییەی سیپاهییە یاخییەکان لە هیندستاندا پێیاندەکرا، تۆقێنەر، مەترسیدار و وەسفهەڵنەگرە، لەو جۆرە هەنگاو و کردەوانەی تەنها لە جەنگە یاخییەکان، ناسیۆنالیستیی، ڕەگەزیی و زیاتر لە هەرشتێك، لە جەنگە ئایینییەکاندا دەیبینین؛ بە دەربڕینێکی دیکە، بریتانیای بەڕێز تەنها کاتێك دەستدەکات بە چەپڵە لێدان کە ئەم جۆرە کارانە ڤیندییەکان دژی «ڕەشەکان»، گەریلا ئیسپانییەکان دژی فەڕەنسییە کافرەکان، سەرڤینەکان دژی دراوسێ ئەڵمانی و هەنگارییەکانی خۆیان، کرواتەکان دژی ڤینسیاییە یاخییەکان،

و گاردی بزۆکی کاوانیاك و یان دیسامبەریستەکانی بۆناپارت دژی کوڕان و کچانی پرۆلیتاریای فەڕەنسا بکرێن. وێڕای ئەمانە، هەرچەند ڕەفتاری سیپاهییەکان شەرمەزارکەرتر و قێزەونتر بێت، تەنها و تەنها بەشێوەیەکی شاراوە ڕەنگدانەوەی ڕەفتاری خودی بریتانیایە لە هیندستان نەك تەنها لە سەردەمی دامەزراندنی ئیمپراتۆرییە خۆرهەڵاتییەکەی، بەڵکو تەنانەت لە دە ساڵی جێگیربوونی ئەو حکومەتە تا ئەمڕۆکە دەردەخات. بۆ ئەوەی خەسڵەت و تایبەتمەندیی ئەم حکومەتە دیاریبکەین، تەنها ئەوەندە بەسە بڵێین ئەشکەنجەی سەرەکیی و ئۆرگانیکییەتی لە سیاسەتە داراییەکەیدا. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا شتێك هەیە وەك سزا؛ و ئەمە یاسای سزای مێژوویییە کە خودی تاوانبار و موجریمان ئەمرازەکەی دروست دەکەن نەك قوربانیان».

ئەم وتانەی مارکس دەقاودەق پێشبینیکردنی 11ی سێپتێمبەر دەکەنە شتێکی حەتمیی، کەواتە کوژراوانی ئەو ڕووداوە لە شیکاریی کۆتاییدا قوربانیی دووبەرەن: هەم قوربانیی تیرۆریستەکانن و هەم قوربانیی دەوڵەتی ئەمریکا خۆی کە نەخشەی بۆ ئەوان کێشابوو. مارکس لەم نووسینەدا دەیەوێت شتێکمان پێبڵێت، بەرپرسیارەتیی کۆتایی لەسەر شانی هەمان ئەو دەڵەتەیە. ئایا مارکس دەیەوێت پێمان بڵێت بۆ ئەوەی تاوانەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا فەرامۆش بکەین، دەبێت ئەو دەوڵەتە خۆی غەرقی خوێن بکات؟ ئەمریکا بەدرێژایی سەدەی بیست پشتیوانیی ئیسلامگەراکانی کردووە،

هەم پشتیوانیی دارایی و هەم لۆجیستیی، لەبەر دوو هۆ: یەك، لەناوبردنی نفوزی کۆمۆنیزم لەو ناوچەیەدا و دوو، چەپاوکردن و بەتاڵانبردنی نەوتی ئەم ناوچەیە، لەڕێگای پشتیوانیکردنی دەوڵەتە دەستنیشانکراوەکانی خۆی و بەتایبەت بنەماڵەی ئال سعوود لە عەرەبستانی سعوودیە، ئەوەتا زیبگنیڤ بێرژنسکیی، دەڵێت: «ئێمە پێویستمان بە نەوتی ئەوان هەیە و لە ئەنجامدا دەبێت لە هاوڕێیەتیی ئەوان دڵنیا بین و کەواتە دەستدەکەین بە پاراستنی ئەمنییەتی ئەوان. ئەوانیش لە هەمانکاتدا بەجۆرێك و بە تەواویی لەپێناوی ئەمنییەتی خۆیاندا لە ناوچەکە، وابەستەی ئێمەن، چونکە زۆر زیانبەخش و هەروەها پارەدارن. کەواتە، لێرەدا جۆرە وابەستەییەکی بەرانبەری عەجیب بوونی هەیە، ئەگەرچی ناهاوسەنگیشە».

ژیلبەر ئاشکار دەڵێت: «کاتێك هێزەکانی ئەمریکا بۆ جەنگی کەنداو لە ساڵی 1990-1991 «ڕۆیشتنە سعوودیە»، پاشایەتیی عەرەبستان 55 ملیار دۆلاری خەرج کرد کە بەشێکی گەورەی بۆ تێچوونەکانی هێزەکانی ئەمریکا بوو لەو خاکەدا، و 17 ملیار دۆلار ڕاستەوخۆ وەك پشکی سعوودییەکان بۆ دابینکردنی دارایی ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکانی ئەمریکا تەرخانکرا. پاشایەتیی سعوودیە ساڵەهای ساڵ بودجەی ئەمریکای بە کڕینی لەڕادەبەدەری پشکەکانی ئەمریکا لەڕوانگەی داراییەوە دابین دەکرد. ئەم بابەتە بەتایبەت لە ساڵانی کورتهێنانی بودجەدا بە وردبوونەوە لەکۆی مەسەلەکان دەکرێت عەرەبستانی

سعوودی بە دروستی وەك پەینجا و یەکەمین ویلایەتی ئەمریکا سەیربکەین. جۆرە تەکساسێکی ئیسلامیی». هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: «پاشان فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیی کە زۆرێك لەوان بەپشتیوانیی وەهابییەکان دەجولانەوە، بەڕێبەریی واشینگتۆن و لەیەکێتیدا لەگەڵ ڕیاز بوون بە ئامرازێکی ئادیۆلۆژییانەی ڕەئیسیی بۆ شەڕکردن دژی کۆمۆنیزم و دژی ناسیۆنالیزمی دونیای ئیسلام. هەر ئەم پەیوەندییە، سەرچاوەی حیکایەتیی سیاسیی هاوچەرخی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامییە بە فۆرمی جەماعەتی ئیخوان موسلمین کە لە کۆتاییەکانی دەیەی 1920 لە میسر سەریهەڵدا. فراوانخوازیی وەهابییەکان سەرنجی ڕەشید ڕەزا کە ڕێبەری ئایدیۆلۆژیی ئیخوان موسلمین و پشتیوانیی کۆنەپارێزترین فۆرمی سەلەفییەت بوو، بەرەو خۆی ڕاکێشا و لە ئەنجامدا پەیوەندییەکی نزیکی نێوان ئەو و ئیبن سعوود (پێشینەی بنەماڵەی ئال سعوود) دروست بوو». هەر لەبەر ئەمەش جەنگی ئیسلامیی دژ بە سۆڤێت لە ئەفغانستان، بە پشتیوانیی لۆجیستی و دارایی ئەمریکا ئەنجامدرا، و لەبەر ئەوە دەتوانین بەم کارە ئەمریکا ڕاستەوخۆ بەرپرسیی زیندووبوونەوەی دووبارەی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیی لە هەمانکاتدا لەکۆنترۆڵ دەرچوونی دژەغەربیی تەماشا بکەین، چونکە ڤیکتۆر فرانکشتاین بەدژی خاڵقەکەی خۆی هەڵدەگەڕێتەوە، بڕیار بوو فرانکشتاین شتێك وێران بکات، کە خاڵقەکەی لەتوانایدا نەبوو، بەڵام مەخلوق سەری

خاڵقی خوارد. ئەگەرچی ئەمریکا نەك تەنها ڕاستەوخۆ لە برەوپەیداکردنەوەی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیدا ڕۆڵی هەبووە، بەڵکو بەکۆمەککردن بۆ نشوست و وردکردنی هێزە چەپەکان و ناسیۆنالیزمی پێشکەوتووخواز لە سەرتاپای جیهانی ئیسلامیدا ڕێگای بۆ ئیسلامی سیاسیی وەك تەنها فۆرمی ئایدیۆلۆژیانە و ڕێکخراوێکی توندڕەوی خەڵکی خۆشکردووە.

ئاشکار هەر لە کتێبە نایابەکەیدا دەڵێت: «چەندین هۆکاری جیاواز هەن، وەك بێ ئیعتیباریی ئایدیۆلۆژیی بەها سۆسیالیستییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا بەهۆی کەوتنی سیستەمی ستالینیستییەوە، شکست یان کەوتنە پەراوێزی تەواوی ڕەوتە چەپەکان لە جیهانی ئیسلامیدا، گەشەی خێرای فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیی بە پشتیوانیی واشنگتۆن و ڕیاز، قەیرانە ئابوورییەکان و نەبوونی ئاساییشی بەرچاوی کۆمەڵایەتی ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە نیۆلیبرالیزم لە شانۆی جیهاندا سەرگەمی لەڕێساداماڵینی ئابووریی بوو و تەواوی ئەمانە بە بێحورمەتیکردن بە موسڵمانان بەرز دەبووەوە کە خۆیان بە هاودەردیی فەڵەستینییەکان و عێراقییەکان دەزانی».

هەموو ئەمانە پێشبینییەکەی مارکس دەکاتە شتێك ئەمڕۆیی و واقیعیی، ئەوان دەستیانکرد بە ئۆرگانیزەکردنی موسڵمانان دژی سۆڤێت، و کۆمۆنیزم، کە کۆمۆنیزم کەوت و ستالینیزم سێبەری بەسەر واقیعیی ئەم ناوچەیەدا نەما، ئیتر ئەمریکاش وەك پێویست، چیتر پشتیوانیی لە فەندەمێنتالیزمی

ئیسلامیی نەکرد و بەڵکو بەپێچەوانەوە کەوتە بێحورمەتیکردن بە موسڵمانان، تاکو بەدژی خۆی هەڵگەڕانەوە. بەڵام ئایا بۆچی فەندەمێنتالیزم لەم ناوچەیەدا سەرهەڵدەدات؟ ئاشکار دەڵێت کاردانەوەی ئیسلامیی وردەبۆرژوا، ئایدیۆلۆگەکان و کادرە ڕێکخراوەکانی خۆیان لەنێوان «ڕۆشنبیرانی نەریتی»ی کۆمەڵگای ئیسلامیی واتا عولەما و جۆرەکانی و هەروەها لەنێوان ڕیزەکانی خوارتری «ڕۆشنبیرانی ئۆرگانیکی» بۆرژوازییدا پەیدا دەکەن، ئەو کەسانەی سەرچاوەی وردەبۆرژوازییان هەیە و مەحکومن بەوەی لە هەمان شوێندا بمێننەوە: بەتایبەت مامۆستایان و کارمەندان. فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیی، لە سەردەمی گەشەی خۆیدا بەگشتی ئەندامەکانی لە زانکۆکان و سەنتەرەکانی دیکەی بەرهەمهێنانی «ڕۆشنبیر» دەدۆزێتەوە واتا ئەو سەنتەرانەی تیایاندا ڕۆشنبیران زیاتر لەژێر کاریگەریی سەرچاوەی کۆمەڵایەتیی خۆیاندان، نەك داهاتوویەکی گریمانەیی و ناڕوون.

لەڕاستیدا فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیی زیاتر کێشەیەك دەخاتە بەرچاو نەك چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە... بە دەربڕینێکی دیکە، نەریتیترین فەندەمێنتالیستە ئیسلامییەکان ناتوانن وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە کۆمەڵگای مۆدێرن دەیخاتە ڕوو، تەنها تەفسیرگەلی ناڕوون دەکەن، ئەویش بە تەفسیرگەلی خۆویستانە کە لە ئەنجامدا گەلێك مشتومڕ و شەڕی بەدوادا دێت... فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیی، خۆی لەخۆیدا هەرگیز

گونجاوترین بەرنامە نییە بۆ بەدیهێنانی ئارەزووەکانی ئەو توێژە کۆمەڵایەتییانە کە چاویان بڕیوەتە ئەوان. هەموو ئەمانە خوێندنەوەی شیکاریی ماتریالیستیی کریس هارمەن لە کتێبی «پێغەمبەر و پرۆلیتاریا»دا دەکاتە زەرووەرەتی ڕۆژ، ئەگەرچی ئەم کتێبە لە پاییزی 1994، نووسراوە، بەڵام شیکارییە دەقیق و دروستەکەی تا ئەمڕۆ بڕەدەکات و هەروەك بڵێیت لەمڕۆدا ئەم کتێبە نووسراوە. ئەگەرچی گەلێك نیگەرانیی قوڵ بەرۆکی گرتووین، شۆڕشە ناتەواوەکان و بەجێهێڵراوەکانی بەهاری عەرەبیی، لەلایەن ڕژێمەکانی پێشووەوە یان ئیسلامگەرا فەندەمێنتالیست و ڕادیکاڵەکانەوە دزرا، دژەشۆڕش جێگای شۆڕشی گرتەوە، داعش دروستکرا و ئیمپریالیزمی غەربیی دەستیکرد بە ناردنی چەك و تەقەمەنی لەڕێگای هاوپەیمانە هەمیشەییەکەی لەناوچەکە: سعوودیە، و هەروەها تورکیا، تاکو شۆڕشی ڕاستەقینەی گەلانی ڕۆژهەڵاتیی گڕگرتوو و خەوتووی سەدان ساڵە، جارێکی دیکە بخەوێنێتەوە، تاکو مەجالی تەراتێن و چەپاوکردنی دووبارەی نەوت و سامانی سروشتی و هەروەها دروستکردنی سوپایەکی زەخیرەکراوی کاری هەرزان بەرەو کۆمپانیا زەبەلاحەکان ئاراستە بکاتەوە. ترس لە دووبارەبوونەوەی ئەزموونگەلێکی مەترسیداری وەك دژەشۆڕشی 1979ی ئێران یان هاتنەسەرکاریی دەوڵەتگەلێکی دەستنیشانکراو کە گەرەنتیی ئەمنییەتی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتە جیهانییەکانی ئەم ناوچەیە دەکەن، زەرووەرەتێکی

پراکتیکیی دەخاتە بەردەم چالاکوانانی سیاسیی-کۆمەڵایەتیی ئەم وڵاتانە وەك پێکهێنانی فراکسیۆن و بلۆکبەندییە سیاسییەکان لەئانی هەڵبژاردنەکان و بڕیاردانە گرنگەکان لە پرسەی شۆڕشگێڕیدا و دیاریکردنی هاوپەیمانانی ناوخۆیی و دەرەکیی هەموو ئەمانە پشتڕاستکردنەوەیەکە کە ئێمە کەوتووینەتە بەردەم کردنەوەی دۆسیەی ئیسلامیزمەوە. کریس هارمەن زۆر بە دەقیقی، تەفسیری سەرهەڵدانی بزووتنەوە ئیسلامگەراکان لەم ناوچەیەدا دەکات، بەڵام ئەوەی من و دڵنیام کەسانی دیکەیشی لەڕابردوودا کەمێك نیگەران کردووە، ئەم ڕێگەبڕینە دروستە لە سەرتاپای دەقەکەدا، لە دەرەنجامەکاندا، ڕێگاکە بەباشی نابڕێت، بەڵکو چەند دەرەنجامێکی نادەقیق بەدەستەوە دەدات. ئەگەرچی خۆیشی دەڵێت: ئیسلامگەراکان هاوپەیمانیی ئێمە نین، ئێمە دەبێت پێداگریی لەسەر ڕێکخراوی سەربەخۆی سیاسیی خۆمان بکەینەوە، بەلام کاتێك ئەوان ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەت بن، ئێمە هەندێکجار لەگەڵیان دەبین. ئەمە وەك ستراتیژیی ئێس. دەبلیو.پی (سۆسیالیست وۆرکە پارتی یان پارتی کرێکارانی سۆسیالیست) لەم نامیلکەیەدا سەیر دەکرێت. بەڵام با بپرسین، ئایا دەبێت سۆسیالیستەکان ڕوانگە و سووربوونی خۆیان لەسەر کۆمەڵگایەکی سیکۆلاری دیموکراتیی بشارنەوە؟ سۆسیالیستە شۆڕشگێڕییەکان دەبێت بەئاشکرا خواستی خۆیان لەسەر کۆمەڵگایەکی سیکۆلار دەرببڕن کە ڕەگەزە بنچینەییەکانی بریتییە لە بەرنامەیەکی دیموکراتیی

کۆمەڵگا. ئەوان ڕەنگە باسی مولحیدیی خۆیان نەکەن، بەڵام هەرگیز ناتوانن سیکۆلاریستبوونی خۆیان بشارنەوە، یان ئەگەر بمانەوێت لەبری خەباتی ڕزگاریی پرۆلیتاریا، و لەبری ئایدیاکانی مارکس، بۆ ڕزگاریی کۆمەڵگا، پێغەمبەر دووبارە ڕێبەرایەتیمان بکاتەوە.

لەکۆتاییدا سوپاسی هاوڕێم بابان ئەنوەر دەکەم، کە وەك هەمیشە، پاڵپشت و پشتیوانیی کارەکانمە.

**پێشڕەو محەمەد**

**سلێمانی / 2015**

# پێشەکی

ژیانی سیاسیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکانی دیکەدا لانیکەم لە شۆڕشی 1978-1979ی ئێرانەوە لەژێر دەسەڵات و هەیمەنەی بزووتنەوە ئیسلامیستییەکاندا بووە. ئەم بزووتنەوانە لە خۆرئاوادا لەژێر ناوونیشانەکانی وەك «فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیی»، «ئیسلامیزم»، «ئوسوڵییەت» (integrism) ”ئیسلامی سیاسیی“ و ”ڕابوونی ئیسلامی“ پۆلێنبەند دەکرێن، دەیانەوێت بە گەڕانەوە بۆ ئامۆژگارییە بنچینەییەکانی محەمەدی پێغەمبەریان سەرلەنوێ کۆمەڵگا ”بونیاد“ بنێنەوە. ئەم بزووتنەوانە لە ئێران و سودان بوونەتە هێزی سەرەکی (و هێشتا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە)، لە میسر، جەزائیر و تاجیکستاندا دژ بە دەوڵەت سەرقاڵی خەباتی چەکداریین. دوای کەوتنی دەوڵەتی سەر بە سۆڤێت لە ئەفغانستاندا، گروپە ئیسلامیستە نەیارەکان لە جەنگێکی گەرمدان. هێزە چەکدارەکان لە خاکە داگیرکراوە کەنارییەکانی خۆرئاوای ئەردەندا (هەژموونی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین لەسەر بزووتنەوەی بەرهەڵستیی فەڵەستینییەکاندا کەوتوونەتە خەباتکردنەوە). ئۆپۆزیسیۆن بەشێکی بەرچاوی پاکستان پێك دەهێنێت، و بەم دواییانە لە تورکیا (پارتی گەشەپێدان کۆنترۆڵی ئەستەنبوڵ، ئەنقەرە و شارە سەرەکییەکانی دیکەی بەدەستەوە گرتووە).

دەرکەوتنی ئەم بزووتنەوانە شۆکێکی گەورە بوو بۆ ڕۆشنبیرە لیبڕاڵەکان و شەپۆلێکی ترس و تۆقاندنی بەدوای خۆیدا هێناوە لەنێوان ئەواندا کە وابیریان دەکردەوە لەدوای ”مۆدێرنیزاسیۆن“ی پاش خەباتەکانی دژ بە کۆڵۆنیالیزمی دەیەکانی 1950 و 1960، بەناچاری چەندین کۆمەڵگا دروست دەبن کە ڕۆشنگەرترن و کەمترین سەرکوتیان تیادا هەیە[1].

کەچی، ئێستا گەشەکردنی ئەو هێزانە دەبینن کە واپێدەچێت ڕوانگەیەکی داخراوتریان بۆ ڕابردوو و کۆمەڵگا هەبێت. کۆمەڵگایەك تیایدا ژنان ناچارن لەپشتی پەردەکە بمێننەوە، ، تیرۆر و تۆقاندن وەك ئامراز بۆ لەنێوبردنی ئازادیی بیر بەکاردەهێنرێت و ئەوانەی پابەندی ئامۆژگارییەکان نەبن بە دڕندانەترین شێوە سزادەدرێن و تەمێ دەکرێن. ئێستا لیبڕاڵەکانی وڵاتانی وەك میسر و جەزائیر لە خەباتیاندا دژ بە حزبە ئیسلامیستەکان پشتی دەوڵەتیان گرتووە و لەو بەرەیەدا وەستاون. هەر ئەو دەوڵەتەی لە ڕابردوودا ئەوانی سەرکوت دەکرد و دەیخستنە کونجی بەندیخانەوە.

بەڵام ئەوە تەنها لیبڕاڵەکان نەبوون لە ڕووبەڕووبوونەوەدا لەگەڵ دەرکەوتنی ئیسلامیزم، دووچاری سەرلێشێوان هاتن. دۆخی چەپەکانیش باشتر نەبوو. چەپ نەیدەزانی لە بەرانبەر دۆکترین و ڕێبازێکی تاریکبیندا، کە هێزە کۆنەپارێزە نەریتییەکان پشتی دەگرن و لە نێوان هەژارترین گروپەکانی کۆمەڵگادا هەیمەنەیان هەیە و مەحبوبن، چ کاردانەوەیەکیان هەبێت. دواجار دوو ئاراستەیان گرتەبەر.

یەکەم، ئیسلامیزم بە کۆنەپارێزی بەرجەستە و دیار و جۆرێك فاشیزم سەیر دەکەن. بۆ نموونە فرید هالیدەی (Fred Halliday)، چەپێکی ئەکادیمی دوای شۆڕشی ئێران سەر بەم گروپەیە. ئەو دەیگوت ڕژێمی ئێران "ئیسلامە بە ڕووخساری فاشیستییەوە"[2]. هەروەها هاوکات ئەمەش هەڵوێست و ئاراستەی بەشێکی گەورەی چەپەکانی ئێرانە دوای جێگیربوونی ڕژێمەکەی خومەینی لە ساڵەکانی 1981-1982دا. لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێکی بەرچاوی چەپەکانی میسر و جەزائیر ئەم ئاراستەیەیان قبوڵکردووە. بۆ نموونە، گروپێکی شۆڕشگێڕیی مارکسیست لە جەزائیر لە شوێنێکدا گوتوویەتی پرەنسیپ، ئایدیۆلۆژیا و پراکتیکی سیاسیی حزبی ڕزگاریی ئیسلامی (FIS)ی جەزائیر "لە بەرەی نەتەوەیی فەڕەنسا دەچێت" و هەروەك هەمووومان دەزانین بەرەی نەتەوەیی فەڕەنسا "ڕەوتێکی فاشیستی"یە[3].

شیکارییەکی ئاوا لە پراکتیکدا ڕەنگە ئەم دەرەنجامەی لێبکەوێتەوە کە دەبێت بۆ بەرگرتن لە کردەوەی فاشیستەکان یەکێتییەکی سیاسیی دابمەزرێنرێت. بەمجۆرە هالیدەی بەو دەرەنجامە دەگات بڵێت ئەمە هەڵەی چەپی ئێران بوو کە لە ساڵەکانی 1979-1981 لە بەرانبەر بە "ئایدیاکان و سیاسەتە کۆنەپارێزییەکانی خومەینی" لەگەڵ "بۆرژوا لیبڕاڵەکان"دا یەکی نەگرت[4]. ئەمڕۆ چەپی میسر کە کەوتووەتە ژێرکاریگەریی نەریتی باڵادەستی کۆمۆنیستییەوە، پشتیوانیی لە دەوڵەت دەکات دژ بە ئیسلامیستەکان.

ئاراستەی دووەم، پێیوایە بزووتنەوە ئیسلامیستییەکان "پێشڕەو"، "دژەئیمپریالیست" و بزووتنەوەی ستەملێکراوانن. بەشێکی گەورەی چەپی ئێران لە قۆناغی یەکەمی شۆڕشی 1979دا هەڵوێستێکی ئاوایان گرتەبەر: حزبی تودەی سەر بە سۆڤیێت، ڕێکخراوی فیداییانی زۆرینە و موجاهیدنی ئیسلامیستی خەڵقی چەپگەرا بە هێزە پشتیوانییەکانی خومەینییان دەگوت "وردەبۆرژوای پێشڕەو". لە دەرەنجامی ئاراستەیەکی وەهادا، خومەینی پشتیوانییەکی بەڕادەیەك بێ ئەندازە گەورەی بەدەستهێنا[5]. چارەکە سەدەیەك پێشتر، حزبی کۆمۆنیستی میسر بەشێوەیەکی یەکلاییکەرەوە بەرانبەر بە ئیخوان موسلمین هەڵوێستێکی ئاوای گرتەبەر و داوای لە ئیخوانەکان کرد "لە بەرانبەر بە دیکتاتۆریی فاشیستیی ناسر و هاوپەیمانە ئینگلیزیی و ئەمریکییەکانیدا، خەباتێکی هاوبەش بکەن"[6].

لەم نووسینەدا دەمەوێت ئەوە دەربخەم هەردوو ئەم هەڵوێستانە هەڵە و ناڕاستن، چونکە ناتوانن خەسڵەتی چینایەتیی ئیسلامیزمی مۆدێرن یان پەیوەندیی بە سەرمایە، دەوڵەت و ئیمپریالیزمەوە ببینن.

## ئیسلام، ئایین و ئایدیۆلۆژیا

بەگشتی پەرتەوازەیی و ئاڵۆزیی لە دەسەڵاتی ئایین خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت. خەڵکی ئایینی چ باش و چ خراپ، ئەمە وەك هێزێکی لەڕاستیدا مێژوویی سەیر دەکەن. بیرکەرەوە ئازادەکان و بیرمەندە بۆرژوازییە دژەئایینییەکانیش هەر بەمجۆرە بیردەکەنەوە. بۆ ئەوان، جەنگان و شەڕکردن دژ بە نفوز و دەسەڵاتی دامەزراوە ئایینی و بیروباوەڕە تاریکەکان، تەنها ڕێگایەکە بۆ ئازادیی مرۆڤایەتی.

بەڵام ڕوون و ئاشکرایە دامەزراوەکان و بیروباوەڕە ئایینییەکان ڕۆڵیان لە مێژوودا هەیە. بەڵام ئەم ڕۆڵە لە کۆی واقیعی مادی و ماتریالی دابڕاو نییە. دامەزراوە ئایینییەکان بە چینە ڕۆحانییەکان و قوتابخانەکانییانەوە لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا دەرکەوتوون و مامەڵە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەدا دەکەن. بە گۆڕانی کۆمەڵگا ئەگەر بتوانن بۆ گۆڕانی بناغەکانی پشتیوانیی خۆیان ڕێگاگەلێك بدۆزنەوە ئەوا دەتوانن خۆیان بپارێزن. بۆ نموونە گەورەترین دامەزراوەی ئایینی دونیا، کڵێسای کاتۆلیکی ڕۆم، کە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەردەمی کۆن، بۆ مانەوە، خۆی لەگەڵ کۆمەڵگای فیودالیدا گونجاند و نزیکەی 1000 ساڵ بەردەوام بوو، پاشان بە هەوڵ و تەقەللای زیاترەوە توانی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگای سەرمایەداریشدا بگونجێنێت

که جێگەی بە فیودالیزم لەق کردبوو، بۆیە لەم پرۆسەیەدا بەشێکی گەورەی دۆکترین و ئامۆژگارییەکانی خۆی گۆڕی. بەگشتی خەڵك بەپێی پێگە ماتریالی و پەیوەندییەکانیان بەوانیدیکەوە و هەروەها ئەو ململانێیانەی پێیەوە سەرقاڵن، دەتوانن لێکدانەوەگەلێکی جیاوازییان بۆ بیروباوەڕە ئایینی و مەزهەبییەکانی خۆیان هەبێت. مێژوو پڕە لەو نموونانەی تیایدا خەڵك بە بیروباوەڕگەلێکی ئایینی بەڕادەیەك یەکسان لە ململانێ گەورە کۆمەڵایەتییەکاندا کەوتوونەتە دوو بەرەی مەیدانی خەبات و ململانێکەوە. نموونەکەیشی شۆکەکانی قەیرانی گەورەی فیودالیزمی سەدەکانی 16 و 17ی ئەوروپا، کاتێك لۆتەر، کاڵڤین و مۆنتزەر و زۆرێك لە ڕێبەرە "ئایینی"یەکانی دیکە بە تەفسیرکردنی دووبارەی دەقە موقەدەسەکانەوە، جیهانبینییەکی تازەیان پێشکەشی پەیڕەوکارەکانی خۆیان کرد.

لەم رووەوە، ئیسلام جیاوازیی لەگەڵ ئایینەکانی دیکەدا نییە. ئیسلام لەسەر زەمینەی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو دەرکەوت: لە کۆمەڵگای بازرگانیی عەرەبستانی سەدەی 7دا، کۆمەڵگایەك هێشتا بەشێوەیەکی سەرەکی سەر بە ڕێکخراوێکی خێڵەکی بوو. و لەو ئیمپراتۆرییانەی یەك بەدوای یەکدا هاتن و ئایینەکەیان قبوڵ دەکرد، ئیسلامیش گەشەیکرد. ئەمڕۆ وەك ئایدیۆلۆژیای ڕەسمی وڵاتە سەرمایەدارییە جۆربەجۆرەکان و (عەرەبستانی سعودی، سودان، پاکستان،

ئێران و هتد) و هەروەها ئەمە بناغەی فیکری زۆرێك لە بزووتنەوە ئۆپۆزیسیۆنەکان پێکدەهێنێت.

بەم هۆیەوە ئیسلام توانیویەتی لەم جۆرە کۆمەڵگا جیاوازانەدا درێژە بەمانەوەی خۆی بدات، کە توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ بەرژەوەندییە چینایەتییە جیاوازەکاندا هەبووە. بۆ بونیادنانی مزگەوتەکان و بەکارهێنانی مەلاکانی، گەلێك کۆمەکی دارایی گەورەی لە بازرگانەکانی عەرەبستان، بیرۆکراتەکان، زەویداران و بازرگانی ئیمپراتۆرە گەورەکان و بەرەکانی دیکەی پیشەگەرانی وڵاتانی سەرمایەداریی مۆدێرن وەرگرتووە. هەر لەم کاتەدا بە نیشاندانی پەیامی هاوسۆزیی خۆی بۆ بێبەشکراوان و هەژاران، پشتیوانی و وەفاداریی کۆمەڵانی خەڵکی بەرفراوانیشی بەدەست هێناوە. پەیامی ئیسلام هەمیشە لە مەودای نێوان بەڵێنی پشتیوانیکردنی بێبەشکراوان و پشتیوانیکردنی چینە چەوسێنەرەوەکاندا لە بەرانبەر بە لەناوبردنی شۆڕشدا، لەهاموشۆیەکی بەردەوامدا بووە.

ئیسلام دەڵێت دەوڵەمەندان دەبێت بۆ کۆمەککردن بە هەژاران 2/5 لەسەدی دارایی ئیسلامی (زەکات) بدەن و حاکمان دەبێت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە حوکمڕانی بکەن. پیاوان نابێت بەرانبەر بەژنەکانیان ڕەفتاری نەشیاو بنوێنن. لەلایەکی دیکەوە پێیوایە زەوتکردنی دارایی دەوڵەمەندەکان لەلایەن هەژارانەوە دزییە و سوورە لەسەر ئەوەی

نافەرمانیکردن و دەرچوون لە حکومەتی "حەق" تاوانە و یاسا دەبێت بە تەواوی دەسەڵاتی خۆیەوە ئەم نافەرمانییە سەرکوت بکات و سزای نافەرمانکاران بدات. هەروەها لە ئایینی ئیسلامدا ژن بەرانبەر بە پیاو مافێکی کەمتری لە زەواج، میرات و پاراستن و هێشتنەوەی منداڵەکانی لەدوای جیابوونەوەوە، هەیە. پەناگایەك بە مەحروم و بێبەشکراوان دەدات تاکو مەحرومتر نەبن و پەناگایەکیش بە دەوڵەمەندان دەدات تاکو لەساتی شۆڕشدا لەئاماندا بن و بەمجۆرە خزمی هەردوو لایەنەکەیەش. ڕێك وەك مەسیحییەت، هیندۆییزم و بوودابیزم هەم پەناگای بێ لانە و بێ نەوایانی جیهانە و هەم تلیاکی گەلانە.

بەڵام هەر کۆمەڵە بیروباوەڕێك تاکو پڕ نەبێت لە ئاڵۆزیی و ناڕوونیی، ناتوانێت وەها لەگەڵ زەوق و سەلیقەی چینە جیاوازەکاندا، بەتایبەت کۆمەڵگایەك لەساتی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا، بگونجێت. بیروباوەڕگەلێکی لەم چەشنە دەبێت بەڕووی لێکدانەوە جیاوازەکاندا کراوە بێت تەنانەت ئەگەر بەم هۆیەوە لایەنگرانی بەرەو جەنگێکی سەرتاپاگیریش ببات.

لە سەرەتادا ئیسلام بەمجۆرە بوو. دوای مردنی محەمەد لە ساڵی 632ی زایینی و دوو ساڵ دوای فەتحی مەککە، لەنێوان پەیڕەوانی یەکەم خەلیفەدا، ئەبوبەکر و پەیڕەوانی پسمامەکەی محەمەد، عەلی، ململانێ و ناکۆکی سەریهەڵدا.

عەلی دەیگوت بەشێك لە حوكمڕانی ئەبوبەكر زاڵمانە و ستەمكارانەیە. ناكۆكیی لەنێوان نەیارەكاندا بەرز بووەوە تاكو كار گەیشتە ئەوەی سوپا بجوڵێنرێت و دوو گروپەكە لە جەنگی جەمەلدا ڕووبەڕووی یەكتر ببنەوە، كە 10 هەزار كوژراوی لێكەوتەوە. جیابوونەوەی نوسخەی سوننە و نوسخەی شیعە لە ئیسلامدا، دەرەنجامی ئەم ناكۆكییە بوو و دیارە ئەمە یەكەم جیابوونەوە بوو لە جیابوونەوە و ئینشیقاقە زۆرەكاندا. گروپگەلێكی جۆراوجۆر دەركەوتن و دەیانگوت دەستەیەك خودانەناس ڕەنج و زەحمەت بۆ مەحرومان دەهێنن، و بەم هۆیەوە خوازیاری گەڕانەوە بوون بۆ ئیسلامی "پەتی"ی سەردەمی محەمەد. هەروەك ئەكبەر ئەحمەد دەڵێت:

"بەدرێژایی مێژووی ئیسلام هەمیشە ڕێبەرەكانی ئامۆژگاریی جووڵەیان بەرەو ئایدیالێك داوە... ئەوان بوونەتە زمانی بزووتنەوە سیاسیی، كۆمەڵایەتی و ئەتنیكییە پەراوێزخراوەكان... لە شیعەوە تا ئیسماعیلیی و تا بزووتنەوە هاوچەرخەكان، زەمینە بۆ جیابوونەوە بەرفراوانەكان لەبار و گونجاو بوو... مێژووی موسڵمانان پڕە لەو مەهدییانەی دژ بە دەسەڵاتی حاكمان یاخیبوونیان بەرپا كردووە و بەگشتی لەم ڕێگایەدا گیانی خۆیان لەدەست داوە... ڕێبەران بەگشتی لە جوتیارە هەژارەكان یان گروپە ئەتنیكییە مەحرومەكان بوون... بەكارهێنان و سوودوەرگرتن لە گوتاری ئیسلامیی

هەستی بێبەریبوونی لای جەماوەران بەرزکردووەتەوە و بووەتە هۆی بەهێزتربوونی بزووتنەوەکە"[7].

بەڵام تەنانەت ئیسلامی باڵادەستیش، لانیکەم لە فۆرمە جەماوەرییەکەیدا، کۆمەڵە بیروباوەڕێکی یەکگرتوو نییە. فراوانبوون و بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینە بۆ گرتنەوەی کۆی ناوچەکە لە کەنارەکانی ئەتلانتیك لە باکووری ئەفریقاوە تاکو کەنداوی بەنگال، ئەو کۆمەڵگا موسڵمانانەی گرتووەتە خۆی کە داب و نەریتی ئایینی کۆنی خۆیان هێناوەتە ناو ئیسلامەوە. ئەگەرچی بەشێکی ئەم کار و پراکتیکانە دژ بە پرەنسیپەکانی ئیسلامن. بەمجۆرە، ئیسلامی جەماوەریی پەرستنی کەسە پیرۆزە ناوچەییەکان و یان مانەوەی شوێنە پیرۆزەکانیش دەگرێتەخۆی، ئەگەرچی ئیسلامی سەلەفیی یان ئەرتەدۆکس ئەم کار و کردەوانە وەك شرك و سووکایەتیی بە موقەدەساتەکانیش سەیر بکات. و سۆفیزم دەردەکەوێت، هەرچەندە بە ڕەسمیی نەیاری ئیسلامی باڵادەست نییە، و پێداگریی لەسەر ئەزموونی عیرفانیی و نائاسایی دەکات، کە بۆ زۆرێك لە فەندەمێنتالیستەکان شایانی قبوڵکردن نییە[8]. لە بارودۆخێکی ئاوادا هەرجۆرە بانگهێشتێك بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمی محەمەد، لەڕاستیدا بەمانای پاراستنی ڕابردوو نایەت، بەڵکو گۆڕینی ڕەفتاری خەڵکە بۆ شتێکی سەرتاپا جیاواز.

ئەم پرسە بۆ بزووتنەوەی ڕابوونی ئیسلامی (Islamic

revivalism) له‌ میانه‌ی سه‌ده‌ی ڕابردوودا ڕاست بووه‌. ئه‌م بزووتنه‌وه‌یه‌ به‌دوای کۆتاییهێنان به‌ زاڵبوونی ماددی ئه‌وروپای سه‌رمایه‌دار و گۆڕینی کولتووری ئاسیا و ئه‌فریقای باکوور ده‌رکه‌وت. پێشه‌وایانی ئه‌م بزووتنه‌وه‌یه‌ ده‌یانگوت هۆکاری نشوستی کۆمه‌ڵگاکانی موسڵمانان له‌ناوچوونی به‌ها ڕه‌سه‌نه‌کانی ئیسلامه‌ له‌ئه‌نجامی ئه‌وه‌ی به‌دوای به‌رژه‌وه‌ندییه‌ دنیاییه‌کانی ئیمپراتۆره‌ گه‌وره‌کانی سه‌ده‌کانی ناوه‌ڕاست که‌وتوون. بزووتنه‌وه‌ی ڕابوون ته‌نها به‌ دووباره‌ ڕابوونێکی بنه‌ماکانی ڕۆحیی ئیسلام ده‌ستده‌دات و ده‌گونجێت ئه‌ویش ئه‌و بنه‌مایانه‌ی به‌ ده‌ستی هه‌ر چوار خه‌لیفه‌که‌وه‌ (خوله‌فای ڕاشیدین یان بۆ شیعه‌ له‌لایه‌ن عه‌لییه‌وه‌) داڕێژراون و خرابوونه‌ڕوو. بۆ نموونه‌، خومه‌ینی له‌م سیاقه‌دا بوو توانی کۆی مێژووی 1300 ساڵه‌ی ڕابردووی ئیسلام قێزه‌ون بکات:

”زۆر به‌داخه‌وه‌ ئیسلامی ڕاسته‌قینه‌ دوای ده‌رکه‌وتنی ته‌نها قۆناغێکی کورت به‌رده‌وام بوو. یه‌که‌م به‌نی ئومیه‌ [یه‌که‌مین زنجیره‌ی عه‌ره‌ب دوای عه‌لی] و پاشان عه‌باسییه‌کان [که‌ له‌ ساڵی 750 به‌نی ئومییه‌یان شکست پێهێنا] هه‌موو جۆره‌ زیانێکیان له‌ ئیسلام دا. دواتر پاشا حاکمه‌کانی ئێران هه‌ر ئه‌م ڕێگایه‌یان گرته‌به‌ر؛ ئه‌وان ته‌واو ئیسلامیان به‌لاڕێدا برد و له‌بری ئیسلام، شتێکی ته‌واو جیاوازییان له‌شوێنی دانا“[9].

که‌واته‌ ئه‌گه‌رچی ڕه‌نگه‌ ئیسلامیزم هه‌م له‌لایه‌ن لایه‌نگرانه‌وه‌ و هه‌م له‌لایه‌ن به‌ره‌ی نه‌یارانییه‌وه‌، وه‌ك ڕێباز و

دۆکترینێکی نەریتگەرا پێناسە بکرێت، ئەو دۆکترینەی لەسەر پاشەکشێپێکردنی جیهانی مۆدێرن وەستاوە، بەڵام لەڕاستیدا پرس و کێشەگەلێکی زۆر لەمە ئاڵۆزترن. بیناکردنی دووبارەی ڕابردوویەکی ئەفسانەیی تەنها بە وەلانانی سەرتاپای کۆمەڵگای ئێستا و باڵادەست نەوەستاوە، بەڵکو هەروەها دەبێت ئەوەش بونیاد بنێتەوە. وێڕای ئەمە، ئامانجی ئەم بونیادنانەوەیە ناکرێت و مەحاڵە کۆپیکردنەوەی هەمان ئیسلامی سەدەی 7 بێت. چونکە ئیسلامیستەکان هەموو تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای ئێستا ڕەت ناکەنەوە. بەڵکو بەگشتی، پیشەسازیی مۆدێرن، تەکنەلۆژیای مۆدێرن و بەشێکی گەورەی زانستەکانی ژێرخانی ئەوانە قبوڵ دەکەن – بەڵام دەڵێن ئیسلام وەك دۆکترینێکی عەقڵانیتر و ئازادتر لە مەسیحییەت، هاوهەنگاوترە لەگەڵ زانستە مۆدێرنەکاندا. و بەمجۆرە لەڕاستیدا ”ڕابەرانی ڕابوونی ئیسلامی“ بەدوای هێنانی شتێکەوەن کە پێش ئەمە هەرگیز بوونی نەبووە. شتێك ئاوێتەیەکە لە نەریتە کۆنەکان و فۆرمە مۆدێرنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.

واتا هەڵەیە ئەگەر دەستەواژەکەی سەرەوە زۆر بەسادەیی هەموو ئیسلامیستەکان بە ”دواکەوتوو“ لەقەڵەم بدەین و یان ”فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیی“ بەگشتی وەك جۆرێك فەندەمێنتالیزمی مەسیحیی سەیر بکەین، کە سەنگەر و باوەڕی بەرەی ڕاستی کۆماریخوازانی ویلایەتە

یەکگرتووەکانە. کەسانێکی وەك خومەینی و سەرانی گروپە موجاهیدینەکان لە ئەفغانستان و یان ڕێبەرانی بەرەی ڕزگاریی ئیسلامیی جەزائیر ڕەنگە لە گوتاری خۆیاندا پشت بە بابەتە نەریتییەکان ببەستن و یان نۆستالژیای ئەو گروپە کۆمەڵایەتیانەیان هەبێت کە خەریکن لەناودەچن، بەڵام لە هەمانکاتدا ڕەوت و ئاراستەگەلێکی ڕادیکاڵن، بەرهەمی کۆمەڵگایەکن کە سەرمایەداریی گۆڕیویەتی. ئۆلیڤەر ڕوا بە ئاماژەکردن بۆ ئیسلامیستەکانی ئەفغانستان، دەنووسێت:

”فەندەمێنتالیزم بەگشتی جیاوازە (لە نەریتگەرایی یان ترادیشناڵیزم)؛ گەڕانەوە بۆ کتێب و لەناوبردنی ئاڵۆزییەکانی کتێب گرنگییەکی ئەوتۆی بۆ فەندەمێنتالیزم هەیە. فەندەمنێتالیزم هەمیشە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ دۆخی ڕابردوو. خەسڵەتی فەندەمێنتالیزم خوێندنەوەی دەقەکان و گەڕانە بەدوای ڕەگ و ڕیشە و ڕەسەنێتیدا. دوژمنەکەی مۆدێرنیتە نییە، بەڵکو نەریت دوژمنەکەیەتی. و دەربارەی ئیسلام پێویستە بڵێین دوژمنەکەی، هەموو ئەو شتانەیە کە نەریتی پێغەمبەر نییە. ئەمە ڕیفۆرمیزمە...“[10].

ئیسلامی نەریتگەرا ئایدیۆلۆژییەکە دەیەوێت درێژە بەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە بدات کە سەرمایەداریی، لاوازی کردووە - یان لانیکەم، هەروەکچۆن دەربارەی بنەماڵەی شێخە باڵادەستەکانی سعودیەی عەرەبیی دەیبینین، ئایدیۆلۆژیایەکە بە ئامانجی شاردنەوەی گۆڕانی چینی حاکم

لەژێر سەمایەداریی مۆدێرندا، بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە. ئیسلامیزم ئەو ئایدیۆلۆژیایەیە کە ئەگەرچی لە هەندێك پرس و کێشەدا هاوڕای ئیسلامی نەریتگەرایە، بەڵام دەیەوێت کۆمەڵگا بگۆڕێت، هەڵبەت نەك بۆ هێشتنەوەی کۆمەڵگا لەسەر شێوەی ڕابردوو. بەم هۆیەوە تەنانەت وشەی ”فەندەمێنتالیزم“یش لەڕاستیدا هێندە بۆ ئەم لایەنە دەست نادات. وەك ئەبراهامیان باسی دەکات:

”تایبەتمەندیی ئاوەڵناوی ’فەندەمێنتالیزم‘ بریتییە لە دۆگم و نەگۆڕیی ئایینی، زەینی داخراو، نەریتگەرایی سیاسی، تەنانەت کۆنزەرڤاتیزمی کۆمەڵایەتی و سەنتراڵیتەی پرەنسیپە دۆکترینی-کتێبییەکان(یان کتێبە عەقیدەییەکان). ’فەندەمێنتاڵێزم‘ جیهانی مۆدێرن ڕەتدەکاتەوە“[11].

بەڵام لەڕاستیدا بزووتنەوەگەلێکی وەك بزووتنەوەکەی خومەینی لە ئێران لەسەر ”گونجانی ئایدیۆلۆژیانە و نەرمیی زەینی دامەزراون، سەرباری ناڕەزایەتیی سیاسی بەرانبەر بە سیستەمی جێگیر و کەڵکەڵەی مەسەلە سیاسییە کۆمەڵایەتییەکان کە نەیاریێتیی جەماوەری بەرانبەر بە دۆخی باڵادەست لێدەکەوێتەوە“[12].

جیاوازیگەلێکی ناڕوونی دیکەیش لەنێوان ئیسلامیزم و نەریتگەراییدا هەیە. مادام چەمکی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی لە زمانی ئایینیدا حەشاردراوە، ئەوا ئەگەری تەفسیرگەلی جۆراوجۆر بۆ ئەمە هەیە. دەکرێت مانای

کۆتاییهێنان بە "ڕەفتار و کردەوەی نزم" بێت، ئەویش لەڕێگای گەڕانەوە بۆ ئەو فۆرمانەی ڕەفتارکردن کە بە قەولی ئەوان بەر لەوەی ئیسلام بەدەستی ئیمپریالیزمی کولتوورییەوە "لەناوبچێت" بوونی هەبووە. پاشان پێداگریی لەسەر "حەیا"ی ژن دەکرێت لەگەڵ باڵاپۆشیی و کۆتاییهێنان بە تێکەڵکردنی "بەڕەڵاییانە"ی ژن و پیاو لە قوتابخانەکان و شوێنی کار و هەروەها دژایەتیکردنی مۆسیقای پۆپی خۆرئاوایی و هتد.

بۆیە یەکێك لە خۆشەویستترین ڕێبەرانی بەرەی ڕزگاریی ئیسلامیی جەزائیر، عەلی بلحاج نارەزایەتیی بەرانبەر "ستەمکاریی هێرشی کولتووری"ی بۆ موسڵمانان دەردەبڕێت:

"ئێمەی موسڵمانان باوەڕمان وایە جدیترین ستەمێك بەهۆیەوە ئازارمان چەشتبێت ستەم و چەوساندنەوەی فیزیکی نەبووە، ئێمە بۆ ئەمە ئامادەین... بەڵکو هەڕەشەیەکە بە دانانی یاسا شەیتانییەکان لەبری یاساکانی شەریعەت بەسەر موسڵماناندا دەسەپێنرێت...

ئایا ستەمێك هەیە زیاتر بێت لە بانگەشەی ئەو شتەی خوا حەرامی کردووە؟ ئەوان کارگەکانی دروستکردنی شەراب دادەمەزرێن، کارێکی شەیتانی و پۆلیسیش پارێزگاریی لەوان دەکات...

ئایا دەتوانن بیر لە ستەمێك بکەنەوە لەوەش زیاتر بێت کە ژنێك وەك نیشانەی نارەزایەتیی بەرانبەر بە "یاسای خێزان" لە مەیدانی گشتیدا لەچکەکەی بسوتێنێت و پیاوانی وەك ژن، نێرەموکەکان و خەسێنراوەکان پشتیوانیی لەو بکەن...

ئەمە توندوتیژیی نییە کە ئێمە دەمانەوێت ژن لەماڵەوە بمێنێتەوە. ئەمە توندوتیژیی نییە کە ژن لە فەزایەکی پڕ لە پاکیزەیی، ئارامی و خاکەڕایی لە ماڵەوە بمێنێتەوە و تەنها لە کاتە پێویستەکاندا نەبێت کە یاسادانەر دەستنیشانی دەکات بچێتە دەرەوەی ماڵ... خواستی جیاکردنەوەی کوڕ و کچ لە قوتابخانەکان و نەبوونی تێکەڵکردنێکی هێڵنجهێنەر کە ستەم و دەستدرێژیی سێکسی لێدەکەوێتەوە...“[13].

بەڵام هەستانەوە (Regeneration)ی کۆمەڵایەتی دەکرێت مانای سەرهەڵدانی ململانێ بێت لەگەڵ دەوڵەت و فاکتەرەکانی هەیمەنەی سیاسیی ئیمپریالیزم. لەبەر ئەوە ئیسلامیستەکانی ئێران گەورەترین ”ناوەندیی سیخوڕی“ی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست داخست و دەستیان بەسەر کونسوڵخانەدا گرت. حزب الله لە باشووری لوبنان و حەماس لە دەریاچەی خۆرئاوا و غەززە لە خەباتی چەکدارانەدا دژ بە ئیسرائیل ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبووە. بەرەی ڕزگاریی ئیسلامیی جەزائیر دژ بە جەنگی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ عێراقدا خۆپیشاندانێکی گەورەی ڕێکخست – ئەگەرچی بەهۆی ئەم کارەیەوە عەرەبستانی سعودی هەموو پشتیوانییە داراییەکانی بڕی. لە هەندێك بارودۆخدا، ڕابوون تەنانەت دەکرێت مانای پشتیوانیکردنی خەباتی پراکتیکیی دژ بە چەوساندنەوەی کرێکاران و جوتیارانی هەبێت – وەك موجاهیدین لە ئێران لەنێوان ساڵەکانی 1979 تاکو 1982.

ئاسایيە تەفسیرگەلێکی جیاواز بۆ لەدایکبوونەوە یان ڕابوونێکی کۆمەڵایەتی، سەرنجی چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. بەڵام دەربڕین و دەستەواژە ئایینییەکان دەبنە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی ئەم جیاوازییانە بناسێنرێن. تاکەکان لە گەرماوگەرمی خەباتکردندا دەتوانن ماناکان لەگەڵ یەکتریدا ڕێکبخەن، بۆیە خەبات دژ بە کەشفی باڵاپۆشیی ژنان وەك خەبات دژ بە کۆمپانیا نەوتییەکانی خۆرئاوا و هەژاریی قوڵی کۆمەڵانی خەڵك سەیر بکرێت. بەمجۆرە لە جەزائیری کۆتاییەکانی دەیەی 1980دا، بلحاج:

”بوو بە هاواری هەموو ئەوانەی شتێکیان بۆ لەدەستدان نەبوو... ئەو باوەڕی بە پاکترین فۆرمی کتێبیی ئیسلام هەبوو و دەیگوت دەبێت فەریزەکانی ئیسلام بە توندی و قورسی جێبەجێ بکرێن... بلحاج هەموو جومعەیەك لەگەڵ تەواوی دنیادا شەڕی دەکرد: جولەکەکان، مەسیحییەکان، زایۆنیستەکان، کۆمۆنیستەکان و عەلمانییەکان، لیبراڵەکان، ئەگنۆستیکەکان، حکومەتەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا، سەرانی عەرەب یان موسڵمانانی دەوڵەت، سەرانی خۆرئاواخوازیی حزب و ڕۆشنبیران. هەموو ئەمانە ئامانجی هێرشە حەفتانەییەکانی ئەو بوون“[14].

بەڵام لەپشتی ئەم بیروباوەڕە ئاڵۆزانەوە چەندین بەرژەوەندیی چینایەتیی ڕاستەقینە بوونیان هەبوو.

# بناغەی چینایەتیی ئیسلامیزم

ئیسلامیزم لەو کۆمەڵگایانەدا سەریهەڵدا کە بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەی سەرمایەدارییەوە شەکەت و تووشی تراوما هاتبوون – سەرەتا بەشێوەی هەیمەنەی ئیمپریالیزم و پاشان بەشێوەیەکی بەرفراوان بە گۆڕانی ناوەکیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە لەگەڵ خۆیدا چینی سەرمایەداری ناوچەیی دەرخست، و هەروەها بەشێوەی دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی سەرمایەداریی (کەپیتالیستی).

چینە کۆمەڵایەتییەکانی پێشوو شوێنی خۆیان بۆ چینە تازەکان چۆڵکرد. بێگومان ئەمە پرۆسەیەك نەبوو کە لە ساتێکدا و بەڕاشکاویی ڕوویدابێت. "ئەو گەشەکردنە پێکهاتەیی و ناهاوسەنگە" ڕوویدا، کە ترۆتسکی باسی دەکات. لە دەرەوە، کۆڵۆنیالیزم پاشەکشەی کرد. بەڵام دەسەڵاتە ئیمپریالیستییە گەورەکان – بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکان – هێشتا باسیان لە بەرکارهێنانی دەسەڵاتی سەربازیی خۆیان وەك ئامرازێك دەکرد بۆ دەستبەسەرداگرتنی گرنگترین سەرچاوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، واتا نەوت. لە ناوخۆدا، پارێزگاریکردن –و بەگشتی خاوەندارێتیی دەوڵەت گەشەکردنی ژمارەیەکی پیشەسازییە مۆدێرنە گەورەکانی لێکەوتەوە. بەڵام بەشە گەورەکانی پیشەسازییە "نەریتی"یەکان هێشتا لەسەر بناغەی کارگە بچووکەکان مانەوە کە تیایاندا خاوەنی کارگە بە ژمارەیەکی کەمی

کرێکار کە بەگشتی ئەندامانی خێزانەکەی خۆی بوون، کاری دەکرد. چاکسازییکردن لە زەوییەکاندا ژمارەیەکی جوتیارانی گۆڕی بۆ کشتوکاڵکەری مۆدێرنی سەرمایەدار - بەڵام زۆرێکی دیکەی بەبێ زەوی و یان بە زەوییەکی کەمەوە بەجێهێشت و ناچاری کردن بۆ دابینکردنی لانیکەمی بژێویی خۆیان لە کارگە بچووکەکاندا و یان لە بازاڕەکانی ناوچە فراوانبووەکانی کەناری شاردا کار بکەن. فراوانبوونی بەرچاوی سیستەمی پەروەردەیی بۆ زۆرێك لەوان خوێندنی ناوەندیی و زانکۆیی لێکەوتەوە، بەڵام دوای تەواوبوونی خوێندن دەستکەوتنی دەرفەتی کار لە بەشە مۆدێرنەکانی ئابووریدا بوونی نەبوو و سەرەنجام ئومێدی خۆیان چڕکردەوە لەسەر دۆزینەوەی ئیشێك لە بیرۆکراسیی دەوڵەتی و گوزەراندنی ژیانیان بە کاری بچووکی نارەسمی - شاگردیی بۆ دوکانداران، ڕێنماییکردنی گەشتیاران، فرۆشتنی بلیتی بەخت و شانس، شۆفێری تەکسی و هتد.

قەیرانە ئابوورییەکانی جیهان لە 20 ساڵی ڕابردوودا هەموو ئەم دژبەری و ناکۆکییانەی زەقتر کردەوە. ئابووریی نەتەوەیی بۆ پیشەسازییە مۆدێرنەکان زۆر کەمە و کارڕاپەڕاندنی ئەوان دابین ناکات. لەلایەکی دیکەوە، بەبێ پشتیوانیی دەوڵەت، ئابووریی جیهانیی بۆ ئەوان لەڕادەبەدەر کێبڕکێخوازانەیە و ناتوانن بەردەوام بن. بەگشتی، پیشەسازییە نەریتییەکان بەبێ پشتیوانیی دەوڵەت نەیانتوانیوە خۆیان مۆدێرنیزە بکەن و هەروەها ناتوانن لاوازیی پیشەسازییە مۆدێرنەکان لە دابینکردنی کار بۆ دانیشتووانی ڕوو بەگەشەکردووی شار قەرەبوو بکەنەوە.

بەڵام ژمارەیەکی کەمی پیشەسازیەکان توانیویانە پەیوەندیی لەگەڵ سەرمایە نێونەتەوەییەکاندا دابمەزرێنن و سەرەنجام زۆر زیاتر ناڕەزایەتیی بەرانبەر هەیمەنەی دەوڵەت بەسەر ئابووریدا دەردەبڕن. دەوڵەمەندە شارییەکان زۆر زیاتر کاڵاکانی خۆشگوزەرانی و ڕابواردن و جوانکاری کە لە بازاڕەکانی جیهاندا هەیە بێ گوێیانە ڕادەماڵن و بەمجۆرە تووڕەیی و ڕقی کرێکارانی کاتیی و بێکاران زیاتر دەکەن.

ئیسلامیزم هەوڵ و تەقەللایەك دەردەخات بۆ گونجان لەگەڵ ئەم دژبەریانەدا بەدەستی خەڵك کە بە بیروبۆچوونەکانی ئیسلامی نەریتیی پەروەردەکراون. هەموو سێکتەر و بەشەکانی کۆمەڵگا پشتیوانیی لە ئیسلامیزم ناکەن. هەندێك لە گروپەکانی کۆمەڵگا ئینتیمایان بۆ ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازیی سیکۆلار یان ناسیۆنالیستی مۆدێرن هەیە و هەندێکی دیکە بۆ جۆرێکی ئایدیۆلۆژیای سیکۆلاری مۆدێرنی چینی کرێکار. چوار گروپی کۆمەڵایەتیی جیاواز پشتیوانیی ڕابوونی ئیسلامیی دەکەن – و هەر یەکێکیان تەفسیری خۆیان بۆ ئیسلام هەیە.

یەك. ئیسلامیزمی چەوسێنەرە کۆنەکان: ئەمانە چینی خاوەن ئیمتیازی نەریتین کە لە پرۆسەی بەمۆدێرنکردنی کۆمەڵگادا ترسی لەدەستدانی ئیمتیازاتەکانی خۆیان هەبوو – بەتایبەت زەویدارەکان (بۆ نموونە ئەو ڕۆحانیانەی سەر بەو دەرامەتانەن کە لە بونیادە ئایینییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە)، بازرگانی نەریتی

سەرمایەدار، خاوەن دوکانەکان، خاوەن کارگە بچووکەکان. ئەم گروپانە بەگشتی سەرچاوە نەریتییەکانی پشتیوانیی دارایی بۆ مزگەوتەکان و ئیسلام وەك ڕێگایەك دەبینن بۆ بەرگریکردن لە ستایل و سیاقی سەقامگیریی ژیانی خۆیان و وەك ئامرازێکیش بۆ ڕازیکردن و قەناعەتپێکردنی ئەوانیدیکە لە ئیسلام دەڕوانن. ئەم گروپە بوو کە لە ئێران و جەزائیر لە میانەی چاکسازییەکانی زەویی دەیەکانی 1960 و 1970دا سەرچاوەگەلێکی دارایی پێویستییان بۆ ڕۆحانییەکان دەستەبەر کرد تاوەکو دژ بە بەرنامە و پرۆگرامی چاکسازییەکان بووەستنەوە.

دوو. ئیسلامیزمی چەوسێنەرە تازەکان: ئەمانە ئەو سەرمایەدارانەن کە بەگشتی لە گروپی یەکەمەوە هاتوون و سەرەڕای نارەزایەتییەکانی گروپەکانی سەر بە دەوڵەت، کەچی توانیوویانە لە کاروکاسبی و بزنسیی خۆیاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن. بۆ نموونە لە میسر، ئیخوان موسلمینی ئەمڕۆ، "ڕیشەکانی لەنێو بونیادی ئابووریی سەردەمی ئەنوەر سادات دایە. هەر لەو کاتەی هەموو سێکتەرەکانی ئابووریی میسر بەرەو سەرمایەداریی لەڕێساداماڵراو وەرچەرخا. عوسمان ئەحمەد عوسمان، ڕۆکفیلی میسر(Egyptian Rockefeller)2، هیچ کاتێك مەیل و ئینتیمای خۆی بۆ ئیخوان موسلمین نەشاردووەتەوە"[15].

---

2- بازرگان و خێرخواز

سەرکردایەتیی یەکێك لە ئەندامانی پێشووی پارتی خۆشگوزەرانیی تورکیا کە پارتی سەرەکیی کۆنزەرڤاتیڤە، پشتیوانییەکی زۆری سەرمایەکانی ناوەڕاستی هەیە. لە ئێران لە نێوان ئەو بازاڕیانەی دژ بە شا پشتیوانیی خومەینییان کرد گەورە سەرمایەدارەکان بوون کە حەزیان لە سیاسەتە ئابوورییەکان نەبوو چونکە وایان دەبینی لە بەرژەوەندیی نزیك و ئاشنایانی تەخت و تاجدا بوو.

سێ. ئیسلامیزمی هەژاران: گروپی سێیەم هەژارانی دێهاتەکانن کە گەشەسەندنی سەرمایەداریی کشتوکاڵی، بەشێوەیەکی نائومێدکەرانە ئەوانی بۆ شارەکان پەرتەوازە کرد تاکو بەدوای کاردا بگەڕێن. لە جەزائیر 8.2 میلیۆن دانیشتوانی دێهاتی تەنها 2 میلیۆن کەس سوودیان لە چاکسازییەکانی زەوی وەرگرت. ئەو شەش میلیۆنەی دیکە تەنها دوو بژاردەیان لەبەردەمدا بوو: یان لە دەوروپشتەکانی شار لە هەژارییەکی بەرفراواندا بمێننەوە یاخود بۆ گەڕان بەدوای کاردا بچنە نێو شارەکانەوە[16]. بەڵام لە شارەکاندا: "نزمترین گروپی بنچینەیی بێکارانن کە بە گشتی لە دێهاتییەکانی پێشوو دروست بوون و بەدوای کار و پێگەی کۆمەڵایەتیدا، ڕژاونەتە نێو شارەکانەوە... لە کۆمەڵگای دێهاتیی خۆیان دابڕێنراون بێ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بخرێنە نێو کۆمەڵگای شارییەوە"[17].

ئەم گروپە بێ ئەوەی مادییەکی دڵنیاکەرەوەیان

دەستبکەوێت و بگەن بە ژیانێکی سەقامگیر، ئەوا ئەو دڵنیایی و یەقینەیان لەدەست داوە کە لە شێوە ژیانی ڕابردووی خۆیاندا هەیانبوو و هەستیان پێدەکرد - ئەو دڵنیاییەی لەنێو کولتووری موسڵمانی نەریتیدا دەیانبینییەوە: "میلیۆنان جەزائیری، دۆشداماون لەنێوان ئەو نەریتەی چیتر وەفایان بۆی نەماوە و ئەو مۆدێرنیزمەی ناتوانن پێداویستییە مەعنەوی و نەریتییەکانی بەتایبەت گەنجانی تێدا ببیننەوە، چیتر هێڵێکی ڕێنیشاندەری ڕوون و ڕاشکاو بوونی نەماوە"[18].

لە بارودۆخێکی ئاوادا، تەنانەت جوڵانەوەی ئیسلامیی زەویدارەکانی سیستەمی کۆن دژ بە چاکسازییەکانی زەویی دەیەی 1970دا توانی سەرنجی دێهاتییەکان و دێهاتییەکانی کۆن بەلای خۆیدا ڕابکێشێت کە لە لادێکان وەدەرنرابوون. دەکرا بۆ دێهاتییەکان، چاکسازییەکانی زەوی ڕەمزی گۆڕانی لادێ و وێرانکردنی شێوەژیانی ڕابردوویان بێت. ئەگەرچی ئەو کاتەش لە هەژاریدا ژیابێتن. "ئیسلامیستەکان ڕوانگەیەکی تاقانەیان بۆ زەویدارانی پێشوو و دێهاتییە بێ زەوییەکان دەخستەڕوو: قورئان لێسەندنەوەی خاوەندارێتیی لەوانیدیکە مەحکوم کردبوو؛ و ئامۆژگاریی دەوڵەمەندان و ئەوانەی دەکرد کە بەپێی "سوننەت" حوکمڕانیی دەکەن، بەرانبەر بەوانیدیکە بەخشندە بن"[19].

لە دەیەی 1980دا، کاتێك قەیرانی ئابووری ململانێی نێوان کۆمەڵانی خەڵکی هەژار و لەسەدا یەکی نوخبەیەك

که بەسەر دەوڵەت و ئابووریدا باڵادەست بوون، زیاتر کرد، ئیسلامیزمیش بوو بە ڕووخسارێکی مەحبوب و خۆشەویست. سامان و شێوەژیانی خۆرئاوایی حاکمان لەگەڵ بانگەشەکانیان لەسەر بردنی میراتی خەباتی ڕزگاریخواز دژ بە فەڕەنسادا نەدەهاتەوە. بۆ دێهاتییەکانی پێشوو، کارێکی ئاسانتر ئەمە بوو کە هۆکاری بەدبەختییەکانیان ببەستنەوە بە ڕەفتار و کردەوەی "نائیسلامیی" ئەم نوخبانەوە.

بەمجۆرە لە ئێراندا، تەنها کەمینەیەکی دێهاتییەکان سوودیان لە گۆڕانکاریی سەرمایەداریی کشتوکاڵیی بەرنامە چاکسازییەکانی زەویی شا لە دەیەی 1960دا وەرگرت، لەکاتێکدا بۆ کۆی دێهاتییەکان، هەلومەرجەکە بەراورد بەڕابردوو نەك باشتر نەبوو، بگرە زۆر خراپتریش بووبوو. چاکسازییەکانی زەوی، دوژمنایەتیی دانیشتوانیی دێهاتیی و هەژارانی تازەی هاتوو بۆ نێو شارەکان بەرانبەر بە دەوڵەت زیاتر کرد و - لەبەرئەوەی هێزە ئیسلامییەکان دژ بە چاکسازییەکانی زەوی بوون، ئەوا ئەم دوژمنایەتی و نەیارییە ڕووبەڕووی ئەوان نەبوو. بەمجۆرە بوو کاتێك شا بۆ نموونە لە ساڵی 1962دا دژ بە هەندێك لە دەموچاوە ئاینییەکان هێزی دەوڵەتی بەکارهێنا، لەنێوان بەشێکی گەورەی خەڵکدا، نارەزایەتییەکی بەرفراوان سەریهەڵدا.

"کردنەوەی ئابووریی" میسر بەڕووی بازاڕەکانی جیهاندا لەو ڕێککەوتنەی لە میانەی دەیەی 1970دا لەگەڵ سندووقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی بەسترا، هەلومەرجی ژیان و

باری کۆمەڵانی خەڵکی بەرفراوانی دێهاتییەکان و دێهاتییەکانی پێشوو، خراپتر کرد، و بەمجۆرە شەپۆلێکی نارەزایەتیی لەنێوان ئەواندا سەریهەڵدا. و چاکسازییەکانی زەوی کە دوای کودەتای 1978 پارتی دیموکراتیی جەماوەری ئەفغانستان (پارتی کۆمۆنیست) و گەیشتن بە دەسەڵات ئەنجام درا، ژمارەیەك نارەزایەتیی خۆرسکی لە سەرتاپای بەشە دێهاتییەکانی بەدوای خۆیدا هێنا:

"چاکسازییەکانی زەوی بێ ئەوەی بەدیلێك زەق بکاتەوە و بیناسێنێت، کۆتایی بە شێوە و مۆدێلە نەریتییەکانی کار هێنا، کە بەپێی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان رێکخرابوون. ئەو زەویدارانەی زەوییەکانی خۆیان لەدەستدا بوو چاوەرێ بوون تاکو تۆو لەنێو کێڵگەکانی خۆیاندا دابەش نەکەن؛ ئەوانەی پێشوو قەرزیان دەدا، ئێستا خۆیان لەم کارە بەدوور دەگرن. پلان و بەرنامەگەلێك بۆ دامەزراندنی بانکێك بۆ گەشەی کشتوکاڵ و رێکخراوێك بۆ چاودێریی بەسەر دابەشکردنی تۆودا بوونی هەبوو، بەڵام دوای پیادەکردنی چاکسازییەکان هیچ یەکێك لەمانە نەخرانە بواری جێبەجێکردنەوە... و بەمجۆرە دەکرا ئەمە بەو جۆرە لێکبدرێتەوە کە لە ئەنجامی ئەم چاکسازییانەوە دابەشکردنی تۆو بەسەر دێهاتییەکاندا وەستێنرا... چاکسازییەکان هەر تەنها بونیادی ئابووریيان وێران نەکرد، بەڵکو چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی بەرهەمهێنانیشیان تەفروتونا کرد... بەم هۆیەوە جێگای سەرسورمان نییە ئەگەر لەبری ئەوەی لە سەدا 98ی

خەڵك دژ بە لە سەدا 2ی چینە چەوسێنەرەکان بووەستنەوە، چاکسازییەکان بوونە هۆی یاخیبوون و ڕاپەڕینی لە سەدا 75ی ناوچە دێهاتییەکان. هەروەها کاتێك ئیتر وادەردەکەوت کە سیستەمی نوێ کار ناکات، ئەو دێهاتییانەش کە سەرەتا چاکسازییەکانیان قبوڵ کردبوو، ئیتر وایان بەباش دەزانی بگەڕێنەوە سەر سیستەمی پێشوویان“[20].

بەڵام ئەوە تەنها دژایەتیکردنی دەوڵەت نەبوو کە دێهاتییەکانی پێشوویان بۆ قبوڵکردنی پەیامی ئیسلامیستەکان ساز و ئامادە کرد. بۆ ئەو خەڵکانەی لە شارە تازە و غەریبەکاندا دووچاری سەرلێشێوان و بزربوون هاتبوون، مزگەوت بە پێدانی فۆرمە سەرەتاییەکانی خزمەتگوزارییەکان (عەیادە، قوتابخانە و هتد) کە دەوڵەت ئەمانەی دابین نەدەکرد، بووبوو بە ناوەندیی کۆمەڵایەتیی کۆبوونەوەی ئەو خەڵکانە. بەمجۆرە بوو کە گەشە و فراوانبوونی شارەکان لە دەیەکانی 1970 و 1980دا هاوکات بوو لەگەڵ بەرفراوانبوون و زیادبوونی بەرچاوی ژمارەی مزگەوتەکان: ”هەموو شتێك بەمجۆرە چووە پێشەوە کە لەکارکەوتنی سیستەمی پەروەردەیی، تەعریب (بەعەرەبیکردن یان Arabisation)، نەبوونی بونیادە کولتوورییەکان و بەتاڵیی، نەبوونی فەزا و شوێن بۆ ئازادییە گشتییەکان و کەمیی شوێنی نیشتەجێبوون، هەزاران کەسی بەتەمەن و منداڵ و لاوی بە مزگەوتەکان سپارد“[21].

بەمجۆرە، ئەو پشتیوانییە داراییەی لەلایەن ئەوانەوە

دەهات، کە بەرژەوەندییەکانیان بەتوندی لە بەرانبەر بەرژەوەندیی جەماوەردا بوو - چینی زەویدارانی پێشوو، دەوڵەمەندە تازەکان و یان دەوڵەتی سعودیە - پەناگای ماددیی و کولتوورییان بۆ هەژاران دابینکرد. "هەموو کەسێك لە مزگەوتدا – لە بۆرژوازیی نوێ یان کۆنەوە تاکو فەندەمێنتالیست و کرێکاری کۆمپانیایەك - ئەگەری وێناکردن و بەدیهاتنی پلانەکان، ئارەزووەکان و ئومێدەکانی خۆی دەبینییەوە"[22].

بەڵام ئەم مەسەلەیە دابەشکارییەکانی ناو مزگەوتەکانی لەناو نەبرد. بۆ نموونە، لە جەزائیر، لەنێوان ئەو کەسانەی لە سیاقە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکانەوە هاتبوون و هەر ئەم مەسەلەیە بووە هۆی ئەوەی تاکو ڕوانین و نیگایان بۆ مزگەوتەکان لەگەڵ یەکتریدا جیاواز بێت، گەلێك پۆلێنبەندیی بوونیان هەبوو. بۆ نموونە پرس و کێشە لەسەر ئەوە هەبوو ئایا دەبێت ئەو کۆمەکانە قبوڵ بکرێن کە لە سەرچاوە "حەرام"ـەکانەوە هاتوون یان نا. "لەڕاستیدا کەم ڕوویدەدا کۆمیتەیەکی ئایینی، بە ڕێککەوتنی ڕێبازیی یەکێتیی خوایی کە "موزن"ـەکان بەردەوام باسیان دەکرد، بتوانێت دەرەقەتیی بەڵێنەکانی خۆی بێت. ئەو بەڵێنانەی بەگشتی دوو ساڵ جارێك دیاری دەکران"[23]. بەڵام ئەم پۆلێنبەندییانە لەنێو ماسکە ئایینییەکاندا پەردەپۆش دەکران – و بەربەستێکیش نەبوون لە بەرانبەر زۆربوون و گەشەی مزگەوتەکان و زیادبوونی نفوزی ئیسلامیزم.

چوار. ئیسلامیزمی چینی ناوەڕاستی نوێ: نە چینە چەوسێنەرە "نەریتی"یەکان و نە جەماوەرە هەژارکەوتووەکان، هیچ یەکێکیان فاکتەریی سەرەکیی پاراستنی ئیسلامی سیاسیی ڕابوونخواز نین – واتا ئەو کادیرە چالاکانەی بانگەشە بۆ ئەو دۆکترینە دەکەن و لەڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنەکانیاندا، بەرگەی مەترسیی برینداربوون، زیندانی و مەرگ دەگرن.

جەوهەری چینە چەوسێنەرە نەریتییەکان، کۆنزەرڤاتیڤانەیە. ئەوان ئامادەن کۆمەکی دارایی بکەن تاکو ئەوانیدیکە بجەنگن و شەڕ بکەن – بەتایبەت کاتێك بابەتەکە پەیوەندیی بە بەرگریی لە بەرژەوەندییە ماددییەکانیانەوە هەبێت. ئەوان لە سەرەتاکانی دەیەی 1970دا لە جەزائیر لە بەرانبەر بە چاکسازییەکانی زەویدا بەمجۆرە دەجوڵانەوە؛ کاتێك ڕژێمی بەعسی سوریا لە بەهاری 1980 دەستدرێژیی کردە سەر بەرژەوەندییەکانی بازرگانەکان و دەوڵەمەندەکان[24]. و لە ئێران کاتێك بازاڕیانی بچووك و بازرگان ڕووبەڕووی هێرشی شا بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان لە 1976-1978 و هەڕەشەی چەپەکان لە ساڵەکانی 1979-1981 بووبوونەوە، بەمجۆرە دەجوڵانەوە. بەڵام دەیانەوێت ئاگایان لەوە بێت کە بەم کارانە کاروکاسبی و بزنس و گیانی خۆیان نەخەنە مەترسییەوە. بەم هۆیانەوە بە سەختی دەکرێت وێنای ئەوە بکەین ئەمانە هەر ئەو هێزانە بووبێتن کە جەزائیر و میسریان پارچە پارچە کرد، سەرتاپای شاری حەما لە سوریا یاخیبوون و لە لوبنان دژ بە

سەربازانی ئیسرائیلی و ئەمریکی، چەندین هێرشی خۆکوژییان ئەنجامدا و هەروەها بوونە هۆی ئەوەی تاکو شۆڕشی ئێران زۆر ڕادیکاڵتر بێت لەو شتەی بۆرژوازیی ئێرانی خوازیاری بوو.

لە راستیدا هێزێکی ئاوا لە چینی چوارەمەوە دێت؛ چینێکی سەرتاپا جیاواز؛ بەشێك لە چینی ناوەڕاستی نوێ کە لە ئەنجامی مۆدێرنیزاسیۆنی سەرمایەداریی جیهانی سێیەمەوە دەرکەوت.

لە ئێران، ئەندامانی هەر سێ بزووتنەوەی ئیسلامیستیی، کە لە ساڵەکانی سەرەتای شۆڕشدا باڵادەستبوون بەسەر سیاسەتەکانی ئێراندا، سەر بەم چینە بوون. ڕاپۆرتەکەی خوارەوە پشتیوانیی یەکەمین سەرۆك وەزیرانی ئێران دوای شۆڕش، واتا [مەهدی] بازرگان، پیشان دەدات:

"لەگەڵ فراوانبوون و زیادبوونی سیستەمی پەروەردەیی لە دەیەکانی 1950 و 1960دا گروپگەلێکی زیاتر لە خەڵکی چینی ناوەڕاستی نەریتیی، ئیمکانی چوونە نێو زانکۆکانی وڵاتیان بەدەستهێنا. ئەوانەی تازە چووبوونە ناو ئەکادیمیاوە، ڕووبەڕووی ئەو دامەزراوانە بووبوونەوە کە لەژێر هەیمەنە و دەسەڵاتی نوخبە بەڕۆژئاواییبووەکان (Westernised) و سەر بە سیستەمی کۆن بوو. بەم هۆیەوە بە توندیی هەستیان بەوە کرد کە دەبێت ئەم پرسە بۆ خۆیان بکەنە بیانوو کە بۆچی هێشتا ئیمانیان بە ئیسلام هەیە. خوێندکاران چوونە پاڵ ئەنجوومەنی خوێندکارانی موسڵمانان [کە بازرگان و ئەوانیدیکە بەڕێوەیان دەبرد] ... و ئەم ئەندازیارە تازانە دوای چوونە نێو

ژیانی پیشەییەوە، بەگشتی چوونە پاڵ ئەنجوومەنی ئیسلامیی ئەندازیارانەوە، کە بازرگان دایمەزراندبوو. پشتیوانیکردنی کۆمەڵایەتیی واقیعی و سیستەماتیك لە بازرگان و مۆدێرنیزمی ئیسلامیی ئەو تۆڕە بوو کە ئەم ئەنجوومەنانە دایانمەزراندبوو... دیاریبوون و بەرچاوبوونی بازرگان و تاڵەقانی [بەهۆی] ئەو پێگە و شوێنەوە بوو کە ئەم دووانە بەوانەیان دەدا کە لە چینە ناوەڕاستە نەریتییەکانەوە دەهاتن. و ئەمە وەك پێداگریی و جەختکردنەوەیەك بوو لەسەر شوناسی ئەو ئەندامانە لە کۆمەڵگایەکدا کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە لەژێر دەسەڵاتی نوخبەی مولحید، خۆرئاواخواست و گەندەڵدا بوو"[25].

ئەبراهامیان لە باسێکدا دەربارەی موجاهیدینی خەڵقی ئێران دەنووسێت: "زۆرێك لەو لێکۆڵینەوانەی کراون دەربارەی یەکەم ساڵەکانی شۆڕشی ئێران باس لە ئینتیمای 'بێبەشکراوان' بۆ ئیسلامی ڕادیکاڵ دەکەن. بەڵام دەبێت بڵێین بەگشتی ئەوە بێبەشکراو و مەحرومەکان نەبوون کە بناغەکانی موجاهیدینیان دامەزراند؛ بەڵکو ئەمە بەشێکی زۆر بەرفراوانی چینی ناوەڕاستی نوێ بوو، هەر ئەوانەی دایك و باوکیان بەشێك بوون لە وردەبۆرژوازیی نەریتیی، کە بناغە کۆمەڵایەتییەکانی موجاهیدینیان پێکدەهێنا". پاشان ئەبراهامیان بۆ سەلماندنی بانگەشەکەی خۆی چالاکییە پیشەییەکانی موجاهیدین هەڵدەسەنگێنێت کە لە سەردەمی شادا ڕاگیرابوون و لەسەردەمی خومەینیدا سەرکوتکرابوون[26].

بەگشتی وابیردەکرێتەوە کە هێزی سێیەمی ئیسلامیی، هەمان حزبی سەرکەوتووی کۆماری ئیسلامیی خومەینی، کە دواجار پاکتاوی نەیارەکانی خۆی کرد، لەو ڕۆحانیانە پێکهاتبوو کە سەر بە سەرمایەدارانی نەریتیی "بازاڕ" بوون. مەنسوور موعەددەل ئەوەی دەرخستووە کە زیاتر لە نیوەی نوێنەرانی حزب لە پیشەوەرە ئازادەکان، مامۆستایان، کارمەندانی دەوڵەت و یان خوێندکاران پێکهاتبوون – ئەگەرچی یەك لەسەر چواریان لە خێزانی بازاڕیان بوون[27]. و بەیات ئاماژەی بەوە کردووە کە ڕژێم بۆ هەرەسپێهێنانی سەندیکا کرێکارییەکان لە کارگەکاندا، دەیتوانی سوود لەو ئەندازیارانە وەربگرێت کە لەوێدا کاریان دەکرد[28].

ئازەر تەبەری دەنووسێت، دوای لەناوبردنی شا، ژنانێکی زۆر لە شارە جیاوازەکاندا پشتیوانیی باڵاپۆشیان کرد و دژ بە چەپ لە ڕیزی هەوادارانی خومەینیدا دەوەستان. تەبەری دەڵێت ئەوان لەو بەشەی چینی ناوەڕاستەوە دەهاتن کە یەکەم نەوە بوو ئەزموونی پرۆسەی "تێکەڵکردن لە کۆمەڵ"دای دەکرد. بەگشتی ئەم ژنانە سەر بە خێزانەکانی وردەبۆرژوازیی نەریتیی بوون. باوکانیان بازرگانی بازاڕ، کاسب و دوکاندار و هتد بوون. خێزانەکیانیان دوای بەپیشەسازیکردن ڕووبەڕووی کەمبوونەوەی دەرفەتە نەریتییەکان بۆ بەدەستهێنانی دەرامەت بووبوونەوە و ئەوان بەناچاری چووبوونە نێو خوێندنی باڵاوە. بۆ ئەوان لە پێگەگەلێکی وەك پەرستاری و مامۆستاییدا، شوێن و پێگەی کار

بوونی هەبوو. بەڵام "ئەم ژنانە ناچاربوون ئەزموونی بەگشتی ئازاردەر و تراوماتیکی یەکەمی پیادەکراوی نەوە بکەن":

"کاتێك ژنە لاوەکان لەو خێزانانەوە چوونە نێو زانکۆکانەوە یان لە نەخۆشخانەکاندا دەستیان بەکار کرد، هەموو ئەو چەمکە نەریتییانە کەوتنە بەردەم هێرشی ڕۆژانەی ژینگەی دەوروبەرەوە کە پێی "نامۆ" بوون. ئەو ژینگەیەی ژنان لەتەنیشت پیاوان لە شوێنێکدا بەیەکەوە بوون، باڵاپۆش نەبوون و لەهەندێك بواردا، وەك دوایین مۆدێلە ئەوروپییەکان جلوبەرگیان لەبەردەکرد. بەگشتی ئەم ژنانە لەنێوان بەها قبوڵکراوەکانی خێزانەکانیان و فشاری ژینگەی نوێ تووشی کەرت کەرتبوون هاتبوون. نەدەیانتوانی لە ژینگەی کاردا باڵاپۆش بن و لەماڵەوەشدا نە دەیانتوانی لەچکەکە لەسەریان لابەرن".

وەڵامێکی بەرفراوان بۆ ئەم جۆرە فشارە دژبەر و پارادۆکسانە "گەڕانەوە بوو بۆ ئیسلام" "کە لە ئامادەکردنی جەماوەری بەرفراوانی ئەو ژنانەی بە مەبەستەوە بەشێوەیەکی باڵاپۆش لە خۆپیشاندانەکاندا بەشداریان دەکرد" درایەوە. تەبەری پێیوایە ئەم وەڵامە دژایەتییەکی سەرسوڕهێنەری لەگەڵ وەڵامی ئەو ژنانەدا هەبوو کە لەو خێزانانەوە هاتبوون بۆ دوو یان سێ نەوە دەبوو لەنێو نەوەی چینی ناوەڕاستی تازەدا تێکەڵ بووبوون. ئەو ژنانەی وەك چەپ و یان لیبرِاڵ دەناسران و دژ بە باڵاپۆشین دەوەستانەوە"[29]. ڕوا دەربارەی ئەفغانستان دەنووسێت:

”بزووتنەوەی ئیسلامیست لەنێو بەشە مۆدێرنەکانی کۆمەڵگاوە لەدایکبوو و بەو ڕەخنانەی لە بزووتنەوە جەماوەرییەکانی پێش خۆی گرتبووی، گەشەیکرد. ئیسلامیستەکان، ڕۆشنبیران خۆیانن. بەرهەمی مەیدانی داگیرکراوی مۆدێرنی نێو کۆمەڵگای نەریتی؛ ڕیشە کۆمەڵایەتییەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ شوێنێك کە ئێمە پێیدەڵێین بۆرژوازیی دەوڵەتی- بەرهەمی سیستەمی پەروەردەیی دەوڵەتی کە تەنها خزمەتی دەزگای دەوڵەتی پێدەکرا... ئیسلامیستەکان بەرهەمی سیستەمی پەروەردەیی دەوڵەتین. ژمارەیەکی زۆر کەمی ئەوان لە بوارە هونەرییەکاندا خوێندوویانە. ئەوان لە فەزای زانکۆدا پەیوەندییەکی حولحولییان لەگەڵ ”عولەما“ [لێکۆڵەرە ئایینییەکان]دا هەبوو و نەدەچوونە نێویانەوە، بەڵکو ئەگەرچی بەتوندی نەیاری کۆمۆنیستەکانن، کەچی دەچنە نێو ئەوانەوە. ئیسلامیستەکان بیروباوەڕی هاوبەشی زۆریان لەگەڵ عولەمادا هەیە، بەڵام بیرکردنەوەی ئیسلامیستی لەپەیوەندیدا بە ئایدیۆلۆژیا گەورەکانی خۆرئاواوە گەشەیکردووە - ئەوان ئەم ئایدیۆلۆژیانە بە هەڵگری فاکتەری گەشەکردنی تەکنیکیی خۆرئاوا سەیردەکەن. پرسەکە بۆ ئیسلامیستەکان گەشەکردنی ئایدیۆلۆژیایەکی مۆدێرنە لەسەر بنەمای ئیسلام و ئەم ئایدیۆلۆژیایە بۆ ئەوان تەنها ڕێگای ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ دنیای مۆدێرن و باشترین ئامرازە بۆ وەستانەوە بەڕووی ئیمپریالیزمی دەرەکیدا“[30].

له جەزائیر، گرنگترین مەیدانی ڕاکێشان و هێنانی ئەندام بۆ پارتی ڕزگاریی ئیسلامی لەنێو قوتابیان و خوێندکارانی عەرەبیزماندا (لە بەرانبەر بە قوتابیان و خوێندکارانی فەڕەنسیزماندا) بووە و ئەو بەشە گەورەیەی لاوان کە دەیانەوێت خوێندکار بن، بەڵام ناتوانن:

"پارتی ڕزگاریی ئیسلامی ئەندامەکانی خۆی لە سێ سێکتەرەوە دەهێنێت: چینی ناوەڕاستی بازرگان کە زۆرێك لەوان تەواو دەوڵەمەندن، جەماوەری لاوان، کە بێکارن و نەیانتوانیوە درێژە بە خوێندن بدەن (ئەمانە لۆمپەنی پرۆلیتاریای شەقامی نوێیان پێکهێناوە) و گروپی سێیەم کە چینێکی ڕۆشنبرانی عەرەبیزمانن، کە لە بونیادی چینایەتیدا ئینتیمایان بەرەو ئاستی سەرەوە هەیە. دوو گروپی دواتر گرنگترین و پڕنفوزترین و هەروەها سوورترینن. عەلی بلحاج و عەباسی مەدەنی ڕێبەرانی فیکریی ئەوانن[31].

ڕۆشنبیرانی ئیسلامی کە هەیمەنەیان بەسەر کۆلیژەکانی تیۆلۆژیا و زمانی عەرەبیی زانکۆکاندا هەیە، توانیویانە گەلێك پیشە و کار بۆ خۆیان دابین بکەن. و لەم ڕێگایەوە کۆنتڕۆڵی زۆرێك لە پێگە پیشەییەکانیان کردووە وەك ئیمام و خەتیبی مزگەوتەکان و یان مامۆستای ئامادەییەکان. ئەوان تۆڕێکیان پێکهێناوە و لەڕێگای ئەو تۆڕەوە ئیسلامیستگەلێکی زیاتریان لەم پۆستانەدا داناوە و هەروەها بیروباوەڕی ئیسلامیستی لەنێو نەوەی نوێی خوێندکاراندا بڵاو دەکەنەوە. و ئەمانە توانای

ئەوەیان بەوان بەخشیوە تاكو نفوزیان لەسەر ژمارەیەكی زۆری لاوان هەبێت.

ئەحمەد ڕەوادیا دەنووسێت گروپە ئیسلامیستەكان لەمیانەی دەیەی 1970 بەدواوە گەشەیانكردووە؛ بە پشتیوانیی خوێندكارانی عەرەبیزمانی زانكۆكان كە لاوازییان لە قسەكردنی فەڕەنسیدا بە ڕەوانی، وایكردووە نەگەن بە پیشەگەلی ئیداریی، بواری پیشەیی سەر بە تەكنەلۆژیای پێشكەوتوو و بەڕێوەبەری باڵا و گشتی[32]. بەمجۆرە بوو كە لەنێوان دەیەی 1980دا كاتێك بەڕێوەبەری زانكۆی كۆنستانتین تۆمەتباركرا بەوەی ڕێگەیداوە زمانی فەڕەنسی وەك زمانی باڵادەست لە كۆلیژەكانی تەكنەلۆژیا و زانستەكاندا بمێنێتەوە، سوكایەتیی بە "پێگەی زمانی عەرەبی" كردووە و خۆی وەك "كۆلۆنیالیستێكی فەڕەنسیی بەوەفا" دەرخستووە، ناكۆكی و دژایەتییەكی ناڕوون و تاریك سەریهەڵدا[33]:

"ئەو عەرەبیزمانانەی چەندین لێهاتوویی و شارەزایی كاركردنیان هەیە لە بەشە سەرەكییەكانی ئابووریدا مەحرومكراون و لە خزمەتكردن بێبەریكراون. بەتایبەت لەو پیشەسازییانەی پێویستیی بە زانینی تەكنیكی و زانینی زمانە دەرەكییەكان هەیە... عەرەبیزمانان، تەنانەت ئەگەر چەندین دیپلۆمی پێویستیشیان هەبێت هێشتا ناتوانن شوێنێكییان بۆ كاركردن لەنێو پیشەسازیی مۆدێرندا هەبێت. زۆرێك لەوان، دواجار مزگەوت دوا مەنزڵگایان دەبێت"[34].

خوێندکاران، دەرچووانی عەرەبیزمان، و گرنگتر لە هەمووان، خوێندکارانی پێشوو، کە ئێستا بێکارن، پردێکن بۆ ژمارەیەکی زۆری لاوانی ناڕازیی دەرەوەی زانکۆکان. ئەو خوێندکارانەی دەبینن سەرەڕای گوزەرانی ساڵەهای ساڵ لەنێو سیستەمی پەروەردەییدا بێکار و لاتن، کەچی ئێستاش شوێنێکیان لەنێو زانکۆکاندا نییە. بەمجۆرە، سەرباری ئەوەی ئێستا نزیکەی یەك ملیۆن خوێندکار لە ئاستی ناوەڕاستدا سەرقاڵی خوێندنن، چوار لەسەر پێنجی ئەوان ئومێدیان بە وەرگرتنی شەهادە نییە – بەڵگەیەك بۆ چوونە نێو زانکۆوە – و دەزانن لەنێو پەراوێزیی بێکاریدا ژیانێکی بێ ئاساییش چاوەڕوانیانە"[35].

"فەندەمێنتالیزم [ئیسلامیزم] دەسەڵاتی خۆی لە نائومێدییە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەردەگرێت کە بەشێکی گەورەی لاوان دەست و پەنجە لەگەڵ ئەم نائومێدییەدا نەرم دەکەن؛ ئەو لاوانەی لەلایەن سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە فەرامۆش و ئیهمال دەکرێن. پەیامی [ئیسلامیزم] سادەیە: ئەگەر هەژاریی، زەحمەت و نائومێدیی هەبێت، بەم هۆیەوەیە کە ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، ڕەوایەتیی خۆیان لە "شورا" [ڕاوێژ consultation] وەرناگرن، بەڵکو بەزەبر ڕەوایەتی و مەشروعیەتی خۆیان وەردەگرن... بە نوێبوونەوەی ئیسلامی ساڵەکانی سەرەتا، ناعەدالەتییەکان نامێنن"[36].

لەگەڵ ئەوەشدا ئیسلامیزم بە نفوزی خۆی لەنێو توێژێکی بەرفراوانی خوێندکاران، دەرچووان و ڕۆشنبیرانی بێکاردا،

توانیوویەتی لە پەراوێزی شار و کەلاوەنشینەکان و شارۆچکە هەژارەکاندا، ئەو شوێنەی جوتیارانی پێشوو تیایدا دەژیان، بیروباوەڕەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە. ناکرێت ناو لە بزووتنەوەیەکی ئاوا بنرێت "کۆنزەرڤاتیڤ". لاوە دەرچووە عەرەبیزمانەکان بەهۆی پاراستنی دۆخی باڵادەست پەنا بۆ ئیسلام نابەن، بەڵکو بەو هۆیەوە پێیانوایە ئیسلام موژدەی گۆڕانکارییەکی سەرەکیی کۆمەڵایەتیی پێیە[37].

بزووتنەوەی ئیسلامیست لە میسری سەرەتادا 65 ساڵ پێش ئەو کاتەی حەسەن بەننا ئیخوان موسلیمینی دامەزراند، دروستبوو و سەریهەڵدا. لەگەڵ شکستی پارتی سیکۆلاری ناسیۆنالیستیی وەفد لەڕووبەڕووبوونەوەی هەیمەنەی ئینگلیز و نائومێدیی دەیەکانی 1930 و 1940، ئیخوان موسلیمین گەشەیکرد. کارمەندان و خوێندکاران بناغەکانی بزووتنەوەکەیان پێکدەهێنا و لە خۆپیشاندانی خوێندکاران لە کۆتاییەکانی دەیەی 1940 و دەیەی 1950دا یەکێك بوو لە هێزە بنچینەییەکان[38]. لەگەڵ فراوانبوونی بزووتنەوەکەدا بەشێك لە کرێکارانی شار و جوتیارانیش بوون بە ئەندام. ژمارەی ئەندامانی ئیخوان موسلمین لەو قۆناغەدا نزیکەی بە نیو ملیۆن خەملێنراوە. حەسەن بەننا بە دامەزراندنی ئیخوان موسلمین "تەواو حەزی دەکرد هاوکاریی ژمارەیەك لە کەسەکانی نزیك بە دەسەڵات بکات. و بەرەی ڕاستی حزبی وەفد، پێیوابوو بوونی ئیخوان موسلمین دژ بە نفوزی کۆمۆنیستەکانە لەنێوان کرێکاران و خوێندکاراندا[39].

بەڵام ئیخوان موسلمین تەنها بەو هۆیەوە توانی پارێزگاری و پشتیوانیی چینە مامناوەندە هەژارەکان – و بەهۆی ئەوانیشەوە بەشێکی زۆری هەژارانی شاریی – بەدەست بهێنێت و بەرانبەر بە کۆمۆنیستەکان بووەستێتەوە، کە زمانی ئایینی، ئاراستە ڕیفۆرمیستییەکانی – کە زیاتر لەو شتە تێپەڕی کە تەنانەت بەرەی ڕاست حەزی لێیبوو – بشارێتەوە. ئامانجەکانی ئیخوان موسلمین ”لە کۆتاییدا بە بەردەوامبوونی دۆخی سیاسیی، ئابووری و سیاسیی باڵادەست – کە گروپە باڵادەستەکان بەهەر ئامرازێك بێت بەدوایدا دەچوون – نەگونجاو بوو“. و ئەم بابەتە ”پەیوەندیی نێوان ئیخوان موسلمین و دەسەڵاتداری کۆنزەرڤاتیڤی لاواز و سست دەکرد“[40].

لە سەرەتاکانی دەیەی 1950دا کاتێك ڕژێمی میلیتاریی نوێی نزیکی عەبدولناسر دەسەڵاتی موتڵەقی گرتە دەست، ئیخوان موسلمین بەڕادەیەك لەناوچوو. لە دیسەمبەری 1954دا شەش کەس لە ڕێبەرانی ئیعدام کران و هەزاران کەس لە ئەندامانی ڕەوانەی بەندیخانە کران. هەوڵ بۆ زیندووکردنەوەی بزووتنەوەکە لە میانەی دەیەی 1960دا بووە هۆی ئیعدامکردنی ژمارەیەکی زیاتر. بەڵام دوای ماوەیەك کە ناسر مرد، سادات و موبارەك مۆڵەتی ئامادەبوونێکی نیمچەیاساییان بەوان دا – بەم کارەیان دەیانویست ڕێبگرن لەڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی ئەوان لەگەڵ ڕژێمدا. ڕێبەرییەکەی ئەو شتەی هەندێك جار پێیدەگوترێت ”ئیخوانی نیۆئیسلامیی“ بە ئاراستەیەکی کەمێك ”نەرم“ و ”دەرگای

ئاشتی“ حەزی بۆ قبوڵکردنی سنووردارکردنەکان هەبوو. و لەلایەن ئەو ئەندامانەوە کە لە دەیەی 1950دا بۆ عەرەبستانی سعودی دوورخرابوونەوە و ئێستا لەوێدا سوود لە ڕانتی نەوت وەردەگرن، داراییەکی زۆرییان بۆهات[41]. ئەم ئیمکانیاتە بۆ ئیخوان موسلمین هەلومەرجێکی هێنایە پێشەوە تاکو ”مۆدێلی ئەڵتەرناتیڤی دەوڵەتێکی ئیسلامیی“ زەق بکاتەوە. دەوڵەتێك ”بە بانکەکان، خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان و... مزگەوتەکانەوە“[42].

بەڵام بەم کارەیان هەیمەنە و هەژموونیان لەسەر نەوەی نوێی ئیسلامیستە ڕادیکاڵەکان لەدەستدا. نەوەیەکی نوێ کە ساداتیان لە ساڵی 1981دا تیرۆر کرد و دژ بە دەوڵەت و لێکۆڵەرە سیکۆلارەکان خەباتی چەکدارییان گرتەبەر:

”کاتێك ئێمە باس لە فەندەمێنتالیستە میسرییەکان دەکەین مەبەستمان گروپگەلێکی نێو کەمینەیەکە کە تەنانەت دژ بە ئیخوان موسلمینیشن... ئەم گروپانە بەگشتی لاوان پێکیدەهێنن... ئەمانە خەڵکێکی زۆر پاکن، ئامادەن بۆ هەموو کارێك و دەیانەوێت گیانی خۆیان لەو ڕێگایەدا بەخت بکەن... و مادام لە ئۆپەراسیۆنە تیرۆریستییەکاندان، ئەوا وەك سەرەنێزەی گروپە نەیار و جیاوازەکان ئەوان بەکاردەهێنرێن“[43].

ئەنجوومەنە خوێندکارییە ئیسلامیستییەکان کە لەسەردەمی سەرۆکایەتیی کۆماریی ساداتدا، دەسەڵاتێکی زۆریان بەسەر زانکۆکانی میسردا هەبوو ”ڕێکخراوی جەماوەریی بنچینەیی

بزووتنەوەی ئیسلامیست بوو"[44]، ئەوان لە کاردانەوەیاندا بەڕووی دۆخی زانکۆکان و داهاتووی وەڕەسکەری خوێندکارانی دەرچوودا گەشەیانکرد:

"ژمارەی خوێندکاران نزیکەی 200 هەزار کەس لە ساڵی 1970دا تا ساڵی 1977 بۆ نیو ملیۆن خوێندکار بەرزبووەوە... و لە نەبوونی سەرچاوەی پێویستدا، لە ئەنجامی دابینکردنی خۆڕایی خوێندنی بۆ زۆرترین ژمارەی گونجاو لە لاوان، سیستەمی پەروەردەیی پاسیڤ و خراپ دروست بوو"[45].

قەرەباڵغیی زۆری خوێندکارانی کچ لەنێو هۆڵەکانی خوێندن و پاسەکاندا یەکێك بوو لە کێشەکان، کە کچانی خستبووە بەردەم هەموو دەستدرێژییەکانەوە. لە وەڵامدانەوەی ئەم دۆخەدا:

"جماعه الاسلامیه [ئەنجوومەنە ئیسلامییەکان] سەرنجی خۆیان لەسەر دیاریکردن و دەستنیشانکردنی [ئەم کێشانە] و خستنەڕووی ڕێگاچارەیەك چڕکردەوە - بۆ نموونە، بەکارهێنانی سندوقە خوێندکارییەکان بۆ بەگەڕخستنی مینی پاسەکان بۆ خوێندکارانی ژن [و ئەولەویەت دان بەوانەی باڵاپۆشن]، لەبەرچاوگرتنی ڕیزگەلێکی جیاکراوە لە هۆڵەکانی وانەوتنەوەی شانۆ بۆ پیاوان و ژنان، دروستکردنی گروپگەلێکی پێداچوونەوەی وانەکان لە مزگەوتەکاندا، دابینکردنی چاپی هەرزانی کتێبە سەرەکییە ئەکادیمییەکان"[46].

خوێندکارانی دەرچوو ناتوانن خۆیان لەو هەژارییە

سەرتاپاگیرە ڕزگار بکەن کە زۆرینەی کۆمەڵگای میسری گرتووەتەوە:

"مافی هەر خوێندکارێکی دەرچووە لە کەرتی گشتیدا کار بکات و دابمەزرێنرێت. لەڕاستیدا بێکارییەکی لەڕادەبەدەری فەرمانگە زۆر و زەوەندەکان دەشارێتەوە کە تیایدا مووچەیەکی کەم بە کارکەران دەدرێت... ئەو هێشتا دەتوانێت بەجۆرێك کرێکەی ڕێکبخات کە بتوانێت بەرهەمە کۆمەکییەکانی دەوڵەت بکڕێت و خواردن بخوات، بەڵام زۆر بە قورسی دەتوانێت شتێك زیاتر لە ئاستی بژێویی خۆی پاشەکەوت بکات... بەڕادەیەك هەموو کارکەرانی دەوڵەت پیشەی دووەم و یان سێیەمیان هەیە... کارکەرانی بێ شومار کە هەموو ڕۆژێك لە زۆرترین نووسینگە دەوڵەتییەکاندا لەپشتی مێز دادەنیشن، دوای نیوەڕۆ وەك ئاگرکوژێنەوە یان سایەقی تەکسی کار دەکەن. و ئەم کارانە هێندە بەنەگونجاویی ئەنجام دەدەن کە دەکرێت چاوەڕوانییەکی وەها لە کەسێکی نەخوێندەواریش بکرێت... ژنی لادێیی نەخوێندەوار کە دێتە ناو شارەکەوە، تاکو وەك خزمەتکاری گەشتیارێك کار بکات کەم تازۆر دوو بەرابەری مامۆستایەکی زانکۆ وەردەگرێت"[47].

جگە لە دەرچوون و بەجێهێشتنی وڵات، هیچ بژاردەیەکی دیکە بۆ خوێندکارە دەرچووەکان نەماوەتەوە تاکو لەم پەرتەوازەییەی پەیداکردنی کارەوە ڕزگاریان بێت. بەتایبەت لە عەرەبستانی سعودی و وڵاتە پەراوێزییەکانی کەنداودا. و ئەمە تەنها ڕێگایەك نییە بۆ دەرچوون لە هەژاریی، بەڵکو لە کۆمەڵگایەکدا کە

پەیوەندییە سێکسوالییەکان پێش هاوسەرگیری زۆر دەگمەنە، بۆیە بۆ زۆرینەی خەڵك مەرجێکی گرنگە بۆ هاوسەرگیری.

ئیسلامگەراکان ئەو هێز و توانایەیان هەبوو کە ئەم کێشانە لەنێو گەلێك بەیانی ئایینیدا دەرببڕن. کیپڵ دەربارەی یەکێك لە سەرکردەکانی گروپە یەکەمینەکانی ئیسلامگەراکانەوە دەنووسێت کە هەڵوێستی ئەو "وەك کەسێکی دەمارگیری سەدەکانی ڕابردوو نییە... بەڵکو.. بەشێواز و ستایلی خۆی... پەنجە لەسەر یەکێك لە گرنگترین کێشەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخی میسر دادەنێت"[48].

لە جەزائیر، ئیسلامگەراکان بە دروستکردنی پێگەیەکی جەماوەری لە زانکۆکاندا، کەوتوونەتە نێو پێگە و شوێنێکەوە کە لە سنوورێکی گەورەتردا خۆیان فراوان بکەن - سنووری شەقامەکانی خەڵکی هەژاری شارەکان، شوێنێك کە خوێندکارانی ڕابردوو و خوێدکارانی تازە لەتەنیشت کۆمەڵانی خەڵکەوە بوون کە بۆ بژێویی ژیانی خۆیان دەرکەوتبوون. زۆربوونی پێگەی جەماوەری لە کۆتاییەکانی دەیەی 1970دا روویدا؛ دوای دانوستانەکانی ئاشتیی ڕژێم لەگەڵ ئیسرائیل و بەدوایدا قەدەغەکردنی چالاکیی ئیسلامگەراکان لە زانکۆکاندا. "ئەم فشارانە لەبری ئەوەی چالاکییەکانی جەماعە ڕابگرن، هێزێکی زیاتر و دووبارەیان پێبەخشین... ئێستا ئیتر پەیامی جەماعە لە دەرەوەی دونیای خوێندکارانیشدا خۆی بڵاو دەکاتەوە. کادرەکان و بانگەشەکارە ئیسلامیستییەکان بۆ بانگخوازیکردن چوونەتە نێو شوێنە هەژارنشینەکانەوە"[49].

# ئیسلامی رادیکاڵ
# وەك بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی

بناغەی چینایەتیی ئیسلامیزم لە فاشیزمی کلاسیك، فەندەمێنتالیزمی هیندیی BJP3، 4Shiv Sena و RSS5ی هیند دەچێت. هەموو ئەم بزووتنەوانە لەنێو "یەخەسپییان"ی چینی ناوەڕاست، خوێندکارانی زانکۆکان، بازرگانە نەریتییەکان و پسپۆڕانی وردەبۆرژوادا ئەندامانی خۆیان کۆکردووەتەوە. ئەم مەسەلەیە، سەرەڕای ئەمە، دوژمنایەتیی بەردەوامی بزووتنەوە ئیسلامیستییەکان بەرانبەر بە چەپ، مافی ژنان و ئایدیا سیکۆلارییەکان بووەتە هۆی ئەوەی زۆرێك لە سۆسیالیستەکان و لیبراڵەکان ئەم بزووتنەوانە وەك بزووتنەوەگەلی فاشیستیی زەق بکەنەوە. بەڵام ئەمە هەڵەیەکە.

هەبوونی بناغەی چینایەتیی وردەبۆرژوا بەتەنها خەسڵەتی فاشیزم نییە، بەڵکو خەسڵەتی ژاکۆبنیزم، ناسیۆنالیزمی جیهانی سێیەم، ستالینیزمی ماویستیی و پرۆنیزمیش بووە. بزووتنەوە وردەبۆرژوازییەکان تەنها کاتێك کە لە خاڵێکی دیاریکراوی نێو خەباتی چینایەتیدا دەرکەوتووە و تیایدا ڕۆڵی پێگەیەکی تایبەتیی دەگێڕن، ئەوسا خەسڵەتی فاشیستی وەردەگرن. ئەم

3- پارتی جەماوەریی هیندستان.

4- ڕێکخراوی راستگەرای هیندستان.

5-ڕێکخراوی راستگەرای هیندستان، واتا ڕێکخراوی نەتەوەیی نیشتمانپەرست.

ڕۆڵە تەنها بریتی نییە لە بزوواندنی وردەبۆرژوازیی، بەڵکو سوودوەرگرتنە لە هەستی ناڕەزایەتی کە وردەبۆرژوازیی لە ڕووبەڕووبوونەوەدا لەگەڵ قەیرانی توندوتیژی سیستەمدا هەستی پێدەکات و گۆڕینی فۆرمی ئەم ئاڵۆزیی و ناڕوونییە بەدەستە گەردن کولفتەکانەوە ئەنجام دەدرێت کە دەخرێتە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی سەرمایە لە وێرانکردنی ڕێکخراو و تەشکیلاتە کرێکارییەکاندا.

هەر لەبەر ئەوەیە بزووتنەوەکانی مۆسۆلینی و هیتلەر فاشیستی بوون لەکاتێکدا بزووتنەوەی پرۆنیست لە ئەرژەنتین فاشیست نەبوو. تەنانەت لەگەڵ ئەوەی پیرۆن هەندێك لە چەمکە فاشیستییەکانی بەکارهێنا، کەچی لە بارودۆخێکی تایبەتدا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت کە توانی لەلایەکەوە بە لاوازکردنی ڕێکخراوە کرێکارییەکان بە سوودوەرگرتن لە تەداخولی دەوڵەت بەرژەوەندیی زەویدارە سەرمایەدارە گەورەکان بەرەو فراوانکردنی کەرتی پیشەسازیی ئاراستە بکات و ببیات. هەلومەرجی تایبەتیی شەش ساڵی سەرەتای حوکمڕانیی ئەو، ئەم ئیمکانەی بەدوای خۆیدا هێنا کە دەستحەقە ڕاستەقینەکان بەنزیکەیی لە 60% بەرز ببێتەوە. و ئەمە تەواو پێچەوانەی ئەو شتەیە کە لەژێر حاکمییەتی ڕژێمێکی فاشیستیی ڕاستەقینەدا ڕەنگبوو بەدیبێت. ڕۆشنبیرانی لیبراڵ و پارتی کۆمۆنیستی ئەرژەنتین هێشتا باسیان لە ڕژێمی "پیرۆنیزمی نازیی" دەکرد، هەر ئەو ئاراستەیەی بەشێکی

گەورەی چەپی ئەمڕۆ بەرانبەر بە ئیسلامیزم هەیەتی[50].

بزووتنەوە جەماوەرییە ئیسلامگەراکان لە وڵاتانی وەك جەزائیر و میسر ڕۆڵێکی سەرتاپا جیاوازیان لە فاشیزم هەیە. ئەوان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە بەرانبەر ڕێکخراوە کرێکارییەکاندا ڕانەوەستاون و نەکەوتوونەتە خزمەتی کەرتە سەرەکییەکانی سەرمایەوە تاکو کێشەکانی لەسەر شانی کرێکاران چارەسەر بکەن. ئەوا بەگشتی لەڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیدا لەگەڵ هێزە دەوڵەتییەکاندا وەستاون. زۆر بەدەگمەن پارتە فاشیستییەکان بەمجۆرە کاریان کردووە. ئەوان زۆر دوورن لەگێڕانی ڕۆڵی کارگوزارانی ڕاستەوخۆی ئیمپریالیستی و گەلێك دروشمی دژەئیمپریالیستیی بەرز دەکەنەوە و وەك دژە ئیمپریالیستیش دەجوڵێنەوە. ئەمەش کردەوەگەلێکە بەرژەوەندییە زۆر گرنگە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکانی سەرمایەداریی ئازار دەدات (بۆ نموونە لە جەزائیر لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، لەمیسر دژ بە "ئاشتی" لەگەڵ ئیسرائیل" لە ئێران دژ بە ئامادەیی ئەمریکییەکان دوای کەوتنی شا).

ڕێکخراوی سی ئای ئەی ئەمریکیی، سوودی لە هاوکاریی پۆلیسی نهێنیی پاکستان و دەوڵەتانی هەواداری خۆرئاوا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەرگرت تاکو هەزاران خۆبەخشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پڕچەك بکەن و بیاننێرن بۆ شەڕ لەگەڵ سۆڤێتدا لە ئەفغانستان. ئەوڕۆ ئەم فیداکارانە دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان و تێدەگەن شەڕیان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان

کردووە لەکاتێکدا وایاندەزانی خەریکن ”لەپێناوی ئیسلامدا“ دەجەنگن. و هەر ئەوانەن دەبنە سەنتەری سەرەکیی دژایەتیکردنی ئەو دەوڵەتانەی هانیان دابوون بڕۆن بۆ شەڕ. تەنانەت لە عەرەبستانی سعوودیدا، کە دەوڵەت بە تەواوی هێزی خۆیەوە هەوڵی سەپاندنی تەفسیرێکی وەهابییانەی بەسەر شەریعەی ئیسلامیدا دەدا، ئێستا ئۆپۆزیسیۆن خۆی بە پشتیوانیی ”هەزاران خەباتگێڕی ئەفغان“ دادەنێت کە فریوی ڕیاکاریی بنەماڵەی پاشایەتییان خواردووە، ئەو بنەماڵەیەی هەرچی زیاتر ئاوێتەی نێو چینی باڵادەستی سەرمایەداریی جیهانی دەبێت. و بنەماڵەی پاشایەتی پشتیوانییە داراییەکانی بەرەی ڕزگاریی ئیسلامیی جەزائیری بڕیوە ئەویش بەو هۆیەوەی لە جەنگی کەنداودا پشتیوانی و پشتگیریی عێراقی کردووە و تەنانەت ملیۆنەرێکی سعوودیی دیپۆرت دەکات کە کۆمەکی دارایی بە ئیسلامگەراکانی میسر دەگەیاند. و بەمجۆرە تووڕەیی ئەو کەسانە زیاتر دەکات کە لە ڕابردوودا هانیدابوون بڕۆنە ئەفغانستان.

ئەو ژمارەیەی چەپەکان کە بەئاسانی ئیسلامگەرایی وەك ”فاشیست“ سەیر دەکەن، ئاگایان لە ئاسەواری ناجێگیرکەری ئەم بزووتنەوانە لەسەر بەرژەوەندییەکانی سەرمایە نییە لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و دواجار دەچنە بەرەی هەمان ئەو دەوڵەتانەوە کە پشتیوانیی بەهێزی ئیمپریالیزم و سەرمایەداریی لۆکاڵین. بۆ نموونە ئەمە ڕووداوێك بوو

که بۆ پاشماوەی چەپی ستالینیست لە میسر هاتە پێشەوە. هەروەها چەپەکانی ئێران لە قۆناغەکانی کۆتایی یەکەم جەنگی کەنداودا، کاتێك ئیمپریالیزمی ئەمریکا کەشتییەکانی خۆی نارد بۆ پارێزگاریکردن لە عێراق لە بەرانبەر بە ئێراندا، ئەمجۆرە هەڵوێستەیان گرتەبەر. و مەترسییەکە ئەوەیە ئەم ڕووداوە بۆ چەپی سیکۆلاری جەزائیر ڕوودەدات کە کەوتووەتە بەردەم دەروازەی جەنگی ناوخۆیی نێوان هێزە ئیسلامگەراکان و دەوڵەتەوە.

بەڵام ئەگەر هەڵە بێت بزووتنەوە ئیسلامییەکان بە "فاشیست" ناوببەین، ئەوا نابێت خێرا ئەو دەرەنجامگیرییە بکەین کە ئەوان "دژەئیمپریالیست" و یان "دژەدەوڵەت"ن. ئەوان تەنها دژ بەو چین و دەوڵەتانە ناجەنگن کە باڵادەستن بەسەر کۆمەڵانی خەڵکدا و دەیانچەوسێننەوە. بەڵکو هەروەها دژ بە سیکۆلاریزم، دژ بەو ژنانەی "بیروباوەڕی ئیسلامیی" ڕەتدەکەنەوە دەربارەی شەرم و خۆداپۆشین، دژ بە چەپ و گرنگتر دژ بە کەمینە ئەتنیکی و ئایینییەکان دەجەنگن. ئیسلامگەراکانی جەزائیر لەگەڵ "هێرشی تەمێکارانە" دژ بە چەپ و بە هاوکاریی پۆلیس، لە ساڵەکانی کۆتایی 1970 و سەرەتاکانی 1980دا دەسەڵات و هەیمەنەی خۆیان لە زانکۆکاندا بەهێز و پتەوکرد؛ یەکەم کەسێك لەم هێرشانەدا کوژرابێت ئەندامێکی ڕێکخراوی ترۆتسکیستی بوو نەك کارمەندێکی حکومی؛ هەنگاوێکی دیکەیان هێرشکردنە سەر

گۆڤاری هارد ڕۆك، هۆمۆسێکسوالی، مادەی هۆشبەر و مۆسیقای پەنك بوو لە پێشانگای کتێبە ئیسلامییەکان لە ساڵی 1985دا؛ لە شارەکانی جەزائیردا، ئەو شوێنەی تیایدا ئیسلامگەراکان بەهێزترن، گەلێك هێرش دەکەنە سەر ئەو ژنانەی کە جورئەتی ئەوەیان هەبووە بەشێکی بچووکی جەستەی خۆیان دانەپۆشن: یەکەم کۆبوونەوەی گشتیی پارتی ڕزگاریی ئیسلامیی لە ساڵی 1989دا لە وەڵامی خۆپیشاندانەکانی "فیمینیستەکان" و "سیکۆلارەکان" دژ بە توندوتیژیی ئیسلامیی بوو. ژنان قوربانی یەکەمی ئەو توندوتیژییە ئیسلامییانەن[51]. دوژمنایەتیی ئەوان تەنها و تەنها دەوڵەت و سەرمایە دەرەکییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو زیاتر لە ملیۆنێك هاووڵاتیی جەزائیریی بێ ئەوەی خۆیان کەمتەرخەمییەکیان هەبێت زمانی سەرەکییان فەڕەنسییە و هەروەها لە 10%ی دانیشتووان لەبری ئەوەی عەرەبیزمان بن "بەربەر"ن، دەکەونە بەر تووڕەیی و خەشمی ئیسلامگەراکانەوە.

هەروەها لە میسریش گروپگەلی چەکداریی ئیسلامگەرا، سیکۆلارەکان و ئەو ئیسلامییانەی دیکە دەکوژن کە بە تەواوی دژ بەوانن. دژ بە قیبتییەکان کە 10%ی دانیشتووانی میسر پێکدەنێنن، برەو بە ڕقی گشتیی لەنێوان موسڵماناندا دەدەن و بەم مەبەستەوە سوود لە کوشتاری ئاییینیش وەردەگرن. لە ئێران لەنێوان ساڵانی 1979 تا 1981 ڕەوتی ئیسلامگەرای هەواداری خومەینی 100 کەسی بەناونیشانی "تاوانی سێکسی"ی وەك

هۆمۆسێکسوالی و "زینا" لەسێدارەدا. ژنانیان خستە دەرەوەی سیستەمی مافناسییەوە و باندە تاوانکارییەکانی حزبوڵڵای ئێرانییان بۆ هێرشکردنە سەر ژنانی بێ حیجاب و باڵی چەپەکان ڕێکخست. لە سەرکوتکردنی ئیسلامییە چەپەکاندا (موجاهیدینی خەڵق) هەزاران کەس کوشتوبڕ کران. لە ئەفغانستان، ڕێکخراوە ئیسلامیستییەکان کە جەنگێکی دوور و درێژ و خوێناوییان دژی داگیرکاریی سۆڤێت بەرپاکردبوو، دوای دەرچوونی ڕووسەکان چەکەکانیان بەڕووی یەکتریدا بەرز کردەوە و شاری کابولیان کردە وێرانە و کاولخانەیەك.

لەڕاستیدا، تەنانەت کاتێك ئیسلامگەراکان جەخت لەسەر "دژەئیمپریالیزم" دەکەنەوە زۆر سوورنین لەسەر ئەمە. بۆیە، بەشێوەیەکی گشتی، ئیمپریالیزمی ئەمڕۆ چیتر هەیمەنەی ڕاستەوخۆی جیهانی سێیەم نییە لەلایەن دەسەڵاتە خۆرئاواییەکانەوە. بەڵکو سیستەمی جیهانیی چینە سەرمایەدارە سەربەخۆکانە (سەرمایەدارانی تایبەتی و یان حکومی) کە تێکەڵی بازاڕی جیهانیی تاقانە بوون. بەشێکی چینە باڵادەستەکان لە چینە باڵادەستەکانی دیکە بەهێزترن و کۆنترۆڵیان بەسەر بازرگانیی، بەسەر سیستەمی بانکیی و لە هەندێك بواردا زەبرێکی ڕاستەوخۆ بەوان دەدات تاکو هەلومەرجی خۆیان بسەپێنن. ئەم چینە باڵادەستانە، لەسەرەوەی سیستەمی چەوساندنەوەدا وەستاون. ژێردەستەی ئەوان چینە باڵادەستەکانی وڵاتە هەژارترەکانن کە ڕەگیان لەنێو ئابووریی میلیی خۆیاندا هەیە.

ئەوانیش بەتێکەڵبوونی هەرچەند زیاتر لە تۆڕە فرەنەتەوەییە سەرەکییەکان و سەرمایەگوزارییەکان لە ئابووریی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا (تەنانەت ئەگەر لەهەلومەرجێکدا ببێتە هۆی ئەوەی ڕوو لە سەرەوەی خۆیان وەربگێڕن) سوود لە سیستەمی جیهانیی وەردەگرن.

نابێت تەنها و بەئاسانی دەسەڵاتە گەورە ئیمپریالیستییەکان و کارگوزارەکانییان وەك سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانیی بۆ ئەو دەرد و ئازارە سەرزەنشت بکەین کە بەسەر زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵکدا دادەبارێت. زۆر بە پەرۆشەوە سەرمایەدارە بچووکترەکان و دەوڵەتەکانیشیان لەم ئازار و ڕەنجەدا بەشداریی دەکەن. لەڕاستیدا ئەوانن ئەو سیاسەتانە پیادە دەکەن کە دەبێتە هۆی هەژاریی کۆمەڵانی خەڵك و ژیانیان وێران دەکەن. هەر ئەوانن لە پۆلیس و زیندان بەگەڕ دەخەن بۆ تێکشاندنی بەرهەڵستیکاران.

دۆخی ئەمڕۆ زۆر جیاوازە لەگەڵ ئیمپریالیزمی کلاسیکیی ئیمپراتۆرییە کۆلۆنیالیستییەکان کە تیایدا کۆلۆنیالیستییە غەربییەکان کۆنترۆڵی دەوڵەت و سەرکوتکەری ڕاستەوخۆ بوون. ئەوسا، چینە چەوسێنەرە لۆکاڵییەکان لەنێوان دوو ڕێگادا دەهاتن و دەچوون: یان بەرهەڵستیی لەبەرانبەر دەوڵەت (کاتێك پێیان لە بەرژەوەندییەکانی ئەوان دەنا) و یان هاوکاریکردن لەگەڵیدا (وەك سەنگەرێك لە بەرانبەر ئەوانەی ئەم چینانە دەیانچەوساندنەوە). چینە چەوسێنەرە لۆکاڵییەکان

بە زەرووری لە هێڵی پێشەوەی بەرگریکردن لە سیستەمی چەوسێنەرەوە لە بەرانبەر بە یاخیبووندا نەبوون. بەڵام ئەمڕۆ لە هێڵی پێشەوەدا دەوەستن. ئەوان بەشێکن لە سیستەم، ئەگەرچی هەندێکجار بەریەك دەکەون. ئەوان چیتر ڕۆڵی نەیارانی ناکۆکبەیەك ناگێڕن[52].

لەم هەلومەرجەدا هەر ئایدیۆلۆژییەك کە تەنها ئیمپریالیزمی دەرەکیی وەك دوژمنی خەبات ببینێت، ئەوا دوورکەوتۆتەوە لەهەرجۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی جددی لەگەڵ سیستەمدا. ڕەنگە ئاماژە بە مەحروکردن و ئازاری خەڵك بکات، بەڵام لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمنە ڕاستەقینەکاندا لەخشتە دەبرێت. ئەم مەسەلەیە لەبارەی بزووتنەوە ئیسلامگەرا و هەروەها ناسیۆنالیستەکانی ئەمڕۆی جیهانی سێیەمەوە ڕاستە. ئەوان پەنجە بۆ دوژمنی ڕاستەقینە، سیستەمی جیهانیی، ڕادەکێشن و هەندێکجار بە قورسیی ڕووبەڕووی دەوڵەت دەبنەوە، بەڵام بەرپرسیارێتیی بەشی سەرەکیی بۆرژوازیی لۆکاڵیی – گرنگترین هاوکاریی هەمیشەیی ئیمپریالیزم – دادەپۆشن.

بەم دواییانە ئەبراهامیان، خومەینیزمی لە ئێراندا لەگەڵ پیرۆنیزم و فۆرمەکانی دیکەی هاوشێوەی "پۆپۆلیزم"دا بەراورد کردووە:

"خومەینی خۆی بە زۆر تێمی ڕادیکاڵەوە سەرقاڵکرد... هەندێکجار تەنانەت ڕادیکاڵتر لە مارکسیستەکان دەهاتە

بەرچاو. بەڵام هێشتا زۆر بە قورسیی پشتیوانی و بەرگریی لە مافی خاوەنداریێتیی وردەبۆرژوازیی دەکرد. ئەم جۆرە ڕادیکاڵیزمەی وردەبۆرژوازیی، ئەوی نزیك دەکردەوە لە پۆپۆلیستەکانی ئەمریکای لاتین و بەتایبەت لە پیرۆنیستەکان“[53].

هەروەها:

”مەبەستم لە ”پۆپۆلیزم“ بزووتنەوەی چینەکانی ناوەڕاستی خاوەن داراییە کە چینەکانی خوارتری خۆی بەتایبەت هەژارانی شار بە وتاردان و هوتافکێشانی ڕادیکاڵ دژ بە ئیمپریالیزم، سەرمایەی دەرەکیی و دەزگای سیاسییەوە، ڕێکدەخات... بزووتنەوە پۆپۆلیستییەکان بەڵێنی بەرزکردنەوەیەکی بەرچاوی ئاستی ژیان و سەربەخۆیی وڵات لە بەرانبەر بە دەسەڵاتە بێگانەکاندا دەدەن. گرنگتر لەوەش، ئەوان بە هێرشکردنە سەر دۆخی باڵادەست بە وتاردان و هوتافکێشانی ڕادیکاڵ، بە مەبەستەوە هەرجۆرە هەڕەشەیەك دژ بە وردەبۆرژوازیی و پرەنسیپی خاوەنداریێتیی تایبەت پەك دەخەن. بەمجۆرە بە زەروورییی و بە ناچاریی، پێداگری لەسەر بونیادنانەوەیەکی کولتووریی، سیاسی و نەتەوەیی دەکەن نەك گرنگیی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی-ئابووری“[54].

ئەمجۆرە بزووتنەوانە بە گۆڕینی ڕێگاکەیان لە هەرجۆرە خەباتێکی ڕاستەقینە دژ بە ئیمپریالیزم، بەرەو خەباتێکی ئایدیۆلۆژیانەی ڕووت دژ بەو شتەی وەك کاریگەرییەکانی

کولتووری ئیمپریالیزم دەبینن، کێشەکان ئاڵۆزتر دەکەن. بۆ ئەوان "ئیمپریالیزمی کولتووری" سەرچاوەی هەموو کێشەکانە نەك چەوساندنەوەی ماتریالی. بۆیە خەباتێك دژ بەو هێزانەی بەرپرسی هەژاریی خەڵکن، سەرهەڵنادات، بەڵکو دژ بەوانە ڕادەگەیەنرێت کە بە زمانی "بێگانە" قسە دەکەن، ئایینی بێگانەیان قبوڵ کردووە و شێواز و ستایلەکانی ژیانیان کە ئەوان وەك "نەریتی" سەیری دەکەن، قبوڵی ناکەن. و ئەم ئاراستەیە بۆ بەشگەلێکی سەرمایەداریی لۆکاڵیی زۆر جێگای قبوڵکردنە. چونکە ئەوان جوڵانەوە بە "کولتووریی لۆکاڵی"، لانیکەم لەبەردەم گشتدا، سادەتر دەبینن. هەروەها ئەم ئاراستەیە گەلێك بەرژەوەندیی بۆ بەشگەلێکی چینەکانی ناوەڕاست هەیە، چونکە دەتوانن بە دەرکردنی ئەوانیدیکە لە کار و پیشەی خۆیان، پێگەیەکی باشتر بۆ خۆیان دابین بکەن. بەڵام ئەم کێشەیە ئەو مەترسییانە بەرتەسك دەکاتەوە کە ئەمجۆرە بزووتنەوانە دەتوانن بۆ ئیمپریالیزم وەك سیستەمێك هەیانبێت.

ئیسلامیزم هەم خەریکی ڕێکخستن و ئامادەکردنی ناڕەزایەتیی گشتیی دەبێت و هەم خەفە و بێدەنگیشی دەکات؛ چەندین هەڵچوون و داچوون بۆ کار و جوڵانەوە دەهێنێتە بوون، بەڵام بەرەو بنبەستی دەبات. لە هەمانکاتدا کە بەر بە خەباتی ڕاستەقینە دژ بە دەوڵەت دەگرێت، کەچی دامودەزگای دەوڵەتیش پەك دەخات.

خەسڵەتی ناکۆك و دژبەری ئیسلامیزم لە بناغەی

چینایەتیی کادرە پێشکەوتووەکانییەوە سەرچاوەی گرتووە. وردەبۆرژوازیی وەك چینێك ناتوانێت سیاسەتێکی بەردەوام و سەربەخۆی هەبێت. ئەم مەسەلەیە هەمیشە دەربارەی وردەبۆرژوازیی نەریتیی-دوکانداران و بازرگانی بچووك و خاوەن پیشە ئازادەکان-دروست بووە. ئەمانە هەمیشە لەنێوان خواستی ئاساییش و ئەمنییەت کە ئەوان بەرەو کۆنەپارێزیی دەبات و ئومێد بەوەی بە گۆڕانە ڕادیکاڵەکانەوە کە لەڕووی شەخسییەوە سوودی لێوەردەگرن، لەهاتن و چوونێکی بەردەوامدان. ئەم مەسەلەیە ئەمڕۆ دەربارەی چینی ناوەڕاستی نوێی هەژار و چینی ناوەڕاستی هەژاری هەنوکەیی ڕاستە و دەگونجێت کە بریتین لە خوێندکارانی بێکار و هەژاری نێو ئەو کۆمەڵگایانەی لەڕووی ئابوورییەوە دواکەوتوون. ئەوان خەون بە ڕابردوویەکی زێڕینەوە دەبینن. و داهاتووی خۆیان لەنێو دەستی پێشکەوتنی کۆی کۆمەڵدا دەبینن. پێشکەوتنێك کە بە گۆڕانە شۆڕشگێڕییەکانەوە بەدیدێت. یان ئەوە دەتوانن وێرانبوونی خەونەکانیان بخەنە ئەستۆی کەمتەرخەمیی کەرتەکانی دیکەی کۆمەڵ کە ”بێویژدانانە“ دەستیان بەسەر پیشەکانی چینی ناوەڕاستدا گرتووە: ئەم کەرتانە بەتایبەت بریتین لە کەمینە ئایینی و ئەتنیکییەکان، ئەوانەی بە زمانی دیکە قسە دەکەن و کە ژنانیش بەچوونە سەر کار، ”بەپێی نەریت“ ناجوڵێنەوە.

هەڵوێستی ئەم چینانەی ناوەڕاست، تەنها نەبەستراوەتەوە بە فاکتەرە ماددییەکانەوە، بەڵکو هەروەها پەیوەندیی بە خەباتەکانەوە لە ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا هەیە. خەبات دژ بە کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم لە ساڵەکانی 1950 و 1960دا چەندین بەشی گەورەی چینە ناوەڕاستەکانی جیهانی سێیەمی ئۆرگانیزە و ڕێکخست. و هەست و بیرکردنەوەی باو و گشتیی بەمجۆرە بوو کە ڕەوتی گەشەکردنی ئابووریی، واتا ئەو ڕەوتەی دەوڵەت گرتوویەتییە بەر، ڕێگایەکە دەبێت بگیرێتە بەر و بەردەوامی پێبدرێت. چەپی سیکۆلار و یان لانیکەم ئاراستە ستالینیستی و ناسیۆنالیستییەکەی، ئینتیمایەکی وەهای هەبووە و لە زانکۆدا هەژموونێکی زۆریان هەبوو. لەم قۆناغەدا، تەنانەت ئەوانەی لە سەرەتادا ئینتیمای ئایینییان هەبوو بەرەو چەپ وەرچەرخان – بۆنموونە، خەباتی ڤێتنام دژ بە ویلایەتە یەکگرتووەکان و یاخود شۆڕشی کولتووریی چین – و دەستکردن بە لابردن و دوورخستنەوەی شێوازی بیرکردنەوەی ئایینییانە، بەتایبەت لە بارەی کێشەی ژنانەوە. وەهابوو هەڵوێستی تیۆریزەکەرانی ئایینزای کاتۆلیکی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی ئەمریکای لاتین و موجاهیدینی خەڵقی ئێراندا. و تەنانەت لە ئەفغانستاندا خوێندکارانی موسڵمان دژ بە زایۆنیزم لە جەنگی شەش ڕۆژەدا، دژ بە سیاسەتی ئەمریکا لە ڤێتنام و دژ بە ئیمتیازاتەکانی دامودەزگای دەوڵەتی، خۆپیشاندان و

مانگرتنیان بەرپاکرد. ئەوان بەتوندی کەوتنە دژایەتیکردنی عولەما سونەتییەکان، پاشا و بەتایبەت کوڕە مامەکەی، داود... ئەوان دژ بە نفوزی خاریجییەکان لە ئەفغانستان، چ یەکێتیی سۆڤێت و چ غەربییەکان، و هەروەها دژ بە قۆرخکارانی قاتوقڕیی 1972، بە خواستی سنووردارکردنی سامانە شەخسییەکان، مانگرتنیان ئەنجامدا[55].

کۆتایی ساڵەکانی 1970 و سەرەتاکانی 1980 هەلومەرجەکە گۆڕانی بەسەردا هات. لە لایەکەوە کوشتاری بەکۆمەڵ لە کامبۆج، جەنگی کورتی نێوان ڤێتنام و چین و وەرچەرخانی چین بەرەو کەمپی ئەمریکا، بووە هۆی شەپۆلێکی لەوەهم داماڵین بەرانبەر بەو شتەی وڵاتە خۆرئاواییەکان پێیاندەگوت مۆدێلی "سۆسیالیستیی". و ڕووداوەکانی کۆتایی دەیەی 1980 لە ولاتانی ئەوروپای شەرقی و لە یەکێتیی سۆڤێتدا خێراییەکی زیاتری بەم شەپۆلە بەخشی.

ئەم شەپۆلە لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست خێراییەکی زیاتری بەخۆوە بینی. ڕژێمە ناوچەییەکان بانگەشەی ئەوەیان کردبوو کە نموونەی "سۆسیالیزم"ی نەتەوەگەرا بونیاد دەنێن، کە کەم تازۆر لەو شتە دەچێت کە لە وڵاتانی ئەوروپای شەڕقیدا بوونی هەبوو. تەنانەت ئەو چەپانەی ڕەخنەیان لە دەوڵەت دەگرت ئەم پڕۆژەیەیان قبوڵ کردبوو و بۆچوونێکی هاوشێوەی ئەم پڕۆژەیەشیان هەبوو. بەمجۆرە بوو لە ساڵەکانی

سەرەتای 1970دا خۆبەخشانە هێزی چەپەکانی زانکۆکانی جەزائیریان بۆ کۆمەککردن بە پیادەکردنی ڕیفۆرمی زەوی نارده گوندەکان. و ئەم کارەش لە بارودۆخێکدا ئەنجامدرا کە بەر لەوە، ڕژێم ڕێکخراوی زانکۆیی چەپەکانی سەرکوتکردبوو و کۆنترۆڵی پۆلیسیی بەسەر زانکۆکاندا سەپاندبوو. لە میسر، کۆمۆنیستەکان هێشتا وەك سۆسیالیستێك لە ناسریان دەڕوانی. تەنانەت دوای ئەوەش کە ئەوانی لە کونجی زیندان قایمکردبوو. بۆ زۆرێك لەوان لەوەهمداماڵینی ڕژێم گۆڕا بە دوورکەوتنەوە لە وەهمی چەپ.

لەلایەکی دیکەوە، دەوڵەتە ئیسلامییەکان وەك هێزە سیاسییەکان دەرکەوتن: لە لیبیا قەزافی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، تەحریمی نەوتی خۆرئاوا لەلایەن عەرەبستانی سعوودییەوە لە کاتی جەنگی ئیسرائیل لەگەڵ عەرەبدا لە ساڵی 1973 و پاشان گرنگتر لەوانەش ساڵی 1979 کۆماری ئیسلامیی ئێران لەڕێگای شۆڕشەوە بەدەسەڵات گەیشت.

ئیسلامیزم لەنێوان زۆرینەی توێژەکانی خوێندکاران و لاواندا گەشەیکرد کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئینتیمای چەپیان هەبوو: بۆ نموونە لە جەزائیر ”لەناکاو لەنێو مێشکی لاوانی موسڵماندا خومەینی جێگای ماو و چێ گیڤارای گرتەوە“[56]. بزووتنەوە ئیسلامیستییەکان بە بەڵێنی گۆڕانی ڕیشەیی، ڕاستەوخۆ پشتیوانی و خۆشەویستیی خۆیان بۆ دەربڕی. ڕێبەرانی بزووتنەوە ئیسلامگەراکان سەرکەوتنیان بەدەست دەهێنا.

بەڵام هێشتا ناکۆکییەکانی ئیسلامیزم بزر نەبوو بوو و لە دەیەکانی دواتردا بەناچاری دەرکەوتن. ئیسلامیزم دینامیك نەبووە، بەڵکو بەردەوام کەوتووەتە بەردەم فشارە ناوەکییەکانی خۆیەوە؛ ئەو فشارانەی جارەهای جار بووەتە هۆی ئەوەی ئەندامەکانی لە بەرانبەر بەیەکتردا بووەستنەوە. مێژووی ئیسلامیزم لە ساڵەکانی 1980 و 1990دا ڕێك وەك ستالینیزم لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی 1940 و 1950دا مێژووی نشوست، خیانەت، ئینشیقاق و سەرکوتکاریی بووە.

## ناکۆکییەکانی ئیسلامیزم: میسر

خەسڵەتی ناکۆکیئاسا و دژبەیەکیی ئیسلامیزم لەنێو شێوازی ”گەڕانەوە بۆ قورئان“دا دەردەکەوێت. ئینجا یان لەڕێگای ڕیفۆرمی ”بەهاکان“ی کۆمەڵگای باڵادەست واتا گەڕانەوە بۆ پیادەکردنی دابونەریتە دینییەکان لەکاتێکدا بونیادە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا بەدەست لێنەدراوی بمێننەوە و یان لەڕێگای لەناوبردن و هەڵگەڕانەوەی شۆڕشگێڕیی کۆمەڵگای باڵادەست. ئەم ناکۆکییانە هەم لە مێژووی ئیخوان موسلمینی میسر لە ساڵەکانی 1930، 1940، و 1950دا و هەم لە بزووتنەوەی ئیسلامگەرای ڕادیکاڵی ساڵەکانی 1970، 1980 و 1990دا دەبینرێت.

بە سازشکردنی پارتی ناسیۆنالیست بۆرژوای وەفد بەرانبەر بە بریتانیا، ئەندامەکانی کە نائومێد بووبوون، پشتگیرییان لە ئیخوان موسلمین کرد و بەمجۆرە ئەم بزووتنەوەیە لە ساڵەکانی 1930 و 1940دا زۆر بەخێرایی گەشەیکرد. وەرچەرخانی پارتی کۆمۆنیست بەرەو ڕاستگەرایی کە لەژێر نفوزی ستالینیزمدا بوو – و تا شوێنێك چووە پێشەوە کە پشتیوانیی لەجێگیربوونی ئیسرائیل کرد – بە بەرژەوەندیی ئیخوان موسلمین شکایەوە. ئیخوان موسلمین بە ڕاکێشانی سەرنجی هێزە خۆبەخشەکان کە دەیانویست لە فەلەستین و لە نۆکەندی سوێس دژ بە ئینگلیزەکان بجەنگن، ڕوویەکی

پشتیوانیکردن و پشتگیریی لە خەباتی دژە ئیمپریالیزم بەخۆی بەخشی. بەڵام کێشەکانی ئیخوان موسلمین ئەو کاتە دەستیان پێکرد کە پشتیوانییەکانی گەیشتبوونە لوتکە. ڕابەرایەتییەکەی لەگەڵ هێزە ناچوونییەکەکاندا یەکیگرت - ڕاکێشانی هێزی جەماوەریکی لاوانی وردەبۆرژوا، دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ دامودەزگای پاشایەتیدا و هاوکاریکردنی بەرەی ڕاستی وەفد و چەندین پیلانگێڕیی بەهاوکاری ئەفسەرانی لاوی سوپا - ئەو ئەفسەرانەی خۆیان ئینتیمایان بۆ شێواز و ڕێگاگەلی جۆراوجۆر هەبوو.

لەگەڵ فراوانبوونی مانگرتنەکان، خۆپیشاندانەکان و کوشتارەکان و شکستە سەربازییەکان لە فەڵەستین و شکستی بزووتنەوەی گەریلایی لە نۆکەندی سوێسدا کە کۆمەڵگای میسری دابەشکردبوو، ئیخوان موسلمینیش، ڕووبەڕووی مەترسیی لەناوچوون بووەوە. زۆرێك لە ئەندامان لە براکەی حەسەن بەننا، عابدین توورە بووبوون. حەسەن بەننا خۆی دەستیکرد بە مەحکومکردنی ئەو چەند ئیخوان موسلمینەی ئەلنوقراشی6 سەرۆك وەزیرانیان تیرۆر کردبوو. دوای مردنی بەننا لە ساڵی 1949دا، جێگرەکەی وەك "ڕێبەر" بە قورسیی لەوە تێگەیشت کە لقێکی تیرۆریستیی نهێنیی لە ڕێکخراوەکەدا بوونی هەیە. گەیشتنە دەسەڵاتی سەربازەکان بەڕێبەرایەتیی

6- مەحمود فەهمی ئەلنوقراشی (1888-1948) سەرۆك وەزیری میسر، لەلایەن عەبدولمەجید ئەحمەد حەسەنی ئیخوان موسلمینەوە تیرۆرکرا. (وەرگێڕ)

جەمال عەبدولناسر لەنێوان ساڵی 1952 بۆ 1954 بووە هۆی جیابوونەوە و تەفرەقەیەکی بنچینەیی لەنێو ئیخوان موسلمیندا: لەنێوان ئەوانەی پشتگیریی کودەتایان دەکرد و ئەوانەی دژی کودەتا وەستابوونەوە. و ئەم جیابوونەوەیە لە کۆتاییدا بووە هۆی پێکدادانی فیزیکیی نێوان گروپە نەیارەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنی پۆستە سەرەکییەکانی ناو ڕێکخراوەکە[57]. "لەدەستچوونی ڕاستەوخۆی متمانە بە ڕابەرایەتیی" لە کۆتاییدا ئەو دەرفەتەی خستە بەردەم ناسر تاکو ڕێکخراوێك تێکبشکێنێت کە ڕۆژگارێك زۆر بەهێزبوو[58].

بەڵام بێمتمانەبوون ڕێکەوت نەبوو. هەرچەند کۆمەڵگا زیاتر دەکەوتە ناو قەیرانەوە، ئەوا ئەم دابەشکارییە ناسازگارانە لە بزووتنەوەی وردەبۆرژوازییدا شتێکی حەتمی بوو. لە لایەکەوە کەسانێك بوون بەو دەرەنجامە گەیشتبوون کە دەبوو سوود لە قەیران وەربگرن بۆ فشارخستنە سەر چینی حاکم تا هاوکارییان بکات. هاوکاریی بۆ پیادەکردنی "بەها ئیسلامییەکان". بەننا حەزی دەکرد توانای ئەوەی هەبێت لە تەنیشت پاشایەتیدا حکومەتی "خەلیفەی نوێ" دابمەزرێنێت و تەنانەت لە کاتێکدا بەڵێنی بەحکومەت دا ئەگەر بێت و بەر بە مەسرەف و خواردنەوەی مەشروب و لەشفرۆشیی بگرێت ئەوا پشتیوانیی تەواو لە حکومەت دەکات[59]. لەلایەکی دیکەوە، ئەندامانی ڕادیکاڵی وردەبۆرژوا وەستابوون کە داوای گۆڕانی ڕاستەقینەیان دەکرد، بەڵام پێیانوابوو ڕێگا سەرەکییەکە تەنها خەباتی چەکدارانەی خێرایە.

لە ئیسلامگەرایی میسری ئەمڕۆشدا ئەمجۆرە ناکۆکییانە دەبینین. لە کۆتایی دەیەی 1960دا ئیخوان موسلمینی دووبارەبونیادنراوە، دەستیکرد بە چالاکییە نیوەیاساییەکانی خۆی لە دەوروبەری گۆڤاری ئەلدەعوادا. لەم گۆڤارەدا چیتر باس باسی لەناوبردنی ڕژێمی میسر نەبوو، بەڵکو ئامانجی ڕێکخراوەکە ڕیفۆرمکردنی ناوەوەی کۆمەڵگای ئیسلامیی بوو بە گەڕانەوە بۆ پرەنسیپەکانی ئیسلام. وەزیفەی ئیخوان موسلمین هەروەك ڕێبەرەکەی لە زینداندا فۆرمولەی کردبوو بریتی بوو لە "ئامۆژگاریکردن نەك بڕیار و حوکمدان[60]. لە پراکتیکدا، ئیسلامیزم هەڵوێستی "ڕیفۆرمیستیی ئیسلامگەرا"ی گرتەبەر تاکو ڕژێمی سادات کێشەی بۆ دروست نەکات[61]. ڕژێم لەلای خۆیەوە ئیسلامگەراکانی بەکارهێنا لە بەرانبەر ئەو شتەدا کە وەك دوژمنی سەرەکیی خۆی سەیری دەکرد: بزووتنەوەی چەپ. "ڕژێم" لەگەڵ بەرەی "ڕیفۆرمیست"ی بزووتنەوەی ئیسلامگەرا ڕووی خۆش بوو واتا ئەو بزووتنەوەیەی لە دەوروبەری گۆڤاری ئەلدەعوادا کۆبووبوونەوە و لەنێو کۆمەڵە ئیسلامییەکاندا لە زانکۆکان بوونیان هەبوو، بەڵام داوای لەوان کرد تاکو دەتوانن فەزای زانکۆکان لە هەموو ئەو شتە پاك بکەنەوە کە بۆنی ناسریزم یان کۆمۆنیزمی لێبێت[62].

شەپۆلێکی مانگرتن، خۆپیشاندان و یاخیبوونەکان لە کانوونی دووەمی 1977دا هەر 13 شارە سەرەکییەکەی میسری هەژاند. ئەم ناڕەزایەتییانە دژ بە بەرزکردنەوەی نرخی نان و

کاڵا سەرەکییەکانی دیکەی بەکاربردن بوو لەلایەن دەوڵەتەوە. لە یاخیبوون و ڕاپەڕینی ناسیۆنالیستیی 1919ـەوە دژ بە ئینگلیز تا ئێرە ئەمە بەرفراوانترین ناڕەزایەتیی بوو. هەم ئیخوان موسلمین و هەم ئەنجوومەنە ئیسلامییەکان سەرهەڵدان و ڕاپەڕینەکانیان مەحکومکرد و بۆ پشتیوانیکردن لە دەوڵەت چەندین پەیامیان بڵاوکردەوە دژ بەو شتەی پێیاندەگوت "پیلانگێڕیی کۆمۆنیستیی".

ئەمجۆرە ئیسلامگەرا "ڕیفۆرمیستە" دەیەوێت بەهاکانی کۆمەڵگا بگۆڕێت نەك خودی کۆمەڵگا. ئەم جۆرە ئیسلامیزمە هیچ پێداگرییەك لەسەر گۆڕان و نوێکردنەوەی کۆمەڵگای ئیسلامی "ئوممەت" ناکات، بەڵکو زیاتر پێداگریی لەسەر بڵاوبوونەوەی ڕەفتارەکانی ناو کۆمەڵگای هەنوکەیی دەکات. هەروەها بەهیچ جۆرێك وەك دوژمن سەیری دەوڵەت و "سەرکوتکەران"ی ناوچەیی ناکات، بەڵکو ئەوە هێزە دەرەکییەکانن کە ڕەچاوی دابونەریتی ئایینیی ناکەن. ئەلدەعوا لەم بارەیەوە هەمیشە باس لە "کۆمەڵگای جولەکە"، "کروساد یان خاچپییەکان"(crusade) (مەسیحییەکان، کە قیبتییەکانیش دەگرێتەوە)، "کۆمۆنیستەکان" و "سیکۆلارەکان" دەکات. تەنها بە خەبات بۆ پیادەکردنی شەریعەت (سیستەمی مافناسیی کە فوقەهای ئیسلامی لەسەر بنەمای قورئان و نەریت بونیادی دەنێن) دەکرێت ئەم هێزانە تێکبشکێنرێن. بەمجۆرە ئەمە شەڕێکە بە ئاراستەی ئەوەی دەوڵەت جۆرە کولتوورێك لە

نێو کۆمەڵگادا پیادە بکات نەك ئەوەی جەنگێك بێت بۆ هەڵگەڕاندنەوەی دامودەزگای دەوڵەت.

ئەمجۆرە ڕوانگەیە زۆر بە باشی لەگەڵ زەوق و سەلیقەی گروپە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکاندا دێتەوە کە پشتیوانیی لە جۆرە ئیسلامیزمێك دەکەن (بەجێماوانی چینی زەویدارانی ڕابردوو، بازرگان) ئەوانەی ڕۆژگارێك لاوی ئیسلامیستی ڕادیکاڵ بوون، بەڵام دواتر بە شێوازی دیکە سەرکەوتنیان بەدەست هێنا (سامانێکی زۆر و زەوەندییان لە عەرەبستانی سعوودییەوە پێگەیشت و یاخود پێگە و پۆستی باشی چینی ناوەڕاستیان بەرکەوت) و ئەو دەستەیەی ئیسلامگەرا ڕادیکاڵەکان کە دوای سەرکوتی دەوڵەتیی، ئینتیمای خۆیان بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتیی ڕادیکاڵ لەدەستدا.

بەڵام ئەم ڕوانگەیە هەرگیز نەدەگونجا لەگەڵ ئایدیالە نائومێدەکانی خوێندکاران و هەژارانی خوێندکاری پێشوو و زۆرینەی جووتیارانی پێشوو کە لە گۆشە و کەنارەکانی هەژارترین شوێنەکانی شار لەگەڵ خوێندکاراندا دەژیان. ئەم ڕاکێشانە تێگەیشتنێکی زۆر ڕادیکاڵتری ”گەڕانەوە بۆ قورئان“ـە – تێگەیشتنێك کە بەتەنها هێرش ناکەنە سەر نفوزی بیانییەکان لەنێو دەوڵەتی ئیسلامیدا بەڵکو خودی دەوڵەتیش دەهێنێتە نێو خەباتەوە.

کتێبی سەرچاوەی ئیسلامگەراکانی میسر ”مەشخەڵی

ڕێ"7یە. ئەم کتێبەکە یەکێك لەو ئیخوان موسلمینانە نووسیویەتی کە لە ساڵی 1966 بەدەستی ڕژێمی ناسر ئیعدام کرا: سەید قوتب. ئەو لەم کتێبەدا نەك تەنها ئاماژە بە تێکشکانی ئایدیۆلۆژییە خۆرئاوایی و ستالینییەکان ناکات، بەڵکو سوورە لەسەر ئەو خاڵە کە ناکرێت دەوڵەت خۆی بە ئیسلامیی بزانێت، کەچی لەسەر بەربەریزمی دژەئیسلامیی بینا کرابێت. (جاهیلییەت، ناوێکە ناوێکە موسڵمانان داویانەتە پاڵ کۆمەڵگای عەرەبستانی پێش ئیسلام)[63].

تەنها گروپێکی "پێشەنگانی ئوممەت" بە شۆڕشێك دەتوانێت چارەسەرێك بێت بۆ ئەمجۆرە بارودۆخە، ئەویش بە ئیلهام وەرگرتن لە "یەکەم نەوەی قورئانیی"[64]. هێزێك خۆی لە کۆمەڵگا جیا بکاتەوە، وەك ئەوکاتەی محەمەد مەککەی بەجێهێشت، تاکو بتوانێت هێزێك ئامادە بکات بۆ ئەوەی لە گەڕانەوەدا حاکمییەت وێران بکات.

ئەم بەڵگانە چوونە دەرەوەی هێرشکردنە سەر ئیمپریالیزم وەك تەنها دوژمنێك و بۆ یەکەمجار ڕاستەوخۆ هێرشیان کردە سەر دەوڵەت. ئاراستەیەکی لەم جۆرە بۆ ئیخوان موسلمینی نوێ کە ئاراستەیەکی میانەڕەوانەتریان هەبوو، شتێکی ئازاردەرانە بوو. ئیخوان موسلمینێك کە تا بەر لەوە، وەك شەهید سەیری نووسەری ئەم کتێبەیان دەکرد. بەڵام ئەم کتێبە سەرچاوەی ئیلهامی هەزاران لاوی ڕادیکاڵ بوو. لەنێو ئەم سیاقەدا بوو

7- ئەم کتێبە لەلایەن مەلا کرێکارەوە کراوە بە کوردیی.

لە میانەی ساڵەکانی 1970دا گروپی تەکفیر و ئەلهیجرە، کە ڕێبەرەکەی، مستەفا شوکری لە ساڵی 1977دا بە تاوانی ڕفاندنی بەرپرسێکی باڵای ئایینی، ئیعدامکرابوو، وەك "نائیسلامیی" سەیری کۆمەڵگای باوی دەکرد و مزگەوتەکان، ڕێبەرانی ئایینی و تەنانەت ئیخوان موسلمینی نوێ، کە لە دەوروبەری گۆڤاری ئەلدەعوادا کۆبووبوونەوە، ڕووبەڕووی ئەم تۆمەتە کرانەوە[65]. ئەم گروپە تەنها ئەندامانی خۆیان بە موسڵمانی ڕاستەقینە دەبینی و پێیانوابوو: دەبێت لە کۆمەڵگای باو و باڵادەست جیا ببنەوە و لە کۆمەڵ و کۆمۆنیتییە سەربەخۆ و جیاکاندا بژین و لە دەرەوەی ئەم کۆمەڵەیەدا، هەموو کەسێك وەك کافر سەیردەکرا.

لەسەرەتادا ئەنجوومەنە ئیسلامییەکان لە زانکۆکاندا بە توندیی کەوتبووە ژێر کاریگەریی و نفوزی میانەڕەویخوازیی ئیخوان موسلمینـەوە. ئەوان نەك هەر تەنها دەستیانکرد بە مەحکومکردنی ئەو ڕاپەڕینانەی دژ بە بەرزکردنەوەی نرخ ئەنجامدران، بەڵکو تەنانەت گەیشتنە شوێنێك کە دوای ئەوەی شوکری ئیعدامکرا، نکوڵییان لێکرد. بەڵام ڕەفتاریان وردە وردە گۆڕانی بەسەردا هات. بەتایبەت کاتێك سادات ساڵی 1977 "پرۆسەی ئاشتی"ی لەگەڵ ئیسرائیلدا دەستپێکرد. بەخێراییەوە زۆرێك لە چالاکوانانی زانکۆیی ئاراستەیەکیان گرتەبەر لە زۆر ڕووەوە ڕادیکاڵتر بوو لە شوکری: نەك تەنها لە کۆمەڵگا جیابوونەوە، بەڵکو بۆ لەناوبردنی ڕژێم دەستیان بەخۆڕێکخستن

کرد. دەرەنجامەکەی، تیرۆری ئەنوەر سادات بوو لە ئۆکتۆبەری 1981 بەدەستی گروپی جیهادیی عەبدولسەلام فەرەج.

فەرەج بە توندی ڕەخنەی لە ستراتیژیی ئاراستە جیاوازەکانی بزووتنەوە ئیسلامگەراکان دەگرت – ئەو بەشانەی خۆیان بۆسەر ئاستی چالاکیی بۆ ئەنجوومەنی خێرخوازیی بەرتەسك دەکردەوە، ئەوانەی (ئیخوان موسلمینی نوێ) هەوڵیان دەدا حزبێکی ئیسلامیی دابمەزرێنن کە لە باشترین حاڵەتدا شەرعییەتی بە حکومەتی کاتی دەبەخشی، ئەوانەی تەنها "ئامۆژگاری"یان دەدا و خۆیان لە جیهاد دووردەخستەوە، ئەوانەی بەپێی پرەنسیپەکانی شوکری پێشنیاری ئەوەیان دەکرد دەبێت لە کۆمەڵگا دوور بکەونەوە و ئەوانەی پێیانوابوو ئەولەویەت بریتییە لە شەڕ دژ بە دوژمنانی دەرەکیی ئیسلام (لە فەڵەستین یان ئەفغانستان). فەرەج بەپێچەوانەی هەموو ئەم ئاراستانەوە بانگەوازیی بۆ شەڕێکی چەکدارانەی خێرا کرد؛ "جیهاد دژ بە وەلیعەهدی گەندەڵ" وەزیفەی هەموو موسڵمانانە:

"شەڕ دژ بە دوژمن لەماڵەوەدا ئەولەویەتی هەیە بەسەر شەڕ دژ بە دوژمنی دەرەکیدا... بەرپرسیارێتیی بوونی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم لە وڵاتانی موسڵمانیی ئێمەدا لەگەڵ حکومەتە کافرەکاندایە. بەم هۆیەوە شەڕ دژ بە ئیمپریالیزم کارێکی پووچ و بێ شکۆ و کات بەفیڕۆدانە"[66].

لە بەڵگاندنەکەی فەرەجدا تێڕوانین و تێمی ڕاپەڕین دژ بە

دەوڵەت بوونی هەبوو. بەڵام ئەم مەسەلەیە بەری بە جیاوازییە بەرچاوەکانی نێو لقە جیاوازەکانی گروپەکە نەدەگرت. لقی قاهیرە، ئامانجە بنچینەییەکەی وێرانکردنی دەوڵەتی کافر بوو و لقی ئەسیوت لە میسری ناوەڕاست "بانگەشەی ئایینی مەسیحیی بە بەربەستی سەرەکیی بڵاوبوونەوەی ئیسلام" دەبینی"[67].

گروپی ئەسیوت لە پراکتیکدا هێرشە سەرەکییەکانی دژ بە کەمینەی قیبتی بوو (کە زۆرینەیان جووتیاری هەژار بوون) - ئەم سیاسەتە پێش چەند مانگێگ بە سەرکەوتنێکی تۆقێنەرەوە بەدەستی خوێندکارانی جەماعە بووبووە هۆی شەڕگەلێکی خوێناویی نێوفرقەیی (inter-communal). سەرەتا لە شاری مینیا لە میسری ناوەڕاست و پاشان لە ناوچەی زوعیا ئەلحەمرای قاهیرە: "جارێکی دیکە لە بەهاری 1980دا جەماعە ئاگریی پێکدادانە فرقەییەکانی خۆشکرد تاکو بەم هۆیەوە پاشەکشە بە دەوڵەت بکات و دەریبخات کە دەتوانێت وردە وردە جێگاکەی بگرێتەوە"[68].

لقی ئەسیوتی جیهاد ڕێگایەکی بەکاردەهێنا کە بەسەرکەوتووییەوە تاقیکرابووەوە و بە ستراتیژییەتی بەهێزترکردنی ڕقی کۆمەڵ یان جەماعە، پشتیوانیی خەڵکی بەدەستهێنابوو. ئەوان توانییان لە ماوەیەکی کەمی دوای تیرۆرکردنی ئەنوەر سادات، دەست بەسەر ئەسیوتدا بگرن. لەو بەرەیەدا، جیهادییەکانی قاهیرە هەبوون کە دەوڵەت دوژمنە

سەرەکییەکەیان بوو ”کەمێك تۆڕی پشتیوانیان هەبوو و کردەوە تاکەکەسییەکانیان - تیرۆرکردنی ئەنوەر سادات - لەگەڵ ڕاپەڕینی خەڵکی موسڵمانی میسردا یەکی نەگرتەوە. ئەو شتەی فەرەج و هاوڕێکانی بێ ئۆقرە داوایان دەکرد، هیچ نەتیجەیەکی نەبوو“[69].

لەبری ئەوەی تیرۆرکردنی سادات ئیسلامگەراکان لەگەیشتن بەدەسەڵات نزیك بکاتەوە، کەچی هەلێکی خستە بەردەم دەوڵەت تاکو بە قۆستنەوەی ئاڵۆزیی و پێکدادانەکانی دوای تیرۆرەکە، زەربێك بەسەر ئیسلامگەراکاندا بهێنێت. هەزاران کەس حەبسکران و زۆرێکیش لە ڕێبەران و سەرکردەکانیان لەداردران. سەرکوتەکان بزووتنەوەکەیان ئێجگار لاواز کرد. وێڕای ئەمە، هێشتا ئەو هۆکارە ماڵئاوایی نەکردبوو کە زۆرێك لە لاوەکانی بەرەو ئیسلامگەراکان ئاراستە دەکرد. لە ساڵەکانی کۆتایی دەیەی 1980دا، بزووتنەوە دووبارە هێزی خۆی ڕێکخستەوە و بەخێراییەوە لە ناوچەکانی قاهیرە و ئەسکەندەریەدا گەشەیکرد. و ئەمە هاوزەمان بوو لەگەڵ ئۆپەراسیۆنەکانی تیرۆرکردن دژ بە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس.

پاشان لە دیسەمبەری 1992دا دەوڵەت هەڵمەتێکی سەرکوتی بێ پێشینەی گرتەبەر. تانکەکان و سەیارەکانی دژە ڕاپەڕین لەگەڵ 20 هەزار هێزی ناوچە هەژارنشینەکانی قاهیرە وەك ئیمبابای داگیرکرد. دەیان هەزار کەس لە بەندیخانە قایمکران و ئەوانەش کە ڕایانکردبوو دەستەکانی مەرگ بۆیان

ئامادەکرابوون. ئەو مزگەوتە سەرەکییانەی کۆبوونەوەی ئیسلامگەرا ڕادیکاڵەکانی تێدا ئەنجام دەدرا، تەلبەند کران و بەستران. دایك و باوکان، منداڵان و هاوسەرەکانیان زیندانی کران و ئەشکەنجە دران.

دەوڵەت لە سەرەتاکانی دەیەی 1990دا، هەڵمەتی تیرۆر و سەرکوتێکی دیکەی بە سەرکەوتنێکی دیکەوە گرتەبەر. بزووتنەوەی ئیسلامگەرا تەنانەت چیتر نەیدەتوانی خۆپیشاندانیش ڕێکبخات. لەبری ئەوە، تەنها ستراتیژییەتی تیرۆری گرتەبەر. ئەو ستراتیژییەتەش بۆ ڕژێمەکەی موبارەك هەڕەشەیەکی جدیی و بەرچاو نەبوو. ئەگەرچی بەجۆرێك، بەشێوەیەکی تەواو، پیشەسازیی گەشتیاریی وێرانکرد.

بەم حاڵەوە، ئیخوان موسلمین هێشتا درێژەی بە ڕۆڵگێران وەك ئۆپۆزیسیۆنێکی وەفادار دا. و دەستیکرد بە دانوستان لەگەڵ دەوڵەت بۆ پیادەکردنی وردە وردەی پرەنسیپەکانی شەریعەت لە دانانی یاسادا و خۆی بەدوورگرت لە هەرجۆرە خۆپیشاندانێك دژ بە دەوڵەت.

# ناکۆکییەکانی ئیسلامیزم: جەزائیر

کورتیلە مێژووی سەرهەڵدان و ڕادیکاڵیزەبوونی ئیسلامیزم لە جەزائیر لە زۆر ڕووەوە لە میسر دەچێت. دیکتاتۆری جەزائیر، هواری بومدین8، کە لە کۆتاییەکانی 1960 تا کۆتاییەکانی 1970 حوکمڕانیی کرد، لە بەرانبەر بە ڕەوتە چەپەکان و نەیارە مێژووییەکانی خۆیدا لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیدا، کە کۆتایی بە کۆلۆنیالیزمی فەڕەنسی هێنابوو، پشتیوانیی لە ئیسلامگەرای میانەڕەو دەکرد.

لەساڵی 1970 دەوڵەت لەسەر دەستی وەزیری پەروەردە و ئەوقاف، مەولود قاسم، بۆ شەرکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو شتەی "گەندەڵی و داڕمانی ئەخلاقیی" و "کاریگەرییە غەربییەکان" کە لە ئەنجامی کۆسمۆپۆلیتیانیزم و ئەلکولیزم و یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی تەڵاق، سنۆبیزم (snobbism)، واتا بەدواکەوتنی غەرب و جلوبەرگی نیوەڕووت" هاتبووە ئاراوە، دەستکرا بە هەڵمەتی جێبەجێکردنی بەرنامەی ئیسلامیزەکردنی وڵات[70]. ئیسلامگەراکان سوودیان لەم دەرفەتە وەرگرت و دەستیانکرد بە بەرزکردنەوە و زۆرکردنی کاریگەریی و نفوزی خۆیان. گەلێك کۆمەکی داراییان لەو خاوەندارانە وەرگرت کە

---

8- ناوی ڕاستەقینەی محەمەد ئیبراهیم بوخروبەیە ساڵی 1932 لەدایکبووە و 1978 مردووە. هەروەها ڕێککەوتنی ئێران و عێڕاق کە بەڕێککەوتنی جەزائیر ناسراوە، بەنێوانگریی بوخروبە بووە (وەرگێڕ).

بەهۆی چاکسازییەکانی زەوییەوە ئاڵۆز و نیگەران بووبوون تاکو لەم ڕێگایەوە بانگەشەکان ببەنە نێو هەژارترین توێژەکانی کۆمەڵگا:

"بابەتی بانگەشەکردنی ئوسوڵییەکان ئەوە بوو کە نفوزی کۆمۆنیستەکان و مولحیدەکان بەهۆی شۆڕشی زەوییەوە هەڕەشەیەکە بۆ ئیسلام... عەرەبە ئوسوڵییەکان دوای ئەوەی مزگەوتە کاتییەکانی خۆیان لە هەژارترین ناوچەکانی شاردا بونیاتنا – ئەو مزگەوتانە دواتر بوونە بناغەگەلێکی بەهێز و پتەو – دەستیانکرد بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی خۆیان لەم ناوچانەدا. خانەدانانی بێ بەش لە شۆڕشی زەوی، کرێکاران و بێکارانی ناڕازیی لە بارودۆخی خۆیان، گوێیان لە ئوسوڵییەکان دەگرت"[71].

پاشان لە میانەی ساڵەکانی 1970دا چەندین کەرتی ڕژێم بۆ لاوازکردنی چەپ لە زانکۆکاندا پشتیوانیی ئوسوڵییەکانیان دەکرد "لەنێوان ساڵەکانی 1976 تا 1980 ئوسوڵییەکان بە کۆمەکی ڕژێم سەرکەوتووبوون لەوەی نفوزی مارکسیستەکان لە دەرەجەی سفر نزیك بکەنەوە"[72].

لە ساڵەکانی سەرەتای 1980دا بەشێکی ڕژێم بۆ بەهێزترکردنی خۆی، بەردەوام بوو لە پشتیوانیکردن و پشتگیریکردنی "میانەڕەوترین" جۆری ئیسلامگەرایی. شیبان وەزیری کاروباری ئایینی و ئەوقاف تا ساڵی 1986 ئومێدی بەوە هەبوو بۆ ئامانجەکانی خۆی، ئەم ئاراستە بەهێز بکات. بەم

هۆیەوە کۆمەکی گەیاندە ئیسلامگەراکان تاکو کۆمەکی دارایی زۆر لە پیشەگەران و بازرگانەکان بۆ دروستکردنی مزگەوتەکان وەربگرن[73]. بەڵام ئەم کارانە نەبوونە هۆی بەرگرتن بە تەفسیر و لێکدانەوەی ڕادیکاڵەکان بۆ ئیسلام کە ڕژێمیان ڕەتدەکردەوە. لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی شاری قوستەنتنیە دەڵێت:

"ئوسوڵییەت (Integrism) خۆشەویستیی و مەحبوبییەتی ڕوانگەی ئیسلامیی نوێی کە داوای نوێکردنەوەی ژیانی کۆمەڵگای ڕۆژگاری محەمەد دەکات، لە نێوان بەشێکی گەورەی بیروباوەڕی گشتیی کۆنستانتینندا لە جێگای چەمکە نەریتییەکان داناوە. ئەم ئوسوڵییەتە دەسەڵاتی خۆی لەو بێبەریکردن و مەحرومییەتە کۆمەڵایەتیانە وەردەگرێت کە بەرۆکی زۆرێکی لاوانی گرتووە؛ هەموو ئەوانەی خراونەتە دەرەوەی سیستەمی ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە"[74].

دەسەڵاتی تەفسیرێکی وەها بۆ ئیسلام بەجۆرێك بوو وەزیری ئەوقافی ناچارکرد لە مزگەوتەکاندا لەبری ئەوانەی بیروباوەڕگەلی "میانڕەوتریان" هەیە ئوسوڵییەکان وەك "ئیمام" دابمەزرێنێت.

ڕژێم وردە وردە کۆنترۆڵی خۆی لەسەر ئەو مەکینەیە لەدەست دەدا کە بۆ سەرکوتکردنی چەپەکان بەگەڕی خستبوو. ئیسلامگەرایی لەبری ئەوەی کۆمەڵانی خەڵك بۆ ڕژێم کۆنترۆڵ بکات، ئازار و ڕقی خەڵکی بەرەو ئەو سەرکردانە ئاراستە کرد کە پێشینەیان لە خەباتی ئازادیخوازیی ساڵەکانی

1960دا هەبوو، بەڵام دوای ئەوە بوو بوون بە چینی حاکمی خاوەن ئیمتیاز. قەیرانی ئابووریی ساڵەکانی ناوەڕاستی 1980ی جەزائیر تووڕەیی و غەزەبی کۆمەڵانی خەڵکی قوڵتر کردەوە و ئەمە لەکاتێکدا بوو چینی حاکم کە ڕۆژگارێك پێشتر هێرشیان دەکردە سەر سەرمایەدارانی غەربیی، دووبارە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە دەستیان بەڕووی ئەوانەوە نابوو. و جوڵەی ئیسلامگەراکان دژ بە فەڕەنسیزمانەکانی جەزائیر کە "بەها غەربییەکان گەندەڵی کردبوون" بەگشتی فۆرمی هێرشکردنە سەر "بەرژەوەندییەکانی توێژێکی کەم بەڵام خاوەن نفوزی تەکنۆکراتە خاوەن ئاستە باڵاکانی پەروەردەی وەرگرتبوو کە ناوکی چینی نوێی کرێوەرگران و بیرۆکراتەکانی پێکدەهێنا"[75].

لە ساڵەکانی ناوەڕاستی 1980دا بوو کە ڕژێم لە ئیسلامیستەکان هەڵگەڕایەوە و ژمارەیەك سەرکردەی ئەوانی لە کونجی بەندیخانە قایمکرد. سەرۆك کۆمار شادلی بنجەدید ئیمامەکانی بە "سیاسەتی دیماگۆژییانە" تۆمەتبار کرد[76]. ئەم سیاسەتە نەك هەر تەنها نەبووە هۆی کەوتنی ئیسلامگەراکان، بەڵکو پێگەی ئەوانی وەك ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێم بەهێز و پتەوتر کرد.

ئەم ڕاستییە خۆی لە ئۆکتۆبەری 1988دا دەرخست. لەنێو ڕاپەڕینێکدا کە نزیکییەکی زۆری لەگەڵ ئەو شتەدا هەبوو کە ساڵی دواتر لە وڵاتانی ئەوروپای شەرقییدا ڕوویدا، تووڕەیی

و ڕقی کۆمەڵانی خەڵك دژ بە چینی حاکم و ڕژێمی خۆیان. بزووتنێك بە مانگرتنێکی عەفەویانە (یان خۆڕسکانە) لە ناوچەی ئەلجەر بەرپا بوو و بەخێرایی پێکدادانی شەقامیی نێوان لاوان و هێزەکانی پۆلیسی لێکەوتەوە: ”خەڵك، وەك زیندانیی ئازادکراو دەنگ و هەستی ئازادیی خۆیان بەدەستهێنایەوە. تەنانەت چیتر هێزی پۆلیس ئەوانی نەدەترساند“[77]. ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری 1988 زیاتر لە هەر شتێك یاخیبوونی لاوانی جەزائیریی بوو دژی بارودۆخی ژیانیان دوای چارەکە سەدەیەکی دیکتاتۆریی میلیتاریی[78].

ئەم ڕاپەڕینە بناغەکانی ڕژێمی لەرزاند. وەك ئەورووپای شەرقیی، ئەو هێزە سیاسییانەی تا ئەو ساتە سەرکوتکرابوون، ئیتر دەیانتوانی ئازادانە خۆیان دەربخەن. بۆ یەکەم جار ڕۆژنامەنووسان بە ئازادیی دەیاننووسی. ڕۆشنبیران ئازادانە دەرهەق بە بارودۆخی ڕاستەقینەی جەزائیر لێدوانیان دەدا. دوورخراوە چەپ و ڕاستەکان دەگەڕانەوەماڵی خۆیان. بزووتنەوەی ژنان دژ بە یاسای ئیسلامیی خێزان دەرکەوت کە ڕژێم دەریکردبوو؛ یاسایەك کە مافێکی زیاتری بە پیاوان لە بەرانبەر بە ژناندا دەدا. بەڵام زۆر بەزوویی دەرکەوت لە دەرەوەی ناوچە بەربەرنشینەکان ئیسلامگەراکان هەن هەژموونیان لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا هەیە. ئاستی نفوز و کاریگەریی ئەوان لە زۆر ڕووەوە لە ”دیموکرات“ـەکانی ئەورووپای شەرقیی و یەکێتیی سۆڤێت لە ساڵەکانی دواتر دەچوو. لێبوردەیی

چەندین کەرتی ڕژێم بەرانبەر بە ئیسلامگەراکان لە ڕابردوودا، و ئەو پشتیوانییانەی لەلایەن هەندێك لە دەوڵەتە دەرەکییەکان دەکران (بۆ نموونە کۆمەکە داراییەکانی عەرەبستانی سعوودی) هاوڕا بوو لەگەڵ توانایی ئەوانەی لە پێکەوەگرێدانی پەیامێك کە تووڕەیی کۆمەڵانی خەڵکی دەوروژاند:

"ئیسلامگەراکان بە ژمارەکانیانەوە، تۆڕی مزگەوتەکان و ئینتیمایان بۆ کردەوەی تاکەکەسی خۆبەخۆ دروست وەك ئەوەی لە شوێنێك وەك کۆمیتەی نهێنیی سەنتەری فەرمانیان وەردەگرت توانیان تەنها بزووتنەوەیەك بن کە کۆمەڵانی خەڵك بجوڵێنن و کاریگەرییان لەسەر ئاراستەی ڕووداوەکان هەبێت. بەبێ ئەوەی کەسێك ناڕەزایەتیی دەربرێت بوون بە بێژەر و قسەکەری ڕاپەڕیوان و توانیان خۆیان وەك سەرکردەی داهاتووی بزووتنەوەکە بەسەر ئەواندا بسەپێنن... ڕژێم کە ئیدی چەکە ئۆتۆماتیکەکانی خۆی کوژاندبووەوە نەیدەزانی دەبێت لەگەڵ چ کەسێکدا قسە بکات و بەدوای "سەرکردەکان"دا دەگەڕا. نوێنەرانێك بتوانن خواستەکانی دانیشتووان کۆبکەنەوە و ئەوان کۆنترۆڵ بکەن؛ دانیشتووانێك کە وادەردەکەوێت مەحاڵە کۆنترۆڵ بکرێت. بەمجۆرە بوو شادلی لەگەڵ مەدەنی، بلحاج و [مەحفوز] نەحناح (کەسایەتییە ناسراوەکانی ئیسلامگەرایی) دەستیکرد بە دیدار و چاوپێکەوتن"[79].

لە مانگەکانی دواتردا، بزووتنەوەی ئیسلامگەرا کە خۆی لە فۆرمی بەرەی ڕزگاریخوازیی ئیسلامییدا ڕێکخستبوو هێندە

نفوزی پەیدا کرد کە لە هەڵبژاردنە ناوچەییەکانی مانگی حوزەیرانی 1990دا کۆنترۆڵی گرنترین ناوچەکانی وڵاتی کرد. و پاشان لە هەڵبژاردنی سەرتاسەری دیسەمبەری 1991دا وێڕای ئەو سەرکوتەی دژی ئەم بەرەیە لەئارادا بوو توانی زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنێت. سوپای جەزائیر بۆ ئەوەی ڕێگا نەدات ئیسلامگەراکان حکومەت پێکبهێنن ڕایگەیاند کە هەڵبژاردن ڕەتکراوەتەوە. بەڵام پشتیوانیی ئەوان بەڕادەیەك زۆر بوو کە لە وڵاتدا حاڵەتێکی نیمچەجەنگ هاتبووە ئارا و دوای ئەوەش، کۆنترۆڵی تەواوی ناوچەکان کەوتە دەستی گروپە چەکدارە ئیسلامگەراکانەوە.

هەرچەند دەسەڵاتی ئیسلامیستەکان زیاتر دەبوو، ئاڵۆزیی سیاسەتی ڕاستەقینەی حزبی ڕزگاریخوازیی ئیسلامیی زیاتر خۆی دەردەخست. و ئەمە لە قۆناغێکدا بوو کە حزبی ڕزگاریخوازیی ئیسلامیی لەنێوان حوزەیرانی 1990 تا ئایاری 1991 کۆنترۆڵی ناوچە سەرەکییەکانی وڵاتی بەدەستەوە بوو.

ئەو گۆڕانەی ڕوویدابوو، شتێکی ئەوتۆ نەبوو: داخستنی مەیخانەکان، بەستنی دەرگای شانۆ موزیکەڵەکان، هەڵمەتی کەمێك توندوتیژ بۆ دامەزراندنی "پاکدامێنیی ژنانە" و دژ بە سەحنە زۆر و زەوەندەکانی سەتەلایتەکان کە "بووبووە هۆی هاتنی پۆرنۆگرافیی غەرب"... نە مەدەنی (ناسراوترین سەرکردەی حزبی ڕزگاریخوازیی ئیسلامیی) و نە ئەنجوومەنی شورا بەرنامەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینەی

دانەڕشتبوو و بۆ ئەم مەبەستە هیچ ڕاوێژێکیان بە کۆنگرە نەکرد. مەدەنی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤارێك لە وەڵامی پرسیار لەم بارەیەوە دەڵێت دوای پێکهێنانی حکومەتەکەی، بەم کێشەیەوە خەریك دەبێت"[80].

تەنها شتێك بە ڕاشکاویی حزب هەڵوێستی خۆی لەبارەیەوە ڕاگەیاند، دژایەتیکردنی خواستی بەرزکردنەوەی مافی کرێکاران بوو. لەو مانگانەدا حکومەت دەستیکرد بە دژایەتیکردنی مانگرتنی کرێکارانی پاککەرەوە[کەناس]ی جەزائیر، مانگرتنی کارمەندانی دەوڵەت و هەروەها مانگرتنی سەرتاسەریی یەك ڕۆژە بە بانگهێشتکردنی فیدراسیۆنی سەندیکای "یاسا". مەدەنی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەیەك هۆکاری دژایەتیکردنی مانگرتنی کرێکارانی پاککەرەوە بەو جۆرە لەقەڵەمدا کە بەم کارە خەڵکی بە شەخسییەتی وەك دکتۆرەکان و ئەندازیارە پسپۆڕەکان ناچار دەبن خۆیان گەسك بەدەستەوە بگرن:

"کرێکارانی پاککەرەوە مافی ئەوەیان هەیە مانبگرن، بەڵام مافی ئەوەیان نییە پایتەخەت و وڵاتمان بکەنە زبڵدان... مانگرتنەکانی یەکێتییە کرێکارییەکان بوونەتە دەرفەتێك بۆ خراپەکاران، دوژمنانی الله و نیشتمان، کۆمۆنیستەکان و ئەوانیدیکە کە سوودیان لە پاشەکشێی هێزەکانی بەرەی ئازادیخوازیی نەتەوەیی وەرگرتووە و خۆیان لە هەموو شوێنێکدا بڵاوکردووەتەوە. ئێمە دووبارە خەریکین ئەزموونی ڕۆژەکانی ڕێکخراوی سوپای نهێنیی دەکەینەوە"[81].

ئەم هەڵوێستە بە تەواوی دەهاتەوە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەو چینەی دوای چاکسازییەکانی زەویی دارایيان بۆ ئیسلامگەراکان دابین دەکرد. هەروەها ئەو ئەندامەی بەرەی ئازادیخوازیی نەتەوەیی کە بۆ خۆیان بووبوونە وردەبۆرژوا کێشەیەکیان لەگەڵ ئەم هەڵوێستەدا نەبوو: مامۆستایانی زانکۆ، ئیمامە تاعینکراوەکان لە مزگەوتەکاندا، مامۆستایانی خوێندنگاکان و هەروەها لە گوندەکاندا ئەوانەی بەهۆی پشتیوانییان لە حزبی حاکمی پێشوو (بەرەی ئازادیخوازیی نەتەوەیی) دۆخیان باشتر بووبوو و خۆیان بووبوون بە کشتوکاڵچیانی سەرمایەدار و یان وردەبزنسمان. بەڵام ئەم هەڵوێستە بە تەنها نەك بۆ کۆمەڵانی هەژاری خەڵك کە چاویان لە بەرەی ڕزگاریخوازیی ئیسلامیی بوو و نەك بۆ ئیجباری چینی حاکم و سوپا بۆ پاشەکشێکردن و قبوڵکردنی دەوڵەتی بەرەی ڕزگاریی، کافی نەبوو.

لە کۆتایی مانگی ئایاری 1991دا بەرەی ڕزگاریی کە ڕووبەڕووی هەڕەشەکانی سوپا بۆ وێرانکاریی لە هەڵبژاردنەکاندا بووبووەوە (چونکە سوپا لە سەرکەوتنی بەرەی ڕزگاریی دەترسا) تاکتیکی خۆی گۆڕی: "دژایەتیکردنی بەرە لەگەڵ هەڵبژاردنی "ساختەدا". ئەم دژایەتیکردنە یاخیبوونێکی ڕاستەقینەی لێکەوتەوە و ئۆکتۆبەری 1988مان بیردەهێنێتەوە: مۆلۆتۆڤ

کۆکتێل [بۆمبی شوشەیی]9، گازە فرمێسك ڕێژەکان و باریکادەکان10. عەلی بلحاج ئیمامی کاریزمایی مزگەوتی بابلعود، دەیان هەزار کەسی ڕژاندە شەقامەکانەوە[82]. بەرەی ڕزگاریی بە پشتیوانیی لاوانێکی زۆر، لە بەرانبەر ئەو هەژارییەی سیستەم بە کۆمەکی سوپا بەسەر کۆمەڵگادا سەپاندبووی، ئیسلام و جیهاد بۆ ئەوان وەك تاکە ئەڵتەرناتیڤێك دەردەکەوت، بۆ ماوەیەکی کاتی کۆنترۆڵی سەنتەری ئەلجەڕیان بەدەستەوە گرت.

لەڕاستیدا، هەرچەند بەرەی ڕزگاریی بەهێزتر دەبوو، زیاتر دەکەوتە بەردەم دووڕیانی قبوڵکردنی بەرپرسیارێتی و یاخیبوونەوە: لە مانگی مارسی 1991دا مانگرتنی کۆمەڵانی خەڵك قەدەغە کرا و دوای دوو مانگ لە مانگی ئایاری 1991 و داوای لێکردن حکومەت هەڵبوەشێننەوە.

بەدرێژایی سێ ساڵی دواتر کە بزووتنەوەی گەریلایی لە شارەکان و گوندەکاندا پەرەیسەند هەر ئەم ناکۆکییانە خۆیان لەنێو بزووتنەوەی ئیسلامگەراکاندا دەردەخست. "حوکمدانی عەباسی مەدەنی و عەلی بلحاج بە 12 ساڵ زیندانی... بەرەی زیاتر لە پێشوو ڕادیکاڵتر کرد و بوو بەهۆی پەرتەوازەبوونێکی نیگەرانکەر لە بناغەکانی بزووتنەوەکەدا. دەستگیرکردنی هەزاران کەسی ئەندامان و لایەنگران و هێشتنەوەیان لە

9- ئەو بوتڵە شوشەیەی پڕ دەکێت لە کحول و پاشان پارچەپەڕۆیەك دەکرێت بە فتیلە و فڕێدەدرێت.

10- ئەو بەربەستانەی لەسەر جادەکان دادەنرێن.

کەمپی سەحرا تیرۆریزمی شاری و پێکدادانە گەریلاییەکانی لە گوندەکاندا بەرزتر کردەوە“[83]. دوو ڕێکخراوی میلیتاریی سەریانهەڵدا: بزووتنەوەی چەکداریی ئیسلامیی (MIA کە دواتر ناوی خۆی بۆ AIS گۆڕی) و گروپە چەکدارە ئیسلامییەکان (GIA) کە بەخێرایی توانیان هێز لە گروپە چەکدارییەکانی سەرتاسەری وڵات کۆبکەنەوە. بەڵام بزووتنەوە نهێنییەکانیش ”ناکۆکیگەلی ناوەکی“یان هەبوو[84]:

بەپێچەوانەی ’میانەڕەوی’ی بزووتنەوەی چەکداریی ئیسلامیی کە ’تەنها’ نوێنەرانی ’ڕژێمی مولحید’ ئیعدام دەکات، قوربانیانی گروپە چەکدارییە ئیسلامییەکان (GIA) کە جیهادی ڕاگەیاندبوو لەنێوان ڕۆژنامەنووسان، نووسەران، شاعیران، فیمینیستەکان و ڕۆشنبیران دایە... لە نۆڤەمبەری 1993 ئەم ڕێکخراوە 32 ئیمامی میانەڕەوخواز و ژنانی صفوری ئیعدام کردبوو... لە جەنگە براکوژییەکانی نێوان GIA و MIAدا دەیان کەس بوونە قوربانی... خەڵکانێك، کوژرانی 7 تیرۆریست کە لەماوەی نیشتەجێبوونی من لە ئەلجەڕ جەستەیان دۆزرایەوە، بە کاری ئەم گروپانە دەنێن و باقی ئەوانیدیکەش بە کاری هێزەکانی پۆلیسی نهێنیی سەیر دەکەن[85]. ڕێکخراوی GIA ڕێبەران و سەرکردەکانی ڕابردووی بەرەی ڕزگاریی تۆمەتبار دەکرد بە ئۆپۆرتۆنیزم(هەلپەرستییخوازیی)، خیانەت و پەیڕەوینەکردنی بەرنامە و پلانی بەرە، کە پیادەکردنی تەواوی شەریعەتە“[86].

## بزووتنەوەی دووکەرت بوو

ئەزموونی ئیسلامگەرایی لە میسر و جەزائیر دەریدەخات چۆن دەکرێت لەنێو بزووتنەوەدا جیابوونەوە لەبەر دوو پرس ڕوویدات: یەکەم ئایا دەبێت ڕیفۆرمی کەم تا زۆر ئاشتیی کۆمەڵگای باڵادەستیان بوویت یان چەك هەڵگرن؛ دووەم ئایا دەبێت شەڕ بکەن بۆ لەناوبردن و گۆڕینی دەوڵەت یان بۆ پاڵاوتنی کۆمەڵگا لە "بێ ئیمانی".

ئیخوان موسلمینی ئەمڕۆی میسر سیاسەتی ڕیفۆرمی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی کردووەتە ئامانج. ئەوان دەیانەوێت بە بەدەستهێنانی دەسەڵاتی پێویست بۆ پێکهێنانی ئۆپۆزیسیۆنی یاسایی، کۆمەڵگای هەنوکەیی[existing society] لە ناوەوە بگۆڕن. ئەویش ئۆپۆزیسیۆنێك بێت بە نوێنەران و بڵاوکراوەی خۆی و هەوڵ بۆ کۆنترۆڵ لەسەر ڕێکخراوەکانی کارپێدانی چینی ناوەڕاست و نفوزێك کە لەڕێگایەوە مزگەوتەکان و ئەنجوومەنەکانی خێرخوازی ئیسلامیی دەیەوێت بەدوای ئامانجەکانی خۆی بکەوێت لەسەر کۆمەڵانی خەڵك. ئەوان بۆ پیادەکردنی دینداریی ئیسلامیی، لە ستراتیژێك بەکاردەهێنن تاکو ڕژێم ناچار بکەن لەنێو یاسا دەستوورییەکانی وڵاتدا جێگای شەریعەت بکاتەوە.

واپێدەچێت ئەمە ستراتیژێك بێت بۆ سەرکردە زیندانیکراوەکان و یان دوورخراوەکانی بەرەی ڕزگاریی

ئیسلامیی جەزائیریش گونجاو بێت. لە مانگەکانی یەکەمی ساڵی 1994 چەند ڕاپۆرتێك بڵاوکرانەوە لەسەر دانوستانەکانی نێوان ئەوان و بەشێك لە ڕژێم لەسەر بابەتی دابەشکردنی دەسەڵات و پیادەکردنی گەلێك بەشی شەریعەت. و لە نیسانی 1994دا ڕۆژنامەی گاردیان ئەوەی بڵاوکردەوە کە ڕەباح کەبیر، یەکێك لە سەرکردەکانی بەرەی ڕزگاریی لە دوورخراوەییدا، هەڵبژاردن و دیاریکردنی ڕەزا مەلیکی "تەکنۆکرات" بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی جەزائیر، بە "کارێکی پۆزەتیڤ" لەقەڵەم داوە[87]. – تەنها دوو ڕۆژ دواتر کە بەرەی ڕزگاریی دوایین پاکێجی ڕێککەوتنی دەوڵەتی جەزائیر و سندوقی دراوی نێودەوڵەتیی مەحکوم کرد[88].

هەندێك موفەسیری ژێر ئەم ڕێککەوتنە وەك باشترین ئامرازی دەستی بۆرژوازیی جەزائیر سەیردەکەن بۆ کۆتایی هێنان بە ناجێگیریی و پتەوکردنی دەسەڵاتی خۆیان. خوان گویتزۆلۆ دەڵێت ئەگەر سوپا ڕێگای بە بەرەی ڕزگاریی دابایە تاکو دوای هەڵبژاردنەکانی 1991 حکومەت پێکبهێنێت ئەوا دەیتوانی خۆی ڕزگار بکات:

"ئەو هەلومەرجەی تیایدا بەرەی ڕزگاریی دەگەیشتە دەسەڵات بەڕادەیەکی زۆر پیادەکردنی بەرنامەکەی بەرتەسك دەکردەوە. قەرزەکانی جەزائیر، وابەستەیی داراییەکەی بە قەرزدەرانی ژاپۆنی و ئەوروپایی، ئاڵۆزیی ئابووری و دوژمنانی گروپە چەکدارەکان، بۆ بەرەی ڕزگاریی گەلێك بەربەستی

بەرچاوی دروست دەکرد... تەواو بێتوانایی و لاوازیی لە جێبەجێکردنی بەڵێنی هەڵبژاردنەکان پێشبینیکراو بوو. کەمتر لەساڵێك لە پێکهێنانی حکومەتدا کە توانای لەلایەن نەیارەکانییەوە بەرتەسك دەکرایەوە، بەرەی ڕزگاریی بەشێکی گەورەی متمانەی خۆی لەدەست دەدا“[89].

”ڕیفۆرمیزمی ئیسلامیی“ وەڵامی خواستەکانی گروپە گرنگە کۆمەڵایەتییەکان دەداتەوە: زەویداران و بازرگانیی نەریتیی، بۆرژوازیی نوێی ئیسلامیی (بەتایبەت ئەو دەستەیەی ئیخوان موسلمین کە سەروەت و سامانێکی زەبەلاحیان لە عەرەبستانی سعوودیدا کۆکردووەتەوە) و ئەو بەشەی چینی ناوەڕاستی ئیسلامیی کە پێگە کۆمەڵایەتییەکەیان بەرز بووەتەوە. بەڵام چینەکانی دیکەی جڤات (کۆمەڵ) کە پشتیان بە ئیسلامگەرایی بەستبوو – خوێندکاران و هەژارانی پێشووی خوێندکار و هەژارانی شار –ی ڕازی نەدەکرد. هەرچەند زیاتر ئیخوان موسلمین و بەرەی ڕزگاریی خەریکی سازشکردن بن ئەم چینانەش زیاتر لەوان هەڵدەگەڕێنەوە: ئەوان هەرجۆرە پاشەکشێکردن و پێداچوونەوەیەك لەلایەن حکومەتەوە کە لەسەر بنەمای ئبسلامی قورئان داڕێژرابێت، بەخیانەت سەیری دەکەن.

ڕەنگە کاردانەوەی ئەم چینانە گەلێك فۆرمی جۆراوجۆر بەخۆیەوە بگرێت. ئەوان دەتوانن لە بەرانبەر بە دەوڵەتدا هیچ کاردانەوەیەکیان نەبێت و ستراتیژیی پاشەکشێکردن لە کۆمەڵگا

بگرنەبەر. لەم حاڵەتەدا دەگەڕێنەوە بۆ سەر ئامۆژگاریی و پاڵاوتنی ئەم کەمینە ئیسلامییە نەك ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەوڵەتدا. ستراتیژیی یەکەمی گروپی شوکری لە میسر لە میانەی ساڵەکانی 1970دا و هەروەها ئاراستەی هەندێك لە واعیزە ڕادیکاڵەکان کە ئاگایان لە دەسەڵاتی ئەمڕۆی دەوڵەت هەیە، بەمجۆرە بووە.

یان ڕەنگە پەنابەرنە بەر شەڕی چەکداریی. بەڵام هەروەك چۆن خەباتی ئاشتیخواز دەتوانێت دژ بە دەوڵەت بێت و یان دژی بێ دینان، ئەوا ڕەنگە شەڕی چەکدارییش بۆ لەناوبردنی دەوڵەت و یان لەناوبردنی "دوژمنانی ئیسلام" لەنێو خەڵکدا بێت: کەمینە ئەتنیکی و ئایینییەکان، ژنانی صفور، فیلمە خاریجییەکان، کاریگەرییەکانی "ئیمپریالیزمی کولتووری" و هاوشێوەکانی. لەوانەیە وادەربکەوێت کە لۆژیکی ئەم بارودۆخە خەڵك بەرەو شەڕی چەکدارانە دژی دەوڵەت بجوڵێنێت. بەڵام دژەلۆژیکێکی بەهێزیش هەیە کە ڕیشەی لە پێکهاتەی چینایەتیی شەڕکەرەکانی ئیسلامیزمدا هەیە.

هەروەك بینیمان ئەو بەشانەی چینە چەوسێنەرەکان پشتیوانیی ئیسلامگەرایی دەکەن، بەشێوەیەکی سروشتی، مەیلیان بەلای تەفسیرگەلی هەرچەند ڕیفۆرمیستیتردا هەیە. تەنانەت ئەگەر هیچ بژاردەیەکی دیکە نەمابێتەوە جگە لە هەڵگرتنی چەك، ئەوا وای بەباش دەزانن ئەم کارە بەشێوەیەك ئەنجام بدەن نائارامییەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە بەرفراوانەکان

کەمتر ببێتەوە. ئەوان کودەتا لە جوڵانەوە جەماوەرییەکان بە باشتر دەزانن. و ئەگەر بەپێچەوانەی هەوڵەکانی ئەوان ئەم بزووتنەوانە دروست بن، ئەوا تەواوی هەوڵ و تەقەللایان دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی زۆر بەزوویی کۆتایی بەمە بهێنن.

وردەبۆرژوازیی هەژارخراوی نوێ زۆر زیاتر ئینتیما و مەیلی بۆ کردەی چەکدارانە هەیە. بەڵام پێگە پەراوێزییەکەی لە جڤاتدا دەبێتە بەربەست لەبەردەم ئەوەی کردەوەی شەڕ و جەنگان وەك خەباتێکی جەماوەریی -وەك مانگرتن- ببینێت، بەڵکو زیاتر پێیوایە ئەمە پیلانگێڕییە. پیلانگێڕیی بەدەستی گروپە چەکدارە بچووکەکان. چەندین پیلانگێڕیی کە هەڵگیرسێنەرەکانی دەیانەوێت ئەو گۆڕانە شۆڕشگێڕییە کۆتایی نەیەت، ئەگەرچی ڕەنگە وەك تیرۆری سادات بە ئامانجە هەنوکەییەکانی خۆیان بگەن. وردەبۆرژوازیی نوێ توانای ئەوەی هەیە بە ڕادەیەکی زۆر پشێویی لە کۆمەڵگادا دروست بکات بەڵام ناتوانێت بیباتە ئاستی شۆڕشگێڕییەوە.

پۆپۆلیستە ڕووسەکانی بەر لە 1917 بەمجۆرە دەجوڵانەوە؛ هەروەها نەوەیەکی خوێندکاران و خوێندکارانی پێشووی وڵاتانی جیهانی سێیەم، کە لە کۆتایی ساڵەکانی 1960دا بەرەو گیڤاراییزم و ماویزم ڕۆیشتبوون (جێنشینەکانیان لە پیرۆ و فیلیپین هێشتا لەسەر ئەم شێوازەن). و هەروەها ئەمە ئەزموونی ئیسلامگەرا چەکدارەکانی دژە دەوڵەتە لە میسر و جەزائیری ئەمڕۆدا.

تاکە ڕێگای دەرچوون لەم بنبەستە لەبەردەم ئیسلامگەراکاندا بەدەستهێنانی پشتیوانیی و پشتگیریی گروپە کۆمەڵایەتییە ناپەراوێزییەکانی نێو جەماوەری هەژاری شاریی و بەدەربڕینێکی دیکە ناو جەماوەری کرێکارانی پیشەسازییە گەورە و مامناوەندەکانە. بەڵام چەمکە بنچینەییەکانی ئیسلام ئەم کارە مەحاڵ دەکات. چونکە ئیسلام تەنانەت لە ڕادیکاڵترین فۆرمی خۆیدا بانگەشە بۆ لەناوبردنی دەوڵەمەندان ناکات، بەڵکو باس لە گەڕانەوە بۆ ئوممەتێك دەکات تێیدا هەژار و دەوڵەمەند لەدۆخێکی ئاشتەواییدا بن. بەمجۆرە لە پلانی ئابووریی حزبی ڕزگاریدا، ئەڵتەرناتیڤی "سەرمایەداریی غەرب" بریتییە لە پڕۆژەی "پیشەسازییە بچووکەکان" کە "پێداویستییە لۆکاڵییەکان" دابین دەکات. پلانێك کە لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ بانگەشەکانی هەڵبژاردنی زۆرێك لە حزبە کۆنزەرڤاتیڤە لیبراڵەکانی سەرتاسەری دونیادا هەیە[90]. و بەرەی ڕزگاریی لە هەوڵدا بۆ دامەزراندنی "سەندیکای ئیسلامیی" لە هاوینی 1990دا پێداگریی لەسەر "ئەرکەکانی کرێکاران" دەکرد و دەیگوت بەم هۆیەوە کە ڕژێمی پێشوو ماف و مافێکی زۆری بە کرێکاران داوە "[ئەوا] کرێکاران لەسەر کارنەکردن ڕاهاتوون" و مادام لە دەقە موقەدەسەکانی ئیسلامییدا باس لە ململانێی چینایەتی نەکراوە، کەواتە ئەم کێشانە "لە ئیسلامدا بوونیان نییە". لەبری ئەوە، سەرۆك کار دەبێت لەگەڵ کرێکاران بەو جۆرە بجوڵێتەوە کە قورئان باسی دەکات ئیماندارێك دەبێت

لەگەڵ کۆیلەکانیدا بەمجۆرە ڕەفتار بکات – وەك "برا"[91].

جێگای سەرسوڕمان نییە ئەگەر هیچ یەکێك لە گروپە ئیسلامیستەکان نەیانتوانیوە بناغەگەلێکی پتەو لە کارگەکاندا بۆ خۆیان دروست بکەن، تەنانەت یەك لەسەر دەی ئەو دەسەڵاتەی لە دەرەوەی کارگە هەیانبووە. بەڵام بەبێ بناغەیەکی وەها تەنانەت ئەگەر سەرکەوتوو بن ڕژێمی باڵادەست هەڵبگەڕێننەوە ئەوا بەتەنها ناتوانن گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان دیاریبکەن. توێژە پەراوێزییەکانی کۆمەڵگا لەوانەیە بتوانن قەیرانێکی گەورە لە ڕژێمدا دروست بکەن کە بناغەکانی لەرزاوە، بەڵام ناتوانن ڕێگاچارەی دەرچوون لە قەیران دابڕێژن.

گروپە ئیسلامیستەکان ئەم توانایەیان هەیە قەیرانێکی وەها لەمجۆرە ڕژێمانەدا دروست بکەن و ڕێبەر و سەرکردەکانی ڕژێم لابەرن. بەڵام ناتوانن ڕێ بە پیلانگێڕیی چینی حاکم بگرن کە لە سەردەمی ئەو سەرکردانەدا گەیشتوون بە سامان و دەسەڵات. ڕێککەوتنێك دەکەن لەگەڵ هێزە ئیسلامگەرا میانەڕەوەکان بۆ ئەوەی بتوانن لە دەسەڵاتدا بمێننەوە. لە دۆخێکی وەها قەیراناویدا گروپە ئیسلامگەراکان خۆیان بە سەرکوتی دەوڵەتی گەلێك تێچوونی ئینسانی دەدەن.

هەر ئەم فشارەی دەوڵەتە کە بەشێك لەوان ناچار دەکات واز لە شەڕی ڕاستەوخۆ دژ بە دەوڵەت بهێنن و بژاردەیەکی سادەتری هێرش دژی "بێ دینان" و کەمینەکان هەڵبژێرن.

هەڵبژاردنێکە خۆی لەخۆیدا ئەوان لە ئیسلامگەرا ڕیفۆرمیستە "میانەڕەوەکان" نزیکتر دەکاتەوە.

ڕاستییەکەی، لە ئیسلامیزمدا جۆرە دیالەکتیکێك بوونی هەیە. شەڕکەرانی دژە دەوڵەت دوای ئەوەی سەرکوت دەکرێن فێردەبن کە دەبێت سەری خۆیان دانەوێنن و لەبری ئەوە شەڕ بۆ پیادەکردنی ڕەفتاری ئیسلامیی، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ (ڕیفۆرمیزمی ئیسلامیی) بکەن. بەڵام نە پیادەکردنی پرەنسیپەکان و ڕەفتاری ئیسلامیی و نە ڕیفۆرمەکان، ناتوانن ئەو توێژانەی جڤات ڕازی بکەن کە ناڕەزایەتییەکی زۆریان هەیە و چاویان بڕیوەتەوە ئیسلامیزم. بەم هۆیەوەیە بەردەوام گروپە تازەکان لە بزووتنەوە جیادەبنەوە و ڕوودەکەنە شەڕێکی چەکدارانە و هەر ئەوانیش دوای ماوەیەك تێدەگەن ڕێگاکە دژوار و کەندەڵانە و سنوورەکانی جوڵانەوە چەکدارییەکان پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی پتەویان نییە.

بینینی سنووردارێتییەکانی ڕیفۆرمیزمی ئیسلامگەرایی خۆی لەخۆیدا نابێتە هۆی گرتنەبەری سیاسەتێکی شۆڕشگێڕانە. بەم هۆیەوە کە چالاکیی ئەم گروپانە هیچ بناغەیەکی جەماوەرییان نییە، بەگشتی، سنوورەکانی ڕیفۆرمیزم ئەم گروپانە بەرەو تیرۆریزم و شەڕی گەریلایی ئاراستە دەکات. و یان لەوانەیە ببێتە هۆی ستراتیژیی کۆنزەرڤاتیڤانەی هێرشکردن دژ بە هێزە بێگوناهەکان کە بێ هۆ وەك بەرپرسی کێشەکانی سیستەم سەیر دەکرێن. و مادام هەردوو ئاراستەکە یەك زمانی ئایینی

بەکاردەهێنن ئەوا لە گەلێك شوێندا یەکدەگرنەوە. بەمجۆرەیە ئەو هێزانەی دەیانەوێت دژی ڕژێم و دژی ئیمپریالیزم بجەنگن لەبری ئەوە هێرش دەکەنە سەر قیبتییەکان، بەربەرەکان و ژنانی صفور. و یان ئەوانەی ڕق و کینەیەکی زۆریان بەرانبەر بە سیستەم هەیە دەکەونە نێو داوی دانوستان لەگەڵ دەوڵەت بۆ پیادەکردنی شەریعەت. هەروەها کاتێك لەنێوان گروپە نەیارەکاندا سنووربەندییەك دەردەکەوێت - هەندێکجار هێندە توند کە دەستدەکەن بە تۆمەتبارکردنی یەکتری بە "مورتەد" و کوشتنی یەکتری - ئەم ئیشنیقاقانە بەجۆرێك دەردەکەون کە هۆکارە واقیعییە کۆمەڵایەتییەکان لەپشتەوەیدا بە نەبینراوی دەمێننەوە. ئەگەر فەردێکی ئیسلامیست لە پلەکانی هیرارشییەتی کۆمەڵایەتی بچێتە سەرەوە و واز لە جەنگان بهێنێت ئەم کارە تەنها دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو "موسڵمانێکی خراپ" (و یان تەنانەت مورتەد)ـە؛ بەڵام ئیسلامیستی دیکە بە چوونە سەر لە هیرارشییەتی کۆمەڵایەتی ڕەنگە وەك "موسڵمانێکی باش" حساب بکرێت.

## ئەزموونی ئێران

هەروەکچۆن ئەزموونی ستالینیزم هەیمەنەی لەسەر گوتاری سۆسیالیزم هەیە، ئەوا ڕژێمی ئیسلامیی ئێرانیش هەیمەنەی بەسەر گوتاری ڕابوونی ئیسلامییدا هەیە. زۆر باوە کە تەنانەت لەنێوان چەپەکاندا، بەدەرەنجامگەلێکی هاوبەشی لەم شێوەیە بگەن. بۆیە، ئیسلامیستەکانیش وەك ستالینیستەکان، وەك مەترسیدارترین هێزگەلی سیاسیی سەیر دەکرێن کە دەتوانن تۆتالیتاریزمێکی وەها بونیاد بنێن ببێتە ڕێگر لەبەردەم هەرجۆرە گەشەسەندنێك. و دەگەن بەم دەرەنجامە زەرووررییە کە بۆ وەستاندنی پێشڕەوییەکانیان دەبێت چەپ لەگەڵ بەشگەلێکی لیبراڵ-بۆرژوازییدا یەکبگرێت[92]. و تەنانەت بۆ سەرکوتکردنی گروپە ئیسلامگەراکان پشتیوانیی لە دەوڵەتە نادیموکراتییەکان دەکات[93]. دیدگایەکی ئاوا بەردەوامێتیی ئیسلامیزم بەکەم سەیر دەکات و پێیوایە لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا دەسەڵاتێکی وەهای هەیە، کە لەڕاستیدا خۆی بەمجۆرە نییە. ئەم تەفسیرە لەسەر تێگەیشتنێکی نادروست لە ڕۆڵی ئیسلام لە ڕەوتی شۆڕشی 1979ی ئێران و دواتری وەستاوە.

ئەو شۆڕشە بەرهەمی ئیسلامگەرایی نەبوو. بەڵکو بەرهەمی ئەو ناکۆکییە قوڵانە بوو کە لە ساڵەکانی ناوەڕاست و کۆتایی دەیەی 1970دا لە ڕژێمی شادا دەرکەوتن. جیاوازیی و سنووربەندیی نێوان سەرمایەی مۆدێرن کە سەر بە دەوڵەت بوو و کەرتە "نەریتی"ترەکانی سەرمایە کە لە "بازاڕ"دا (کە دوو

لەسەر سێی فرۆشی گەورە و سێ لەسەر چواری وردەفرۆشیی کۆنترۆڵ کردبوو) کۆدەبووەوە، بە قەیرانی ئابووریی، زیاتر قوڵ بووەوە. و لە لایەکی دیکەوە ناڕەزایەتیی جەماوەریی کرێکاران و زۆرینەی جووتیارانی پێشوو کە هاتبوونە شارەکانەوە، زیاتر بوو. ڕۆحانییە نارازییەکان، چوونە ڕیزی خۆپیشاندانی ڕۆشنبیران و خوێندکارانەوە. ناڕەزایەتییەکان زیادی کرد و بە هاتنە ناوەوەی جەماوەری هەژاری شار، پێکدادانە خوێناوییەکان لەگەڵ پۆلیس و سوپادا ڕوویاندا. شەپۆلی مانگرتنەکان پیشەکانی ئیفلیج کرد و چالاکیی سەرجەمی کەرتە گرنگەکانی نەوتی وەستاند. و پاشان لە سەرەتاکانی شوباتی 1979دا باڵی چەپی گەریلایی فیداییانی خەڵق و چریکە ئیسلامیستە چەپگەراکانی موجاهیدینی خەڵق توانییان چەندین ڕاپەڕین لە ڕەهەندە گەورەکانیدا لەنێو سوپا ڕێکبخەن و ڕژێمی کۆن بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕیی، لەناوببەن.

بەشێکی گەورەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕ، خۆی بە لایەنگریی ئیسلامگەرایەك لە مەنفادا، ئایەتوڵڵا خومەینی، دەزانی. ناوی ئەو بووبوو بە ڕەمزی ناڕەزایەتیی لە بەرانبەر پاشایەتیدا و نیشتەجێبوونی ئەو لە دەوروبەری پاریس بوو بوو بە شوێنێك بۆ دیدار و گفتوگۆی نوێنەرانی هێزە جیاوازە سیاسییەکانی نێو شۆڕش - "بازاڕییەکان" و ڕۆحانیانی نزیك لێیانەوە، ئۆپۆزیسیۆنی لیبراڵ-بۆرژوا، ئەنجوومەنەکان، خوێندکاران و تەنانەت گەریلا چەپەکانیش. خومەینی دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران لە کانوونی دووەمی 1979دا، بوو بە ڕێبەری سیمبولیی شۆڕش.

ئەگەرچی ئەو دیدگایەکی سیاسیی و تاکتیکیی توندڕەوانەی هەبوو، بەڵام لەم قۆناغەدا هێشتا نەیدەتوانی ڕووداوەکان کۆنترۆڵ بکات. ڕووداوە سەرەکییەکان کە بووبوونە هۆی ڕووخانی ڕژێمی شا – فراوانبوونی مانگرتنەکان، هەڵگەڕانەوە لە سوپادا – تەواو لەدەرەوەی خواست و ئیرادەی ئەوەوە ڕوویدا. و و خومەینی لە مانگەکانی دوای شۆڕش دەسەڵاتی لەوانیدیکە زیاتر نەبوو لە سەپاندنی ئۆتۆریتەی خۆی بەسەر گۆڕانکارییەکانی شۆڕشدا. چەپەکان و موجاهیدین دەستیان بەسەر زانکۆکاندا گرتبوو. لە کارگەکاندا ئەوە "شوراکان" (شورای کارگەکان) بوون کە کۆنترۆڵەکەیان بەدەستەوە بوو، هێزەکانی سەر بە ڕژێمی شایان وەدەرنابوو و خۆیان کۆنترۆڵی ڕێکخستنی بەرهەمهێنانیان بەدەستەوە گرتبوو. لەو ناوچانەدا کە کەمینە ئەتنیکییەکان دەژیان –کوردستان لە باکووری خۆرئاوا و خوزستان لە ناوچەی عەرەبیزمانی باشووری خۆرئاوا – چەندین بزووتنەوەیان بۆ خۆبەڕێوەبردن و دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بەرپاکردبوو و دەستیانکرد بە خەباتکردن. لە ئاستە باڵا سیاسییەکاندا دوو کەمپ کۆنترۆڵی بارودۆخەکەیان دەکرد. حکومەتی کاتیی بە سەرۆکایەتیی بازرگان، ئیسلامگەرای "میانەڕەو"، سەر بە ئینتیمای بۆرژوازیی مۆدێرن (ئەو ئەنجوومەنی ئیسلامیی خوێندکارانی لە ساڵەکانی 1950 و پاشان ئەنجوومەنی ئیسلامیی ئەندازیارانی بونیاتنابوو). بەڵام شورای شۆڕش بە سەرۆکایەتیی خومەینی لە تەنیشت

حکومەتی کاتیی و وەك دەسەڵاتی یاسایی ئەڵتەرناتیڤ دەجوڵایەوە. لە دەوروبەری ئەم شورایەدا ڕۆحانییەکان، گروپە ئایینییەکان و ڕۆشنبیرانی ئیسلامیی نزیك و سەر بە بازاڕ چالاکییان دەنواند.

ئەو گروپەی لە دەوری خومەینی بوون دواجار بەڕادەیەك سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، کە دەسەڵاتی موتڵەق لەنێو حزبی کۆماریی ئیسلامییدا چڕ کردەوە. بەڵام سازشکردن بۆ هێزە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا لەناو خۆیدا کۆنترۆڵیان بکات، دوو ساڵ و نیو درێژەی کێشا. ئەوان تەواوی ساڵی 1979یان بە هاوکارییکردنی بازرگان لە وەستاندنی دەسەڵاتی شورای کارگەکان و سەرکوتکردنی بزووتنەوە سەربەخۆییخوازە ناسیۆنالیستەکان بەسەربرد. بە زمانی ئیسلامیی دەستیانکرد بە ڕێکخستنی چەندین توێژ لە لۆمپەن پرۆلیتاریای پەراوێزیی شارەکان و ئەوانیان لەنێو دەستە خۆبەخشەکاندا بەناوی "حزبوڵڵا" ڕێکخست تاکو هێرشبکەنە سەر چەپەکان، فەرمانە "ئەخلاقییەکان"ی ئیسلام جێبەجێ بکەن (بۆ نموونە هێرشکردنە سەر ئەو ژنانەی نەیاندەویست حیجاب بپۆشن) و کۆمەکیان بە سوپا کرد بۆ سەرکوتکردنی خوێناوییانەی ڕاپەڕیوە جوداخوازەکان. وەك هەرجۆرە دروستکردنەوەیەك "نۆرماڵکردنەوەیەك"ی بۆرژوازیی دوای گۆڕانێکی گەورەی شۆڕشگێڕیی، ئەم گروپانە بەشدارییان لە سەرکوتکردنە خوێناویی و وەحشیگەرییەکاندا کرد (بۆ

نموونە ئیعدامکردنی نزیکەی 100 کەس بەناونیشانی "تاوانی سێکسیی" وەك هۆمۆسێکسوالیتە و زیناکردن. هەروەها کوشتاری چالاکوانانی چەپ و گوللەبارانکردن و کوشتنی نارازییانی کەمینە نەتەوەییەکان). پیلانی گشتیی حزبی کۆماریی ئیسلامیی لە سەرەتای پاییزی 1979دا هێندە ئەرێنیی نەبوو. لەلایەکەوە سەرکەوتنیان لە وەستاندنی پرۆسەی شۆڕشی پێگەی هێزەکانی دەوروبەری بازرگان بەرز کردبووەوە و ئەمە لەکاتێکدا بوو دوژمنایەتیی ئەوان لەگەڵ هێزەکانی دەوروبەری بازرگان زیاتر بووبوو. لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزووتنەوەی لایەنگری بازرگان دەڵێت:

"ساڵێك دوای ڕووخانی شا ئیتر وردە وردە ڕوون دەبووەوە کە چینە ناوەڕاستە خوێندەوارەکان و هێزە سیاسییەکان کە ئەم چینانە پشتیوانیی ئەوان بوون [واتا بازرگان] بە کۆنترۆڵکردنی پۆستە هەستیارەکانی میدیاکان، ئۆرگانەکانی دەوڵەت و بەتایبەت لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا، نفوزی خۆیان بەخێراییەکی زۆرەوە زیاتر دەکەن... بە لەنێوچوونی یەکێتیی هێزە ئیسلامییەکان، کۆمیتە ئیسلامییەکان چیتر نەیاندەتوانی پشتیوانیی زۆرینەی کارپێدراوانی ڕێکخراوەکان بەدەست بهێنن"[94].

لەلایەکی دیکەوە، نارەزایەتییەکی فراوان لەئارادا بوو کە لەوانە بوو کۆنترۆڵی دۆخەکە لە دەستی هێزەکانی دەوروبەری خومەینی دەربهێنێت و ئەم کێشەیە بووە هۆی هەڵکشانی

هەرچی زیاتری چەپە سیکۆلارەکان و چەپە ئایینییەکان. وێڕای شەپۆلی یەکەمی سەرکوت لە مانگی ئابی 1979دا، هێشتا چەپەکان لەنێو خوێندکاراندا هێزی باڵادەست بوون. ئەم سەرکوتانە شوراکانیشیان لاواز کردبوو، بەڵام سەرەڕای ئەمە زۆرێك لەوان ساڵێکی دیکەیش بەرگەیان گرت[95]. و ئیرادەی خەباتگێڕانی کرێکارانیش هەرگیز نەشکابوو. 360 "فۆرمەکانی مانگرتن، داگیرکردنی کارگە، و دەست هەڵگرتن لە کار" لە ساڵەکانی 1979 تا 1980، و هەروەها 180 ڕووداو لە ساڵەکانی 1980 تا 1981 و 82 ڕووداو لە ساڵەکانی 1981 تا 1982 ڕوویاندا[96].

لەم دۆخەدا حزبی کۆماریی ئیسلامیی تەنها بە گۆڕانێکی ڕادیکاڵ دەیتوانی دووبارە دەست بەسەر بارودۆخەکاندا بگرێتەوە: کەمینەیەکی خوێندکاران سەفارەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانیان گرت و ستاف و کارمەندەکانیان کردە بارمتە. بەڵام ئەم جارە ئەم کردەوە ڕادیکاڵە بەدەستی ڕێکخراوی فیداییان و یان ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق ئەنجام نەدرابوو. بەڵکو ئەو خوێندکارانە خۆیان بە هەواداری حزبی کۆماریی ئیسلامیی دەزانی. ئەم کردەوەیە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی زۆر گرنگ بوو لەگەڵ گرنگترین دەسەڵاتی ئیمپریالیستیی دونیادا. لێکۆڵینەوەیەکی دیکە لەمبارەیەوە لەم قۆناغەدا دەڵێت: "خوێندکارانی فەندەمێنتالیستی "ئەنجوومەنە ئیسلامییەکان" کە تەنها پێش چەند حەفتەیەك نەیارەکانیان ئەوانیان وەك

کۆنەپارێز و کەللەڕەق دەزانی، لەناکاو بوون بە شۆڕشگێڕیی پاك و بێگەرد و هەر جارێکیش کە بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەکان و میدیاکاندا لەبەردەم سەفارەت دەردەکەوتن، لەلایەن خەڵکییەوە پشتیوانییان لێدەکرا"[97].

گۆڕانی ڕادیکاڵی دژەئیمپریالیستیی حزبی کۆماریی ئیسلامیی هاوڕابوو لەگەڵ ڕادیکاڵیزەبوونی سیاسەتەکانی ئەم حزبە لە شوێنەکانی کارکردندا. حزب دەستی هەڵگرت لە پشتیوانیی زۆرینەی بەڕێوەبەرانی ماوە و چەندین جوڵەی بۆ وەلانانی ئەوان گرتەبەر – هەڵبەتە زۆر ڕوونە کە ئەم سیاسەتە بۆ پێدانی دەسەڵات نەبوو بە شورای کارگەکان، بەڵکو دەسەڵاتی بەخشی بە "سەرۆك کارە ئیسلامییەکان" تاکو یارمەتیی شورا ئیسلامییەکان بدەن. چەپەکان و موجاهیدین بەهۆی "بێ باوەڕییەوە" نەیاندەتوانی بنچە ناو ئەم شورایانەوە.

ئەم وەرچەرخانە بۆ حزبی کۆماریی ئیسلامیی قبوڵکردنێکی تازەی بەدواوە بوو. وا دەردەکەوت کە ئەو پروپاگەندە دژەئیمپریالیستییەی هێزەکانی دەوروبەری بازرگان لە قۆناغی دوورودرێژی خەبات لەگەڵ شادا بانگەشەیان بۆ دەکرد – چەند پروپاگەندەیەك کە ئێستا وردە وردە وازیان لێهێناوە و دەیانویست پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکان دووبارە دامەزرێننەوە – کەچی ئەمجارە حزبی کۆماریی ئیسلامیی کاری پێدەکردن. وێڕای ئەمە، ئەم جوڵەیە لەگەڵ دروشمە سەرەکیی و تەواو جەماوەرییەکاندا تەواو

دەهاتەوە کە بە زیادبوونی گرنگیی و نفوزی چەپی سیکۆلار و چەپی ئایینی لە مانگەکانی شۆڕشدا هاتبووە ئاراوە:

"داگیرکردنی سەفارەتی ئەمریکا کۆمەکی بە فەندەمێنتالیستەکان کرد بەسەر هەندێك لە کێشەکانیاندا زاڵ بن... ئەم جوڵەیە بۆ گروپە ئیسلامگەراکانی پشتیوانیی حکومەتی ڕۆحانییەکان گەلێك ئاکام و ئەنجامی بەکەڵکی هەبوو. ئەو گروپانەی پێیانوابوو دەبێت ڕۆحانییەکان سیاسەتەکانیان جێبەجێ بکەن و کۆنترۆڵی ڕێکخراوە هەستیارەکان بکەن کە دەستیان بەسەر کەرتە خوێندەوارترەکانی چینی ناوەڕاستی پشتیوانیی داراییدا گرتبوو. کاتێك خوێندکارانی پەیڕەوی ڕۆحانییەکان سەفارەتخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانیان داگیرکرد، ئەوانەی پێش ئەم کارە وەك "کۆنەپارێز" لەقەڵەم دەدران، کەچی جارێکی دیکە وەك هێزە شۆڕشگێڕییە ڕەسەنەکان دەرکەوتنەوە. ئەو هێزانەی ئەم توانایەیان هەیە کە هەم لە شەڕی مۆدێرنیستەکان و هەم لە سیکۆلارەکان ڕزگاریان ببێت... و ئەمە سەرەتای ڕێککەوتن و فراکسیۆنێك بوو کە تیایدا بەشێکی ڕۆحانییەت و وابەستەکانی "بازاڕ"ی ئەوان ڕێبەر و سەرکردەی بوون و توێژی بەرفراوانی خوارەوەی چینی ناوەڕاستی شاری، خزمەتی بەوان دەکرد"[98].

گروپی دەوروبەری خویمەنی تەنها بەهۆی بەدەستهێنانی مەحبوبییەت و خۆشەویستییەوە سەرکەوتوو نەبوون بەڵکو بە دەرکردن لە – و یان لانیکەم ناچارکردن بە – بەڕێوەبەران

و کارگوزارانی ”نا-ئیسلامیی“، بناغەیەکی کۆمەڵایەتیی زۆر گەورەتریان بۆ خۆیان بونیاتنا. پیشەسازی، میدیا، هێزە سەربازییەکان و سوپا و پۆلیس کەوتە دەستی توێژێکی نوێی کۆمەڵانی خەڵکەوە. پێگەی کار و پیشەی ئەوان پەیوەندیی بە توانا و شارەزاییانەوە هەبوو لە بانگەشەکردنی تێگەیشتن و نوسخەی خومەینیی بۆ ئیسلامیزم. و ئەوانەی لە هیرارشییەتی دەسەڵات لە سیستەمی پێشوودا مابوونەوە بە هەڵبژاردنی هێڵی حزبی کۆماریی ئیسلامی هەوڵیاندەدا باوەڕی ئایینیی خۆیان دەربخەن.

سەرکەوتنێکی گەورەی خومەینیی و دەوروبەری ئەوە بوو کە توانییان بەشێکی گەورەی چینی ناوەڕاست – هەم وردەبۆرژوازیی نەریتیی وابەستەی بازاڕ و ژمارەیەکی زۆری نەوەی یەکەمی چینی ناوەڕاستی نوێ – لە شەڕێکدا بۆ کۆنترۆڵی هیرارشییەتی دەسەڵات یەکبخەن. ڕازی سەرکەوتنی ئەم حزبە لەو خاڵەدا بوو کە توانای بە هەوادارەکانی، لەهەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتیدا بووبێتن، دەدا جۆش و خرۆشی ئایینی و پێشکەوتنی فەردیی خۆیان هاوزەمان بەیەکەوە هەبێت. بەمجۆرە کەسێك کە پێشتر لە کۆمپانیایەکدا بە خاوەندارێتیی دەرەکیی، جێگر بوو، ئێستا دەیتوانی ببێتە بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی بەردەستی کۆنترۆڵی دەوڵەت و بەم هەستەوە کە دەیەوێت خزمەت بە ”ئوممەت“ بکات ئەوا وەزیفە ئایینییەکانی خۆی ئەنجام دەدا؛ ئەو کەسەی لە هەژارییەکی

کوشندە لەنێو لۆمپەن پرۆلیتاریدا ژیاوا، ئێستا و لێرە بەدوا دەیتوانی بە ڕێکخستن و ڕێبەرایەتیی ژمارەیەکی حزبوڵڵایی بۆ پاککردنەوەی کۆمەڵگا لە "داوێنپیسیی" و کۆمۆنیستە مولحیدەکان"، هەم لەڕووی مادییەوە کێشەی نەبێت و هەم هەست بە پێشکەوتنی تاکەکەسیی بکات.

ئەوانەی هێڵی خومەینییان هەڵبژاردبوو دەرفەتێکی بێ وێنەیان لەبەردەمدا بوو. بە ڕاکردنی بەڕێوەبەران و تەکنیسیەنە ناوخۆیی و دەرەکییەکان لە وڵات، لە مانگەکانی یەکەمی شۆڕشدا 130 هەزار پێگەی کار دروستکرا کە دەبوو پڕ بکرێتەوە[99]. وێڕای ئەمە، تەسفییەی بەڕێوەبەران، کارگوزاران و ئەفسەرانی سوپا بە تۆمەتی "نا-ئیسلامیی"بوون، ژمارەیەکی بەرچاوی خستە بەردەم دەرفەتەکانی کاری پێشوو.

خاڵێکی بەرچاو ئەوەیە ئەو میتۆدەی خویمەنی و هێزەکانی دەوروبەری بەکاریان هێنا تاکو نەیارەکانیان لە شانۆکە دەربکەن و سیستەمێکی تاکحزبی دابمەزرێنن، هیچ جۆرە خەسڵەتێکی ئیسلامییانەی نەبوو. بەپێچەوانەوە ئەوانەی زۆرێك لە خەڵکی ترساو وەك نالێبوردەیی دینی سەیریان دەکرد، هێندە میتۆدێکی بەرهەمی خەسڵەتی "بێ عەقڵانە" و "سەدەکانی ناوەڕاست"ی "فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیی" نەبوو. لەڕاستیدا ئەم میتۆدە نزیکییەکی زۆری لەگەڵ میتۆدێکدا هەبوو کە حزبگەلێك بە بناغە کۆمەڵایەتییە وردەبۆرژوازییەکانیانەوە لە زۆر شوێندا بەکاریان هێنابوون. حزبە کۆمۆنیستییەکانی ئەوروپای شەرقیی،

وێڕای لاوازییەکانیان، سوودیان لەم میتۆدە وەردەگرت بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا دوای ساڵی 1945[100]. و نموونەیەکی سەرەکیی وردەبۆرژوازییەك، کە دەمارگیریی ئایدیۆلۆژیی و پێشکەوتنی شەخسی ڕێکدەخات، لە ڕۆمانی باوەگۆریۆی بەلزاکدا دەبینین – ژاکۆبنییەکی دەمارگیر کە بە هەلقۆستنەوە لە دەگمەنییەکانی دوای شۆڕش، سامانێکی بەرچاو کۆدەکاتەوە.

حزبێکی سیاسیی کە لەسەر بنەمای ڕێکخستنی بەشێك لە وردەبۆرژوازیی بەرەو بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات هەنگاو هەڵدێنێت، لە هەر هەلومەرجێکدا بێت ناتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. ئەم بەرنامەیە بەگشتی تووشی نشوست دەبێتەوە. ڕێکخستنە وردەبۆرژوازییەکان زۆر لاوازترن لەوە کە بتوانن بەبێ ڕێکخستن و مۆبیلیزەکردنی کۆمەڵانی خەڵك – جەماوەرێك کە دوای ئەوە دەچێتە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئەوانەوە – بتوانن شەڕ دژی دەسەڵاتی حاکم بکەن. بەمجۆرە بوو کە لە شۆڕشی 1974-1975ی پرتوگال، هەوڵەکانی پارتی کۆمۆنیست بۆ دەست بەسەرداگرتنی ئۆرگانە هەستیارەکانی ڕژێم لە بەرانبەر بەرهەڵستیی دەسەڵاتە سەرمایەدارییەکانی غەربدا لەلایەکەوە و خەباتی کرێکاران لە خوارەوەدا، سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا. ئەم هەوڵ و تەقەللایانە، بەچەندین هۆی مێژوویی بەرچاوەوە، تەنها کاتێك سەرکەوتوو دەبن ئەگەر چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا ئیفلیج و لە پەلوپۆ کەوتبێتن.

هەروەکچۆن تۆنی کلیف لە شیکارییەکی مارکسیسیی

درەوشاوەدا دەڵێت، کاتێك چینی حاکم هێندە بێتوانا بێت کە نەتوانێت لە بەرانبەر بە قەیرانی ئابووریی و ڕاپەڕینەکانی خەڵك پێگەی خۆی بپارێزێت و کاتێك چینی کرێکار ڕێکخستنی سەربەخۆی خۆی نییە بۆ ئەوەی لەسەرەوەی بزووتنەوەکە بووەستێتەوە، ئەو کاتەیە کە بەشێکی ڕۆشنبیران دەتوانن دەسەڵات بەدەستەوە بگرن بەو بیرۆکەیەی کە دەیانەوێت ئەرکی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سەرجەمی کۆمەڵگا ئەنجام بدەن:

"ڕۆشنبیر هەستیارە بەرانبەر بە دواکەوتوویی تەکنیکی و ئابووریی وڵاتەکەی. بەشداریی ئەو لە جیهانی زانستی و تەکنیکیی سەدەی بیستەمدا، دواکەوتوویی وڵاتەکەی بۆ ئەو ئازاربەخش دەبێت. "بێکاریی ڕۆشنبیریی" کە لەم وڵاتانەدا باو و بەرچاوە، ئەم هەستیاربوونە زیاتر دەکات. دواکەوتوویی ئابووریی ئەم وڵاتانە دەبێتە هۆی ئەوەی تەنها ئومێدی باڵادەستی خوێندکاران دۆزینەوەی کاری حکومی بێت؛ بەڵام کاری تەواو بۆ دابینکردنی ئەم خواستە بوونی نییە.

ژیانی ڕۆحیی ڕۆشنبیریش لە قەیراندایە. لە سیستەمێکی دارماودا و لە شوێنێکدا کە مۆدێلە نەریتییەکان خەریکن لەناو دەچن، ڕۆشنبیر هەست بە مەترسیی دەکات. هەست دەکات بێ ڕیشەیە و بەهاگەلێکی پتەوی نییە. لێکهەڵوەشانەوەی کولتوور پاڵنەرێکی بەهێز چێدەکات بۆ ڕۆیشتن بەرەو گشتێتییەکی نوێ. ئەم گشتێتییە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی کۆمەڵایەتی و ڕۆحیی

دەبێت کامل و دینامیك بێت. هەروەها دەبێت دەمارگیریی ئایینیی تێکەڵ بە ناسیۆنالیزمی دژبەر بکات... ڕۆشنبیر بەدوای بزووتنەوەیەکدا دەگەڕێت نەتەوە یەکبخات و ڕوانگەگەلێکی بەرفراوان لەبەرانبەریدا دابنێت. بزووتنەوەیەك دەسەڵات بخاتە دەستی ئەوانەوە... ئەوان چاو لە چاکسازییەکان لەسەرەوە دەبڕن و لە قوڵایی دڵیانەوە حەزدەکەن ئەم جیهانە تازەیە بەڕووی خەڵکی ئەمەکناسدا بکەنەوە، لەبری ئەوەی چاودێریی خەباتی ڕزگاریخوازیی خەڵکی بەئاگا و دروستکردنی ڕێکخراوە ئازادەکان بن. ئەوان بۆ ئەوەی ئابووریی وڵات لە چەقبەستن دەربهێنن ئامادەن هەر هەنگاوێك بنێن بەڵام حەزێکی زۆریان بۆ دیموکراسیی نییە... بەگەلێك هۆوە کە گوتمان سەرمایەداریی تۆتالیتاری دەوڵەتی بۆ ئەوان ئامانجێکی زۆر بەرچاوە"[101].

دروستە ڕستەکانی سەرەوە دەربارەی بەرچاوبوونی ستالینیزم، ماویزم و کاسترۆییزم لە جیهانی سێیەمەدا نووسراوە، بەڵام تەواو دەربارەی ڕۆشنبیرانی دەوروبەری خومەیینیش دەستدەدات. زۆرێك لە شیکەرەوانی چەپ بە هەڵە وابیریان دەکردەوە ڕەوتی دەوروبەری خومەینیی نوێنەری سەرمایەی بازرگانیی "دواکەوتوو"، "نەریتی"، "خۆرەیی" و وابەستەی بازاڕـە[102]. ئەوان هەڵەن. هەروەها ئەم ڕەوتە تەنها نوێنەری کلاسیکی بۆرژوازیی دژەشۆڕش نییە[103]. ئەم ڕەوتە بە پاراستنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی، خاوەندارێتیی و کۆنترۆڵی سەرمایەی بەشێوەیەکی

شۆڕشگێڕیی دووباره ڕێکخستەوە. ئەوان سەرمایەی گەورەیان لە دەستی وابەستەکانی شا گواستەوە بۆ دەوڵەت و ئۆرگانە سەرودەوڵەتییەکان کە خۆیان کۆنترۆڵیان کردبوو. هەڵبەت گوتاری فۆرماڵ ئەم کارەی لە بەرژەوەندییەکانی "بێ بەشکراوان"دا لەقەڵەم دەدا. بەمجۆرە بوو ئۆرگانێك کە دەستی بەسەر کەلوپەلەکانی ئیمپراتۆریی شەخسیی شادا گرت ناوی "دامەزراوەی موستەزعەفان"[ستەملێکراوان]ی لێنرا. بەیات دەنووسێت:

"بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن ڕۆحانییەکانەوە ڕەنگدانەوەی بۆشایی دەسەڵات بوو لە دەوڵەتی پاش-شۆڕشگێڕیدا. نە پرۆلیتاریا و نە بۆرژوازیی نەیاندەتوانی هەژموونی سیاسیی خۆیان پیادە بکەن. هۆکاری ئەم بێ توانایییە لە گەشەکردنی مێژوویی ئەواندایە کە خۆی بەڵگەیە لەسەر لاوازیی هەردووکیان"[104].

یان هەروەك کلیف دەربارەی ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە جیهانی سێیەمدا باسی دەکات: "گرنگیی ئەم گروپە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە دواکەوتوویی ئابووریی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی چینەکانی دیکەوە"[105].

گروپەکەی خومەینی بۆ ئەوەی بتوانێت کۆنترۆڵی خۆی بەسەر دەوڵەت و بەشێکی سەرمایەدا بەهێز بکات، دەبێت هاوسەنگییەك لەنێوان چینە کۆمەڵایەتییەکاندا دروست بکات؛ بەم هۆیەوە بوو بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی دەبوو سەرەتا

هێرش بکاتە سەر ڕێکخراوە چەپەکان و پاشان نۆرە دەهاتە سەر ڕێکخراوە بۆرژوازییەکان (بازرگان و هتد). لە ساڵی 1979دا، ئەم سیاسەتە مانای هاوکاریکردنی بازرگانی دەبەخشی لە هێرشکردنە سەر چەپەکان بۆ دامرکاندنەوەی شەپۆلی شۆڕشگێڕی و پاشان بۆ ئەوەی بۆرژوازیی دامەزراو تەریك و تەنها بکات ژێستی چەپی دەگرت و دەستی بەسەر سەفارەتی ئەمریکادا دەگرت. لە میانەی ساڵەکانی 1980دا ئەم سیاسەتە مانای جوڵەیەکی زیگزاگیی دیکەی دەبەخشی؛ هاوکاریکردنی کەسایەتییەکی دیکەی ئیسلامیی سەر بە بۆرژوازیی جێگیربوو بۆ خاپوورکردنی قەڵای چەپەکان لە زانکۆکاندا؛ سەرۆك کۆمار بەنی سەدر. و کاتێك حزبی کۆماریی ئیسلامیی پێشنیاری ناردنی دەستەکانی حزبوڵڵای بۆ تەسفییەکردنی زانکۆکان لە "ڕەگەزە نائیسلامییەکان" کرد، بەنی سەدر ئەم پێشنیارەی بەخۆشحاڵییەوە قبوڵکرد:

"سەرکردەکانی حزبی کۆماریی ئیسلامیی و لیبراڵەکان لەبارەی شۆڕشی کولتوورییەوە بەدەستی خەڵك کە بۆ خۆپیشاندان لە زانکۆکاندا ئامادە کرابوون، کۆکبوون و هیچ ناکۆکییەکان نەبوو. ئەم هەنگاوە بۆ لیبراڵەکان دەرفەتێك بوو تاکو لە شەڕی چەپە ئەکتیڤیستەکان ڕزگار بن لە دامەزراوە گشتییەکان، کارگەکان و ناوچە گوندنشینەکاندا و بتوانن جێگیریی ئابووریی و سیاسیی بۆ وڵات بگەڕێننەوە... دەستەکانی حزبوڵڵا هێرشیانکردە سەر زانکۆکان. ئەندامانی گرووپە

سیاسییەکان کە نەیاری شۆڕشی کولتووریی بوون و ئەوانەی لە بەرانبەریدا دەوەستانەوە بریندارکران و ژمارەیەکیشیان لێکوژرا. هەموو ئەو کتێب و بەڵگەنامانە سووتێنران کە بە "نائیسلامیی" سەیر دەکران. دەوڵەت هەموو زانکۆکانی بۆ ماوەی سێ ساڵ داخست و لەم ماوەیەدا پرۆگرامەکانی خوێندنی زانکۆکان پێداچوونەوەیان بۆ کرا و گۆڕانکارییان تێدا دەکرا"[106].

تەنانەت لەم قۆناغەدا ڕەوتی خومەینیی هێشتا بەشێکی وێنەی "چەپگەرا"ی خۆی دەپاراست. و سوودی لە زمانی "دژەئیمپریالیستیی" وەردەگرت بۆ پاساوهێنانەوە بۆ کردەوەکانی لەناوخۆدا. ئەوان پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە جەنگان لەپێناوی پیادەکردنی "بەها ئیسلامییەکان" لە جەنگان دژ بە "ئیمپریالیزمی کولتووریی" زەرووریترە. و چەپەکان کە دژ بە بەرنامەی ئەوان بوون، لە ڕاستیدا خزمەتکاریی ئیمپریالیزمن.

کۆمەڵێك ڕووداوی دەرەکیی وەك کۆمەك بۆ ئەوان هات بۆ ئەوەی بتوانن پاساو بۆ بەڵگاندنەکان و قسەکانیان بهێننەوە؛ چەندین مانگ هەوڵی نشوستخواردووی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ وەرگرتنەوەی سەفارەت، بە ناردنی چەندین هەلیکۆپتەری سەربازیی بۆ ناو خاکی ئێران (ئەم هەلیکۆپتەرانە لە بیاباندا بەریەککەوتن)، خۆپیشاندانی شیعەکانی بەحرێن دژ بە حکومەتی ئەم وڵاتە، ڕاپەڕینی لایەنگرانی خومەینی لە حەصا، پارێزگای پڕ لەنەوتی عەرەبستانی سعوودی، داگیرکردنی مزگەوتی گەورەی مەککە بەدەستی ئیسلامگەرا

چەکدارە سوننییەکان، سەدام حسێن بە هێرشکردنە سەر ئێران هەوڵیدا سەرنجی ویلایەتە یەکگرتووەکان و شێخ نشینەکانی کەنداو بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. ئەم ڕووداوانە دەرفەتێکیان خستە بەردەم ئاراستەکەی خومەینی بۆ ئەوەی بە دروستی ڕایبگەیەنن کە هێزە هاوپەیمانەکانی ئیمپریالیزم هێرشیان کردووەتە سەر شۆڕش و بە هەڵە خۆیان بە تەنها هێز سەیر بکەن کە دەتوانێت لە بەرانبەر بەم هێرشانەدا بووەستێتەوە. جێگای سەرسوڕمان نییە ئەگەر خومەینی ئەم هێرشەی وەك "بەرەکەتی ئیلاهی" سەیرکردبێت. زەرورەتی مۆبیلیزەکردن و ڕێکخستنی هەمەلایەن دژ بە هێزە داگیرکەرەکان لە زستانی 1980 - 1981 هەلێکی خستە بەردەم هێزەکانی خومەینی تاکو بەم بیانووەوە هەیمەنە و دەسەڵاتی بەرفراوانی خۆیان بەسەر هێزەکانی چەپ و ڕەوتی هەواداری بەنی سەدردا بسەپێنن. تاکو ئەوەی لە حوزەیران-تەمموزی 1981 توانییان هەردوو هێز سەرکوت بکەن و بونیادێکی بەڕادەیەك تۆتالیتار دامەزرێنن.

بەڵام بۆچی چەپ نەیتوانی بەر بە حزبی کۆماریی ئیسلامیی بگرێت؟ بە ڕوانین لەمڕۆ، بەگشتی وەها دەگوترێت ئەم هەڵەیە لەو شوێنەوە هات کە چەپ بەجۆرێك تێنەگەیشت کە دەبێت لەگەڵ بۆرژوازیی "لیبراڵ" و "پێشڕەو"دا یەك بگرێت. ئەمە قسە و بەڵگەی فرید هالیدەیە[107]. بەڵام هەروەکچۆن پێشتر بینیمان بۆرژوازیی لیبراڵ بەنوێنەرایەتیی بازرگان و پاشان بەنی سەدر لەگەڵ خومەینیدا یەکیان گرت

له ئۆپەراسیۆنی هێرشکردنە سەر شوراکانی کارگەکان و تەسفیەکردنی زانکۆکان. دواتر کە دەبوو ڕوون ببێتەوە چ کەسێك دەبێت بەرهەمی سەرکەوتنی ئەوان لە سەرکوتی چەپەکاندا بچنێتەوە، جیابوونەوەیان تێکەوت. پەیوەندییگرتنی بەنی سەدر بە چەپە ئیسلامیستەکانەوە، موجاهیدینی خەڵق لە هەوڵێکی سەرنەگرتوودا خەریکی لەناوبردنی ڕژێمی کاتیی بوو کە تێگەیشت ئیتر دۆڕاوە (سەیرە کە لەبارەی بازرگانەوە بەمجۆرە نەبوو. حزبەکەی ئەو بەشێوەیەکی یاسایی درێژەی بە چالاکییەکانی دا. ئەگەرچی ناکاریگەر بوو).

ڕەوتی خومەینیی بە شارەزاییەوە "لیبراڵ" بۆرژوازەکانی خستە دەرەوەی شانۆکەوە. لەنێوبردنی هێزەکانی چەپ ئەو توانایەی بەوان بەخشی تا بە ڕەوانبێژییە دژەئیمپریالیستییەکانەوە چەندین بەش و سێکتەری جەماوەری هەژاریی شاری دژ بە بۆرژوازیی ئەوکات ڕێك و مۆبیلیزە بکەن. لەڕاستیدا ئەوان سوودیان لە بۆشایی نێوان جەماوەری هەژار و شێوەژیانی "نائیسلامیی" دەوڵەمەندان وەرگرت. چەپ بە یەکگرتن لەگەڵ بەشی بەخۆرئاواییبوو و دەوڵەمەندی بۆرژوازیی نەیدەتوانی لە بەرانبەر بەم مانۆرەدا خۆی بگرێت.

تەنها ڕێکخستنی کرێکاران بۆ جەنگان لەپێناوی بەرژەوەندییەکانیان دەیتوانی ڕەوتی خومەینی بێهێز بکات. ئەم جوڵەیە دەیتوانی هەم "لیبراڵ" بۆرژوازەکان و هەم حزبی کۆماریی ئیسلامیی بخاتە حاڵەتی بەرگرییەوە.

خەباتی کرێکاران لە ڕووخاندنی شا ڕۆڵێکی سەنتراڵی هەبوو و دوای ڕووخانی ڕژێم، لە کارگە گەورەکاندا، شورای کارگەکان دژ بە سەرۆك کارەکان جەنگێکی گرنگیان بەرپا کرد. دوای کۆتاییهاتنی پاشایەتیی، کرێکاران بەگشتی درێژەیان بە خەباتی جیا لەیەکتری لە کارگەکان دەدا و بە دەگمەن سەریان دەرهێنا و داوای ڕێبەرایەتیی تەواوی مەحرومان و ستەملێکراوانیان دەکرد. شورای کارگەکان هیچ کاتێك نەبوو بە شوراکانی کرێکاران – وەك شوراکانی ڕووسیا لە ساڵەکانی 1905 و 1917[108]. و ئەم شکستە بووە هۆی ئەوەی شوراکان نەتوانن پشتیوانیی کرێکارانی کاتیی، پیشە ئازادەکان، پیشەکاران و دوکاندارانی هەژار – "لۆمپەن پرۆلیتاریا" – بەدەستبهێنن. ئەوانە ئەم هێزانە بوون کە ڕەوتی خومەینی بە دروشمە ئاینییەکانییەوە ئەوانی دژ بە چەپەکان مۆبیلیزە و ڕێکدەخست.

لاوازیی بزووتنەوەی کرێکاریی، بەڕادەیەك پەیوەندیی بە فاکتەرە ئوبێکتیڤەکانەوە هەبوو. چینی کرێکار ئەوانەی دەگرتەوە کە لە کەرتی مۆدێرن و لە کارگە گەورەکاندا کاریان دەکرد و ئەوانەی لە کەرتی نەریتی و لە کارگە بچووکەکاندا خەریکی کارکردن بوون (و بەگشتی ئەندامانی خێزان و یان خودی خاوەندارەکان لەوێدا کاریان دەکرد) چەند ناوچەیەك کە چینی کرێکار تیایدا دەژیان، بەگشتی لەژێر هەیمەنە و دەسەڵاتی (لەڕوانگەی چەندایەتییەوە) کەرتە وردەبۆرژوا هەژارەکاندا بوو: لە تارانی ساڵی 1980 نزیکەی 750 هەزار

”دوکاندار، دەڵاڵ و وردەبازرگان“ دەژیان و ئەم ژمارەیە لە بەرانبەر 400 هەزار کرێکاری کارگە گەورەکانی پیشەسازیی بوو[109]. بەشێکی گەورەی کرێکاران تازە هاتبوونە ناو کەرتی پیشەسازییەوە و هیچ نەریتێك لەنێو خەباتی کرێکاریی لە کەرتی پیشەسازیدا بوونی نەبوو – لە سەدا 80ی ئەوان لە ناوچە گوندنشینەکانەوە هاتبوون و هەر ساڵێك نزیکەی 330 هەزار کەسی جووتیار بۆ دۆزینەوەی کار دەڕژانە شارەکانەوە[110]. تەنها یەك لەسەر سێی کرێکاران تەواو خوێندەوار بوون و دەیانتوانی بڵاوکراوەی چەپەکان بخوێننەوە و ئەمە لەکاتێکدا بوو لە سەدا 80 تەلەڤزیۆنیان هەبوو. و دوا شت، فراوانیی سەرکوت لە قۆناغی شادا، بوو بووە هۆی ئەوەی کرێکاری کەم بە ئەزموونی خەباتەوە لە کارگەکاندا بمێننەوە.

بەڵام بێتوانایی بزووتنەوەی کرێکاریی بۆ ئەوەی لە سەرەوەی بزووتنەوەی جەماوەریدا بووەستێت تەنها لە ئەنجامی فاکتەرە ئۆبێکتیڤەکانەوە نەبوو. بەڵکو هەروەها لە ئەنجامی لاوازییە سیاسییەکانی بەشێکی بەرچاوی هێزە چەپەکانی مانگەکانی دوای شۆڕشەوە بوو. هەزاران کەس دەهاتنە کۆبوونەوە و میتینگەکانی فیداییانی خەڵق و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق و لە هەڵبژاردنەکانی بەهاری 1980ی تاران موجاهیدینی خەڵق یەك لەسەر چواری دەنگەکانی بردەوە. بەڵام فیداییانی خەڵق و موجاهیدینی خەڵق نەریتێکی گەریلاییان هەبوو و زۆر کەم گرنگییان بە چالاکیی نێو کارگەکان دەدا. زانکۆکان بناغە

و پایەگای پشتیوانییەکانی ئەوان بوو، نەك ژینگەی کارگەکان. بەمجۆرە، موجاهیدینی خەڵق لە 5 "بەرە"دا چالاکییان دەکرد: ڕێکخراوی نهێنیی ئامادەکاریی بۆ "خەباتی چەکداریی"، بەرەی لاوان، بەرەی ژنان، بەرەی بازاڕ، و دیارە نەك وەك ئەولەویەتیی یەکەم، بەرەی کرێکاریی.

لە هەمووی گرنگتر کاتێك چالاکوانە کرێکارییەکان پەیوەندییان بەوانەوە دەکرد، ئەوان شتێکی ئەوتۆیان بۆ گوتن بە کرێکارەکان پێ نەبوو. لە هەشت مانگی هەستیاری دوای شۆڕشدا ئەوان کەمترین ڕەخنەیان لە ڕژێمی نوێ گرت و زیاتر لاوازیی ڕژێمیان لە تەحەداکردنی ئیمپریالیزمدا دەخستە ژێر پرسیارەوە. بۆ نموونە موجاهیدینی خەڵق: "بەورياييەوە دەیانویست هیچ بەرکەوتنێك لەگەڵ ڕۆحانییەکان یاخود هەمان دەوڵەتی سێبەردا ڕوونەدات. لە کۆتایی مانگی شوباتدا کاتێك فیداییان لە زانکۆی تاراندا میتینگێکی 80 هەزار کەسییان ڕێکخست و تیایدا داوای چاکسازیی زەوی، کۆتاییهێنان بە سانسۆری چاپەمەنی و تواندنەوەی هێزە چەکدارەکانیان کرد، موجاهیدین هیچ پشتیوانییەکی نەکردن. لە سەرەتای مانگی مارسدا کاتێك ژنانی خاوەن شەهادە لە غەرب جەژنی ڕۆژی جیهانیی ژنیان بەرپاکرد و تیایدا ناڕەزایەتییان بەرانبەر بە یاسای خومەینی بۆ ڕەتکردنەوەی یاسای پشتیوانیکردن لە خێزان و هەروەها پۆشینی حیجابی ئیجباریی لە دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا و لابردنی ژنان لە دەزگا قەزاييەکاندا بەهۆی "بێلایەن نەبوونەوە" دەربڕی، موجاهیدین هیچ پشتیوانییەکی

لەم داواکارییانە نەکرد و تەنانەت هۆشداریی دا کە ئەم خواستانە ”دەبنە هۆی تەفرەقە و شۆڕش لە بەرانبەر بە هێرشەکانی ئیمپریالیزمدا لاواز دەکەن“. و لە کۆتاییەکانی مانگی مارسدا دەستەیەك لە دەمارگیرەکان هێرشیانکردە سەر ئۆفیسی ڕۆژنامەی سیکۆلاری ئایندەگان، موجاهیدین لە بەرانبەر بەمەشدا بێدەنگیی هەڵبژارد. ئەوان لە بەرانبەر بە بایکۆتکردنی ڕیفراندۆمی لابردنی کۆماریی ئیسلامیی و هەروەها لە بەرانبەر بە خەباتی ئۆتۆنۆمیی کوردستاندا وەستانەوە و ناڕەزایەتیی خۆیان دەربڕی. موجاهیدین پێیانوابوو ئەگەر میللەت لە پشتی ئیمام خومەینییەوە نەبێت، وڵاتە ئیمپریالیستییەکان هەمان بەرنامەی ساڵی 1953 دووبارە دەکەنەوە“[111].

هەروەها موجاهیدین هیچ کاردانەوەیەکی لە بەرانبەر بە هێرشی گروپە چەکدارەکانی بۆ سەر ئۆفیسی ناوەندیی فیداییان لە مانگی ئابدا نەبوو. و خۆی بەدوور دەگرت لە هەرجۆرە خستنەژێر پرسیارێکی نوێنەرانی حزبی کۆماریی ئیسلامیی لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی عولەماکان (خبرگان) ی ساڵی 1979دا.

دوای داگیرکردنی سەفارەتخانەی ئەمریکا، چەپ بەراورد بەڕابردوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی خومەینیدا نەرمتر بووبوو. بۆیە خومەینی دەیتوانی بە ئاسانی و بەتەواوی ئۆپۆزیسیۆنی چەپ لەناو ببات. بەمجۆرە بوو ڕایگەیاند سەرجەمی ئەو کێشانەی لە کارگەکان، لەنێوان ژنان و لەنێوان کەمینە نەتەوەییەکاندا سەریهەڵداوە کاری ئیمپریالیزمی ئەمریکایە. ئەوە ئیمپریالیزمە

لە کوردستان، تەبرێز، تورکمەن سەحرا و خوزستاندا دژ بە حکومەت شەڕ دەکات. ئەو ژنانەی دژی یاسا ئیسلامییەکانن بەکرێگیراو(عەمیل)ی ئەمریکا و زایۆنیزمن. ئەو کرێکارانەی لە شوراکاندا بەرهەڵستیی دەکەن کارگوزاری ئیمپریالیزمن.

حزبی تودە بەرگریی لە هەڵوێستەکانی خومەینی کرد و لەپشتی ئەوەوە وەستا. گەورەترین ڕێکخراوەکانی چەپ، فیداییان، موجاهیدین و پەیکار - وازیان لە خەبات هێنا و خەباتگێڕانی کرێکار، ژن و کەمینە نەتەوەییەکانیان (کە لەنێوان ئەواندا ئامادەییەکی بەرچاویان هەبوو) سەرگەردان کرد[112].

حزبی تودە (حزبی کۆمۆنیستیی لایەنگری ڕووسیا) و بەشێکی گەورەی فیداییان لە پشتیوانیکردنی خومەینی بەردەوام بوون تا کاتێك کە ئەو دەسەڵاتی خۆی لە ساڵی 1982دا بەهێز و پتەو کرد و پاشان دژ بەوانیش وەستایەوە.

لە درێژەدا هەرشتێك ڕوویدەدا چەپ یەك لەدوای یەك هەڵەکانی خۆی کەڵەکە دەکرد. لەکاتێکدا زۆرینەی ڕێکخراوی فیداییان دوای داگیرکردنی سەفارەتخانەی ئەمریکا هیچ جۆرە دژایەتییەکی لەگەڵ ڕژێمدا نەبوو، موجاهیدین لە کۆتاییدا هەڵوێستیی دژ و پێچەوانەی وەرگرت و لە کۆتایی ساڵی 1980دا بە ئاشکرایی دەستیکرد بە دژایەتیکردنی ڕژێم (ئەو کاتەی ڕژێم لە زانکۆکاندا هێرشی کردە سەر لایەنگرەکانیان)، موجاهیدین کە ستراتیژییەتی گەریلاییان هەبوو بەرەو لایەك ڕۆیشتن کە کەوتنە نێو داوی گەمەی ڕژێمەوە: بەمجۆرە بوو کە لەگەڵ بەنی سەدردا یەکیان گرت و خەباتێکی ڕاستەوخۆیان

بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات بەگەڕ خست. ئەمەش خەباتێك بوو ڕیشەیەکی ئەوتۆی لەنێو خەباتی ڕۆژانەی جەماوەرانی خەڵکدا نەبوو. کاتێك خۆپیشاندانی لایەنگرانی موجاهیدین نەیتوانی ڕژێم تێکبشکێنێت، سەرکردەکانیان لە وڵات ڕایانکرد و هێزە نهێنییەکانی موجاهیدین دەستیانکرد بە هێرشە چەکدارییەکانی خۆیان دژ بە فیگور و شەخسییەتە سەرەکییەکانی ڕژێم: "دانانی تەقینەوە لە نووسینگەی حزبی کۆماریی ئیسلامیی لە ساڵی 1981دا کە بووە هۆی مردنی ئایەتوڵڵا بەهەشتی و سەرانی دیکە و کادیرانی حزب، ئەمە هەڵێکی خستە بەردەم عولەما تا بەم بیانووەوە ئۆپەراسیۆنی تیرۆرێکی بێ پێشینە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا دژ بە ئۆپۆزیسیۆن بەگەڕ بخەن"[113].

چەپ [موجاهیدین] لەگەڵ نوێنەری بۆرژوازیدا یەکی گرتووە و شەڕێکی بۆ تیرۆرکردنی گەلێك کەسایەتیی دەستپێکردووە کە لای کۆمەڵانی خەڵك ڕۆڵی دژەئیمپریالیستیان دەگێڕا. کەواتە عەجیب و غەریب نەبوو ئەگەر وردەبۆرژوازیی هەژار و لۆمپەن پرۆلیتاریای هەواداری حزبی کۆماریی ئیسلامیی پشتیوانیی لە هێرشی ڕژێم بۆسەر چەپ بکات. لەم دۆخەدا سەرانی ڕژێم بە ئاسانی دەیانتوانی چەپ وەك دارەدەستی ئیمپریالیزم بۆ هێرشکردنە سەر شۆڕش نیشان بدەن. کاتێك دواتر موجاهیدینی خەڵق پشتیوانیان لە دەستدرێژیی سوپای عێراق بۆسەر ئێران کرد، کرێدیت و ئیعتیباری هەڵوێستەکانی ڕژێم دژ بەچەپ زۆر زیادی کرد.

لەڕاستیدا موجاهیدین کەوتنە نێو هەمان ئەو هەڵانەوە

که خەسڵەتی دیاری وردەبۆرژوازیی نوێی ڕادیکاڵی وڵاتانی جیهانی سێیەمە؛ ئینجا یان لەفۆرمی ڕێکخراوەکان و حزبە ئیسلامگەراکان، ماویست و یاخود ناسیۆنالیستدا. ئەوان بۆ خەباتی سیاسیی پشت بە کەمینەیەك وەك "پێشەنگ" دەبەستن کە لە دەرەوەی خەباتی جەماوەراندا کار دەکات. خەبات بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەك بە کودەتای سەربازیی و لەلایەکی دیکەوە بەرتەسك دەبێتەوە بۆ یەکێتیی و یەکگرتن لەگەڵ هێزە بۆرژوازییەکاندا. بە "ڕابەرایەتی"یەکی لەم چەشنە هیچ جێگای سەرسوڕمان نییە ئەگەر زۆرینەی کرێکارانی ڕادیکاڵ نەتوانن خەباتەکانیان لە کارگە جیاوازەکاندا ببەستنەوە بە بزووتنەوەیەکەوە کە بتوانێت جەماوەری هەژاری شاریی و جووتیارانی پشتیان یەکبخات. و بەمجۆرە بۆشاییەك بەجێما کە کۆماریی ئیسلامیی توانی پڕی بکاتەوە.

ڕوون و ئاشکرایە کۆی چەپەکان هێندەی موجاهیدین، فیداییانی زۆرینە و حزبی تودە هەڵەیان نەکرد. بەڵام ئەوان هێزگەلێکی سەرەکیی بوون کە ئەوانەی لە ئەزموونی شۆڕشدا ڕادیکاڵ بووبوون چاویان لەوان بوو. هەڵەکانیان گرنگترین فاکتەرێك بوون کە ببوونە هۆی ئەوەی گروپەکەی خومەینی ڕەوتی کارەکان بەدەستەوە بگرێت و دەوڵەتێکی لاواز بکات بە ئامرازێکی بەهێز بۆ سەرکوتکردنێکی خوێناویی.

دواجار دەبێت بڵێین تەنانەت ئەوانەی لەنێو چەپدا کە لە هەڵەگەلێکی گەورەی وەك هەڵەکانی موجاهیدین، فیداییان

و یاخود حزبی توده تێوه نەگلابوون، هەڵەی خۆیان هەبوو. ئەوان هەموویان یان لە نەریتی ستالینیستی یاخود ماویستییەوە هاتبوون. و بۆیە بەدوای گەلێك بەش و سێکتەری ”پێشڕەوی“ی بۆرژوازیی و یان وردەبۆرژوازییەوە بوون بۆ ڕێبەرایەتیکردنی خەبات. ئەگەر بەو دەرەنجامە بگەیشتنایە کە فڵانە بزووتنەوەی وردەبۆرژوازیی ”پێشڕەو“ یان ”دژەئیمپریالیست“ـە، ئەوا هیچ جۆرە ڕەخنەیەکیان لێی نەبوو و ئەگەر بزووتنەوەیەکی دیکەیان وەك ”وردەبۆرژوازیی پێشڕەو“ سەیرنەکردبایە، ئەوا بەو دەرەنجامە دەگەیشتن کە بزووتنەوەیەکی وەها هەرگیز ناتوانێت بەشداریی لە هیچ خەباتێکدا دژ بە ئیمپریالیزم بکات. ئەوان لەوە تێنەگەیشتبوون کە جارەهای جار لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا ئەوە ڕێبەرانی بۆرژوا و وردەبۆرژوان کە لە کێشە ناوخۆییەکانی خۆیاندا تەواو کۆنەپارێز و پاسەوانی سەرمایەداریین، بۆ نموونە دەبێت لە تورکیا باسی کەمال ئەتاتورك، لە قوبرس گریڤاس و ماکاریۆس، لە کینیا جۆمۆ کنیاتا، نەهرۆ و گاندی لە هیندستان و سەدام حسێن لە عێڕاقدا بکەین11. ئاراستەیەکی وەها بۆ ئەوان لای مەحرومان و چەوسێنراوان گرنگییەکی زۆری هەیە.

چەپ خەریکی ستایشکردنی ئەم ڕێبەرانە بووە وەك پاڵەوانی «پێشڕەو، دژەئیمپریالیست» و یان بانگەشەکردن بۆ ئەوەی ئەگەر خەبات دژ بە ئیمپریالیزم نەبێت، ناکرێت

---

11- تێبینیی: ئەم کتێبە (پێغەمبەر و پرۆلیتاریا) لە پاییزی 1994 نووسراوە کە ڕژێمی عێڕاق لەسەر کاربوو، تاکو لە ساڵی 2003 بە داگیرکاریی ئەمریکا، کۆتایی بەم ڕژێمە هات (وەرگێڕ)

هیچ کارێك بکرێت. بەپێچەوانەوە، چەپ دەبێت بەهەر نرخێك بووە سووربێت لەسەر سەربەخۆیی سیاسیی خۆی. و دەبێت ئەم کارە بە ڕەخنەی ئاشکرا لەم شەخسییەتانە، هەم بۆ سیاسەتە ناوخۆییەکانیان و هەم بۆ شکستی حەتمییان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئیمپریالیزمدا، بکات. و دەبێت ئەوە لای کۆمەڵانی خەڵك بسەلمێنێت کە ئێمە زیاتر لەوان خوازیاری تێکشکاندنی ئیمپریالیزمین.

بەڵام بەدبەختانە چەپی ئێرانیی هەڵەی بەسەر هەڵەدا کەڵەکە دەکرد و لە کۆتاییدا لە مانگەکانی کۆتایی جەنگی یەکەمی کەنداودا کە کەشتییە جەنگییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕینی هاوسەنگییەکە دژ بە ئێران ڕاستەوخۆ هاتبوونە مەیدانەوە، هەڵوێستێکی بێلایەنییانەی گرتەبەر. هێزە چەپەکان لەوە تێنەگەیشتبوون کە چەندین ڕێگا بوونیان هەیە بۆ ئەوەی هەم هەڵوێستی دژەئیمپریالیستییان هەبێت و هەم خەبات دژ بە ڕژێمی ئێران لەناوخۆدا بەهێز بکەن (هەنگاوگەلێکی وەك مەحکومکردن و ڕەتکردنەوەی ئەوەی کە ڕژێم لە باج خستنە سەر دەوڵەمەندان خۆی بەدوور دەگرێت بۆ دابینکردنی تێچوونەکانی نۆژەنکردنەوەی زیانەکانی جەنگ، ڕەخنە لە تاکتیکی بێهوودەی بەکارهێنانی «شەپۆلی ئینسانی» واتا ناردنی هێزەکانی پیادە بە ئامێر و تەقەمەنی سوك بۆ ئەو بەرە و ناوچانەی هێزەکانی عێراق بە چەك و تەقەمەنی قورس بەرگریان لێدەکرد، مەحکومکردنی بێتوانایی ڕژێم لە جێبەجێکردنی بەرنامەیەك کە کرێکاران و کەمینەکانی

عێراق دژ بە سەدام حسێن ڕاپەڕن، مەحکومکردنی خواستی غەرامەکردن بەو هۆیەی ئەم کارە دەبووە هۆی ئەوەی خەڵکی عێراق تێچوونی تاوانەکانی سەرکردەکانیان بدەن و هتد) لەبری ئەوە چەپ ئەو هەڵوێستەی گرتەبەر کە لە هەموو ئێرانییەکی دیکە جیاکردنەوە، ئەو ئێرانییانەی کە بیریان بوو ئیمپریالیزم لە ڕابردوودا چی بە وڵاتەکەیان کردووە، هەروەها ئەوانەی کە پێشبینیی ئەوەیان دەکرد ئەگەر ئیمپریالیزم هەلەی دووبارەی بۆ بڕەخسێت ئەوا هەمان کارەساتی بەسەر وڵاتەکەیاندا دەهێنایەوە.

سەرکەوتنی هێزەکانی خومەینی لە ئێراندا نە حەتمی بوو و نە بەو مانایەش بوو کە ئیسلامگەرایی هێزێکی کۆنەپارێزە کە لەدژیدا دەبێت لەگەڵ شەیتانەکان (یان بەدەربڕینێکی دیکە شەیتانی گەورە)ی ئیمپریالیست و هاوپەیمانە ناوخۆییەکانییاندا یەك بگرین. ئەم سەرکەوتنە جەختکردنەوەیەك بوو لەسەر ئەم هەڵوێستە کە لە غیابی ڕێبەرییەکی سەربەخۆی چینی کرێکاردا، یاخیبوونی شۆڕشگێڕیی ڕەنگە ببێتە هۆی گەڕانەوەی حاکمییەتی بۆرژوازیی لەژێر دەستی دەوڵەتێکی سەرکوتکەر، دەسەڵاتگەرا و تاکحزبیدا. بەشی ڕازئامێزی ئەم پرۆسەیە لە خەسڵەتی «سەدەکانی ناوەڕاست»ی ئیسلامدا نییە، بەڵکو لەو بۆشاییە دایە کە شکستی ڕێکخستنە سۆسیالیستەکان لە سپاردنی ڕێبەرایەتیی بە چینی کرێکاری بێ ئەزموون بەڵام تەواو خەباتگێڕدا، دروستی کرد.

# ناکۆکییەکانی ئیسلامیزم: سودان

ئێران تەنها وڵاتێك نییە ئیسلامگەراکان تیایدا دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتبێت. لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئیخوان موسلمینی سودان لەڕێگای بەرەی نەتەوەیی ئیسلامییەوە (NIF) نفوزێکی دیاریکەریی لە حکومەتی میلیتاریی سوداندا هەبووە.

ئیخوان موسلمینی سودان لە ساڵەکانی دەیەی 1940دا وەك لقێکی ئیخوان موسلمینی بەننا لە میسر، دەستی بە چالاکییەکانی کرد. بەڵام دوای ئەوەی ناسر لە ساڵەکانی 1950دا بەڕادەیەك ئیخوان موسلمینی میسری لەناوبرد، ئەم ڕێکخراوەش بوون و عەقیدە و دۆکترینی تایبەت بەخۆی دورست کرد. ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین سەرەتا لە زانکۆی خەرتوم سەریهەڵدا. زانکۆ ئەو شوێنە بوو کە بۆ بەدەستهێنانی لایەنگران و خۆشەویستنی خۆی، دەستیکرد بە دژایەتیکردنی کۆمۆنیستەکان. ئەم یەکەم ئاراستەگرتنە سیاسییەی ڕێکخراوەکە، ڕەگەزە ڕادیکاڵەکانی ئیسلامگەرایی لە کارەکانی ئەم ڕێکخراوەدا دەرخست. لە ساڵەکانی دەیەی 1960، ڕێبەری نوێی ڕێکخراوەکە، حەسەن ئەلتورابی توانی بناغەکانی پشتیوانیی فراوان بکات و هەزاران تازە هاتوو بۆ 2000 کەسی ئەندامی سەرەکیی بەرزبکاتەوە. ”بەهاتنە ناوەوەی عولەما، ئیمامی مزگەوتەکان، بازرگان، ڕێبەرانی نەریتی و ئەوانیدیکە، ڕێکخراوەکە چەندین ئەندامی جۆراوجۆر و بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. ئەگەرچی بەراورد بەوانەی خوێندنێکی

مۆدێرنیان نەبوو لەنێوان ئەندامانی چالاکی ڕێکخراوەکەدا کەم بوون“[114]. لە ساڵەکانی دەیەی 1980 بە دەرکەوتنی کەرتی دارایی ”ئیسلامیی“ (بە پشتیوانیی دەوڵەت) ئەم ڕادەیە لەنێو ئەندامانداندا بەرز بووەوە: ”سیاسەتەکانی خزمەتگوزاریی بانکی ئیسلامیی کە باوەڕی بە ئیمتیازاتیی تایبەت هەبوو بۆ خەڵکی ئایینی، کۆمەکێکی گەورەی بە ئیخوان موسلمین کرد“. دامەزراوە داراییە ئیسلامییەکان بوونە هۆی دەرکەوتنی چینێکی تەواو تازەی ئەو بازرگانانەی لەناکاو دەوڵەمەند بووبوون“ و ”لە نەبوونی ئەم دامەزراوانەدا خەڵك لە باشترین حاڵەتدا دەبوونە کارمەندی دەوڵەت، ئەوا بۆ ئەوان بوارێکی بەرفراوانی دەرفەتەکانی جێگۆڕکێ و گەشەی ئابووریی فەراهەم کرد“. ئیخوان موسلمین خاوەنی بانکە ئیسلامییەکان نەبوو. پارەکانی عەرەبستانی سعوودیی و سەرمایەی ناوچەیی، پشتیوانیی دارایی لەوان دەکرد. ئیخوان توانستی ئەوەیان هەبوو نفوز بکەنە نێو بەتایبەتیکردنی ”قەرزەکان و ئیمتیازاتە داراییەکانی دیکە“ و ئەمەش دەسەڵاتێکی زۆری بەوان دەبەخشی[115]. بەمجۆرە، هەندێك دەوڵەمەندی نوێ و ژمارەیەکی ناو زانکۆی دەوڵەت پشتیوانیان لەوان دەکرد: ”ناوکی سەرەکیی بزووتنەوەکە هێشتا ئەو چالاکوانانە بوون کە شەهادەی پسپۆڕیی مۆدێرنیان هەبوو، بەڵام لەلایەکی دیکەوە بەشێکی بەرچاوی بزنسمانەکان (و یان کارپێدراوان لە کەرتە جێبەجێکارەکاندا) وردە وردە سەنگێکی زیاتریان پەیداکرد“[116].

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1986دا دواى ڕووخاندنی

دیکتاتۆریی نیمری12، بەرەی ئیخوان موسلمین، NIF، تەنها 18.5% دەنگەکانی بەدەستهێنا. پارتە نەریتییەکان زۆرترین دەنگیان بەدەستهێنا. بەڵام ئەم بەرەیە 23 کورسی لە کۆی 28 کورسی هەڵبژێردراوی زاکۆکانی بردەوە و بەزوویی دەرکەوت کە لەنێوان بەشێکی چینی ناوەڕاستی شاری و بیزنسمانەکاندا بناغەیەکی پشتیوانیی بەرچاوی هەیە. هێندە کە ڕاستەوخۆ بتوانێت هاوپەیمانی شەخسییەتە سەرەکییەکانی هێزە سەربازییەکان بێت. ژەنەراڵ بەشیر لە ساڵی 1989دا بە کودەتایەك دەسەڵاتی گرتە دەست، بەڵام پێدەچوو دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە دەستی بەرەی نەتەوەیی ئیسلامییدا بێت. و لەوە بەدوا خەرتووم بوو بە یەکێك لە سەنتەرە نێونەتەوەییەکانی بزووتنەوە ئیسلامگەراکان، یەکێك لە سەنتەرە سەرنجڕاکێشەکانی ئەوان و نەیارێکیش بۆ تاران و ڕیاز.

گەیشتنە دەسەڵاتی ئیخوان موسلمین لە سودان هەروا ئاسان نەبوو. جارەهای جار نزیك بووە لەوەی بەشێکی زۆری ئەندامان و پشتیوانییەکانی لەدەست بدات. و واپێنەدەچوو زۆر دڵنیابێت لە مانەوەی لە دەسەڵاتدا.

ئەلتورابی لەو کاتەدا کە نەیارەکانی دسەڵاتیان بەدەستەوە بوو، هەوڵیداوە بە ڕاکێشانی خوێندکاران، چینی ناوەڕاست و

12- جەعفەر محەمەد نیمری (1930-2009)، لە 1969ـەوە 1985، سەرۆکی سودان بوو، ئەفسەرێکی سەربازیی بوو و دەسەڵاتی لەڕێگای سەربازییەوە، لە ساڵی 1969 بەدەستەوە گرت (وەرگێڕ).

بەڕادەیەك كرێكاران نفوزی لە نێو دەسەڵاتدا فراوان بكات – و سوودی لە هەر كات و ساتێك وەرگرتووە بۆ بەشداریكردن لە دەسەڵاتی دەوڵەتیدا تا بەمجۆرە نفوزی ئیخوان موسلمین لەنێو هیرارشییەتی دەوڵەتیدا زیاد بكات. یەكەمجار لە ساڵەكانی 1960دا ئەم كارەی كرد. برەودان بە ئیخوان موسلمین لەنێو خوێندكاراندا بووە هۆی بەشداریكردنی خوێندكاران، پسپۆڕانی چینی ناوەڕاست و كرێكارانی شۆڕشی ئۆكتۆبەری 1964. پاشان ئیخوان سوودی لە پێگە تازەكەی لە دەوڵەتدا وەرگرت بۆ ئەوەی بەر بە ڕادیكاڵیزەبوونی بزووتنەوەی جەماوەریی بگرێت و فشاری خستە سەر دەوڵەت تاكو چالاكیی كۆمۆنیستەكان قەدەغە بكات و بەمجۆرە گروپگەلێكی كۆنزەرڤاتیڤە خاوەن ئیمتیازەكانی بەرەو خۆی ڕاكێشا.

لە مانگی ئایاری 1969دا دوای كودەتای میلیتاریی كە لە ئەنجامدا جەعفەر نیمیری گەیشتە دەسەڵات، ئیخوان موسلمین دووبارە هەر بەمجۆرە جوڵایەوە. ژەنەراڵ بۆ ماوەیەك ئیخوان موسلمین و پارتە نەریتییەكانی سەركوتكرد. هەر ئەم سەركوتكردنە و بوون بە ئۆپۆزیسیۆنە، كۆمەكی بەوان كرد تا بە جوڵاندن و هاندان و چالاكیی لەنێوان خوێندكاراندا لەسەر هەلومەرجی كاری خوێندكاران – كە بووە هۆی یاخیبوونێكی سەرنەگرتووی خوێندكاریی دژ بە ڕژێم لە ساڵی 1973دا – بەشێك لە خۆشەویستی و سەپۆرتی خۆی بەدەستهێنایەوە كە ڕۆژگارێك لەكاتی بوونی لەدەسەڵاتدا، لەدەستی دابوو. پاشان

لە ساڵەکانی کۆتایی 1970دا داواکاریی "ئاشتیی نەتەوەیی" نیمیری قبوڵ کرد و بەشداریی لە حکومەتدا کرد. بەمجۆرە بوو کە ئەلتورابی بوو بە مافناسی باڵای "بەرپرسی پێداچوونەوەی یاساکان و گونجاندنیان لەگەڵ شەریعەتدا"[117]. لەم قۆناغەدا بوو کە ئەو سوودی لە فراوانبوونی کەرتی دارایی ئیسلامیی بۆ قوڵکردنەوەی ڕیشەکانی خۆی لەنێوان خاوەن سەرمایەکاندا وەرگرت. هەروەها لەم کاتەدا بوو کە توانیی سەرنجی ژمارەیەکی زۆری ئەفسەرانی سوپا بەرەو خۆی ڕابکێشێت.

بەڵام ئەم جۆرە مانۆرانە لەنێوا ئیخوان موسلمیندا چەندین گرژیی بەردەوامی دروستکرد و بوو بە هەڕەشەیەکی بەردەوام لەسەر بناغە و بنچینەکانی پشتیوانییە بەرفراوانەکەی. ئەندامە ڕەئیسییەکانی ئیخوان موسلمین کە لە ساڵەکانی 1950دا کاریان بۆ ڕێکخراوەکە دەکرد، بەهیچ جۆرێك ڕازی نەبوون لە کارو کردەوەکانی ڕێبەری ڕێکخراوەکە کە بەدوای بەدەستهێنانی پشتیوانیی بەشێکی زۆری نوخبە نەریتییەکان و دەوڵەمەندە تازەکانەوە بوو. میتۆد و ڕێگاکانی ئەلتورابی هیچ لێکچوونێك و نزیکییەکی لەگەڵ چەمکی پێشڕەویی ئیسلامییدا نەبوو کە ئەوان لە دەیەی 1940دا وەك خوێندکاری ڕادیکاڵ خوازیاری بوون و کاریان بۆ دەکرد. ئەوان پێیانوابوو ڕێبەری ڕێکخراوەکە بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستیی و ڕێز، دەستکاریی ئایدیا ئیسلامییەکان دەکات. بەتایبەت کاتێك فەرمانێکی دەرکرد کار بە ژنانیش بکرێت، پشتیوانیی لە خەباتی ئەوان بۆ بەدەستهێنانی

مافی دەنگدان کرد وناميلکەيەکی بڵاوکردەوە، تیایدا دەيگوت ئیسلامی ”حەقیقی“ی دەبێت باوەڕی بە مافی یەکسانیی ژنان بەرانبەر پیاوان هەبێت[118]. لە ڕوانگەی ناڕازییانەوە ئەم کارە تەنها مانای پاشەکشێکردن بوو لە بەرانبەر بە چینە ناوەڕاستە سیکۆلارەکاندا. وێڕای ئەمە، نیمیری وەك کەسی سەرەوەی ڕژێم بە ڕەفتاری نائیسلامیی ناوبانگی دەرکردبوو – بەتایبەت بەهۆی مەشروبخۆرییەکەیەوە. گروپێکی ئەندامانی کۆنتری ڕادیکاڵیزم کەسێکی وەك قوتبیان بەباشتر دەزانی. ئەم کەسانە لە کۆتاییدا جیابوونەوە و ڕێکخراوی خۆیان دروست کرد پەیوەندیی بە ئیخوان موسلمینی میسرەوە هەبوو[119].

هاوکاریکردنی ئیخوان موسلمین لەگەڵ ئەو ڕژێمەی ڕۆژ بەڕۆژ قێزەونتر دەبوو بووە هۆی ئەوەی کێرڤی لەنێو لایەنگراوان و هەوادارانیدا دابەزێت. لە ساڵەکانی سەرەتای 1980دا شەپۆلێکی ناڕەزایەتیی دژ بە ڕژێمی نیمیری سەریهەڵدا: خۆپیشاندانی خوێندکاران لە ساڵەکانی 1981-1982، مانگرتنی کرێکارانی هێڵی ئاسن لە 1982، نافەرمانیی و یاخیبوون لە هێزەکانی باشوور لە 1983 و بەدوایدا مانگرتنی دادوەران و پزیشکان. لەم ماوەیەدا ئیخوان موسلمین تەنها هێزێکی دەرەوەی ڕژێم بوو کە پشتیوانیی لە نیمیری دەکرد و لەوە دەترسا لەگەڵ کەوتنی یەکجارەکیی دیکتاتۆردا، ئەویش بکەوێت و لەبەین بچێت.

نیمیری دوا وەرەقەی قومارەکەی خۆی فڕێدا: دانانی کتوپڕی

بنەڕەتەکانی شەریعەت لەنێو دەستوور یان یاسادا. ئیخوان موسلمین تاقە بژاردەیەکی هەبوو و ئەویش پشتیوانیکردنی نیمیری بوو؛ زیاتر لە 30 ساڵ بوو ئیخوان موسلمین خوازیاری "گەڕانەوە بۆ شەریعەت" بوو وەك وەڵامێك بۆ تەواوی کێشەکانی سودان. هەر ئەم دروشمە سادەیە بوو کە سیاسەتە ڕیفۆرمیستییەکەی ئەوی بە نەریتە ئیسلامییەکانی کۆمەڵایەنی خەڵك دەبەستەوە کە لە چینی ناوەڕاستیی شارییەوە نەهاتبوون. بەمجۆرە بوو ئیخوان موسلمین چالاکییەکی بەرفراوانی بۆ پشتیوانیکردن لە پیادەکردنی بنەڕەتەکانی شەریعەت وێڕای بەرپرسانی دادوەری و بەشێکی گەورەی سیستەمی دادوەری دەستپێکرد. ملیۆنێك کەس پەیوەندییان بە خۆپیشاندانەکانی ئیخوان موسلمینەوە کرد کە داوای کۆنفرانسی نێونەوەتەییان دەکر بۆ بابەتی پیادەکردنی شەریعەت و ئەندامانی ئیخوان موسلمین کۆمەکیان بە دامەزراندنی دادگا تایبەتییەکانی شەریعەت کرد کە ڕژێمەکەی نیمیری دایمەزراندبوو.

بەمجۆرە خۆشەویستیی و سەپۆرتی ئیخوان موسلمین لەنێو ئەڵقە نەریتییەکاندا بەرزبووەوە. بەتایبەت کاتێك ئەم دادگایانە بەشێوەیەکی گشتی گەندەڵیی چەندین کەسایەتیی ناسراویان ڕاگەیاند. وێڕای ئەمە، دەسەڵاتی نوێی ئیخوان موسلمین سەرنجڕاکێش و گرنگ بوو بۆ ئەوانەی دەیانویست لە دامەزراوەی دەوڵەتیدا بەرزببنەوە. ئەگەرچی ئەم هەنگاوانە بووە هۆی پشتیوانیکردنی زیاتر لە ئیخوان موسلمین لەنێو کەرتە

نەریتییەکانی خەڵکدا و نفوزی ئەوانی لە کارکەرە دەوڵەتییەکان بەرز کردەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا گەلێك نارەزایەتیی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا. هەنگاوەکانی ئیخوان موسلمین بۆ ئەوەی بەفیعلی دۆخی کۆمەڵانی خەڵکی موسڵمان باشتر بکات، بووە هۆی نارەزایەتیی ئەوانەی سیکۆلار و یان پەیڕەوکەری ئایینی دیکە بوون جگە لە ئیسلام (زۆرینەی خەڵکی باشووری وڵات). ڕەمز و ڕازی شەریعەت لەوەدا بوو کە بڕیار بوو سیستەمێکی یاسایی نوێ بێت، کە کۆتایی بەهەموو جۆرە ناعەدالەتییەك بهێنێت. بەڵام تەنها بە چاکسازیی یاسایی و لەژێر حکومەتێکی گەندەڵ و نەویستراودا نەدەکرا بەم ئامانجە بگەن. بەمجۆرە یاسا تازەکان تەنها بنەڕەتەکانی سزادانی شەریعەتی بەدواوە بوو؛ حدود13: بڕینی دەستی دزان، بەردبارانکردنی ژنانی زیناکار و هتد.

ئەگەر ئیخوان موسلمین لە ساڵەکانی 1960دا توانیوییەتی پایە و بناغەی پشتیوانییەکانی خۆی لەنێو چینی خوێندەواری شارییدا فراوان بکات، بەم هۆیەوە بووە کە بەڕادەیەك باسی لەم دیوەی شەریعەت نەکردووە. ئەلتورابی ”بە سووربوون

13- بەشێکە لە یاساکانی سزادانی ئیسلام، کە سزاکانی بەهۆی کارەکانی پێچەوانەی پاکیزەیی و ئەخلاقەوە پیادە دەکرێت و یاسای حدود، ئەم کارانە دەگرێتەوە: زینا، نێربازیی، لیسبیان، قەزف یان جۆرە ناوزڕاندنێك بە زینا، مورتەدبوون، مەینۆشیی، دزیی، چەتەیی و هتد (وەرگێڕ).

لەسەر ئەوەی حدود تەنها لە کۆمەڵگای ئیسلامیی ئایدیالدا دەکرێت پیادە بکرێت کە تیایدا هەژاریی بەتەواوی نەمابێت، بەسەر ئەم بابەتەدا تێدەپەڕی"[120]. بەڵام ئێستا ڕوونترین و ڕاشکاوترین بەڵگەیەك کە دەریدەخات شەریعەت سیستەمی یاسایی گۆڕیوە، بەکارهێنانی سزادانە ئیسلامییەکان بوو. و ئێستا ئەلتورابی بە هەڵگەڕانەوەیەکی 180 پلە هێرشدەکاتە سەر ئەوانەی "دەیانگوت ئێوە ناتوانن لەڕێگای یاسادانانەوە ئەخلاقیات بەسەر خەڵکدا بسەپێنن"[121].

وێڕای ناڕەزایەتیی دەربڕین بەرانبەر بە دادگاکانی شەریعەت ناڕەزایەتیی دیکەیش لەنێو کەرتی دارایی ئیسلامییدا بوونی هەبوو. ئەم کەرتە توانای بە ژمارەیەکی ئەندامانی چینی ناوەڕاست دابوو بۆ کەرتە گرنگەکانی بواری بزنس هەڵبکێشن. و هەڵبەت بەناچاری ژمارەیەکی زۆر زیاتری بە سەرلێشێواوی هێشتبووەوە:

"بزنسمانەکانی دیکە و هەزاران لایەنگری دی، لایەنداریی ئیخوان موسلمینیان بە هۆکاری سەرەکیی مەحرومبوونی خۆیان لە سەرچاوە ئابوورییەکانی سیستەمی نوێ دەزانی... وێڕای ئەمانەش، ئەو تۆمەتانەی لەسەر خراپ بەکارهێنانی سیستەمی بانکی ئیسلامیی لەلایەن ئیخوان موسلمینەوە، وێرانکەرترین فاکتەرێك بوو لە قۆناغی نیمیریدا سەریهەڵدا و کێرڤی ئیخوان موسلمینی لەلای زۆرینەی دانیشتووانەوە هێنایە خوارەوە"[122].

لە کۆتاییدا، هاودەستیی ئیخوان موسلمین لەسەر مەسەلەی شەریعەت ئەو توانا و ئیمکانەی بەوان دا سەرەڕای نارەزایەتییە بەرفراوانەکان، کە دژی ئەوان بەرپاکرابوو، چاو لەسەر هەموو شتێك دابخەن. ئەگەرچی نیمیری دواجار لەژێر زەختی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەدژی ئیخوان موسلمین هەڵگەڕایەوە، و ئەمە بەر لە ڕاپەڕینی خەڵك بوو کە بووە هۆی لەناوچوونی خۆی، بەڵام ئیتر بۆ ئیخوان موسلمین زۆر درەنگ بوو تا بتوانێت بەجۆرێك خۆی بە شۆڕشەوە ببەستێتەوە.

بەڵام ئیخوان موسلمین توانی بمێنێتەوە و بەدرێژایی چوار ساڵ دەسەڵاتی لە هەمیشە زیاتر بکات. ئیخوان موسلمین پێشنیاری شتێکی بۆ ئەفسەرانی سوپا کە لەکۆتاییدا دژی نیمیری جوڵابوونەوە، کرد کە هیچ هێزێکی دیکەی نەبوو: هەزاران ئەندامی چالاك کە ئامادەبوون لە جەنگی ناوخۆییدا دژی ڕاپەڕیوانی غەیرە موسڵمان لە باشووری وڵات لە پشتی ئەفسەرەکانەوە بووەستن و لە سەرکوتکردنی نارازییانی شارەکانی باکووردا، لەگەڵ ئەفسەراندا بن. فراکسیۆنی هێزە سیکۆلارەکان کە سەرکردایەتیی ڕاپەڕینیان دژ بە نیمیری کردبوو، بەهۆی بەرژەوەندییە چینایەتییە ناکۆکەکانیان بەفیعلی تووشی ئیفلیجی هاتبوون و نەیانتوانی نارەزایەتییەکان لەنێو بزووتنەوەیەکدا چڕ بکەنەوە کە گەرەنتی گۆڕانکارییەکی سەرتاپایی لەکۆمەڵگادا بکات و هەروەها بەشێوەیی شۆڕشگێڕیی دابەشکردنەوەی سامان و ئۆتۆنۆمیی وڵات دابین بکات. ئەوان تەنانەت توانای

ئەوەیان نەبوو ئەم توڕەییەی جەماوەر سەرکوت بکەن. و ئەمە دەرفەتێك بوو بۆ ئیخوان موسلمین تا خۆی لای ئەفسەرانی سوپا وەك تاکە هێزێك کە دەتوانێت سەقامگیریی بەدیبهێنێت، خۆی نیشان بدات و بەم مەبەستەوە خۆپیشاندانێکی گەورەی دژی هەرجۆرە ئیمتیازدانێك بە ڕاپەڕیوانی باشوور بەرپاکرد و بەم هۆیەوە دەسەڵاتی خۆیان نمایش کرد. بەمجۆرە بوو کە لە ساڵی 1989دا کاتێك هێزە سەربازییەکان جارێکی دیکە دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت بۆ ئەوەی بۆ ئەوەی نەچنە ژێرباریی ڕێککەوتنی ئاشتیی پێشنیاریی نێوان دەوڵەت و ڕاپەڕیوان، پەنایان بردە بەر ئیخوان موسلمین.

بەڵام ئیخوان موسلمین لەو کاتەوە کە لە دەسەڵاتدایە، تەنها یەك وەڵامی بۆ سەرجەمی کێشەکانی ڕژێم هەیە – و ئەویش سەرکوتێکی تەواو توندوتیژانەیە لەژێر حیجابی زمانی ئاییندا. لە مانگی مارسی 1991دا جارێکی دیکە بنەڕەتەکانی شەریعەت لەگەڵ سزاکانی حدوددا سەریان هەڵدایەوە. و لەو مێژووەوە جەنگ دژ بە ڕاپەڕیوانی باشوور هاوڕا بووە لەگەڵ سەرکوتێکی دیکەی جڤاتە ناعەرەبەکانی وەك فور و نوبا و ئەمە وێڕای بانگەشەکانی ئەلتورابییە کاتێك کە ئۆپۆزیسیۆن بوو دەیگوت دژی هەرجۆرە فۆرمێکی ئیسلامە کە لەسەر شۆڤێنیزمی عەرەب دامەزرابێت. ئەم نموونەیەی سەرکوتکردنانە دژ بە نەیارانی جەنگی باشوور حوکمی ئەو ئیعدامکردنانەیە کە

دوو ساڵ پێش ئێستا14 بۆ گروپێك لە دارفور بە تاوانی ”هاندان بۆ شەڕ دژ بە دەوڵەت و هەڵگرتنی چەك“ دەرکرا. یەکێك لە پیاوەکان مەحکومکرا بە ئیعدام بە پەت و پاشان لەخاچدانی جەستەکەی لە بەرچاوی هەمووان‌دا[123]. لە قۆناغی بەر لە هەڵبژاردنی یەکێتییە کرێکارییەکان و سەندیکاکان، چەندین ڕاپۆرت هەبوون لەسەر هەڕەشە، گرتن و ئەشکەنجەدان[124]. تەنانەت ئەمڕۆ زۆرێك لەو نەریتگەرایانەش سەرکوت دەکرێن کە پشتیوانییان لە بەرنامەکانی بەئیسلامیکردن دەکرد. ڕژێم ئەڵقەی سەرکوتکارییەکانی خۆی توندتر کردووەتەوە و تەنانەت فشار و زەخت دەخاتە سەر گروپە صۆفیگەرەکانیش کە ”ئامۆژگارییەکانیان ناڕەزایەتیی گشتیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت“[125]. و زۆرێك لە خەڵکی، ئەو بۆمبەی لە سەرەتاکانی ئەمساڵدا لە مزگەوتی صۆفیدا دانرابوو و تەقییەوە و تیایدا 16 نەفەر بوونە قوربانی، دەیدەنە پاڵ ئیخوان موسلمین.

بەڵام سەرکوتکارییەکانی ڕژێم تەنها سەقامگیرییەکی کاتیی بۆ ڕژێم هەبووە. دوو ساڵ پێش ئێستا چەندین ڕاپەڕین لە چەندین شاردا سەریهەڵدا بۆ ناڕەزایەتیی دەربڕین بەرانبەر بە کەمبوونەوەی کاڵا و گرانی. ئێستا بەرنامەی ڕزگاریی ئابووریی جێگای ژێستە سەرەتاییەکانی دژایەتیکردنی لە

14- وەك لە پەراوێزەکانی سەرەوەدا ئاماژەی پێکراوە، ئەم کتێبە لە پاییزی 1994دا نووسراوە (وەرگێڕ).

بەرانبەر بە سندوقی دراوی نێودەوڵەتیدا گرتووەتەوە. ئەو بەرنامەیەی لەسەر "ئازادکردنی ئابووریی" وەستاوە و "بریتییە لەو هەنگاوانەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیی لە ڕابردوودا نابووی"[126] و چەندین دانوستانی بەدوادا هاتووە. ئەم هەنگاوانە زۆر بەتوندی ئاستیی خۆشگوزەرانی ژیانی هێناوەتە خوارەوە و بووەتە هۆی ناڕەزایەتیی و ڕاپەڕینی زۆر زیاتر.

وێڕای ئەمانە ڕژێم خۆی لە دەسەڵاتی ئیسلامییەکانی دیکە بەدابڕاو دەبینێت: بە چوونە بەرەی دژە ئێرانەوە لە جەنگی یەکەمی کەنداو ئیخوان موسلمین پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەم وڵاتەدا خاپوور کرد. دوای ئەوە بە پشتیوانیکردنی عێڕاق لە جەنگی دووەمی کەنداودا پەیوەندیی لەگەڵ عەرەبستانی سعوودیدا لەدەستدا. بەم هۆیەوەیە کە ڕەنگە ئیخوان موسلمین هەوڵی دابێت وەك جەمسەرێك بۆ ئیسلامیستەکانی دیکە کە لە دوو وڵاتی ئێران و عەرەبستانی سعوودیی و ئیخوان موسلمین دابڕان، دەربخات – ئەگەرچی سیاسەتەکانی ئەلتورابی لەم 30 ساڵەدا لەو ڕادیکاڵزمە زۆر دوورکەوتووەتەوە کە ئەم گروپانە داوای دەکەن.

ئیخوان موسلمینی سودانیش کەوتووەتە ژێر فشارێکی قورسەوە. "چەندین دەنگۆ هەن دەربارەی ئینشیقاقی بەرەی ڕزگاریی ئیسلامیی. لەنێوان ئەوانەی زیاتر دەمارگیرن و بەشێك لەوانەی میانەڕەوترن و پەیوەندیی بە بەرەی کۆنزەرڤاتیڤی حزبی ئوممە و حزبی DUP [ئەحزابی سەرەکیی نەریتی].

بەرەی ڕزگاریی ئیسلامیی دابەشبووە بەسەر ئەندامە کۆنەکان کە ئامادەن دانوستان لەگەڵ پارتە سیکۆلارەکاندا بکەن و لاوە دەمارگیرەکان کە دژی هەموو جۆرە سازشکردنێکن“[127].

لەکۆتاییدا دەبێت ئاماژە بەخاڵێکی گرنگتر دەربارەی سودان بکەین. سەرهەڵدانی ئیخوان موسلمین و گەیشتنە دەسەڵاتی، لە هێزە جادوویی و سیحربازە بەردەوامەکانەوە نەبوو. هۆکارەکەی لاوازیی هێزە سیاسییەکانی دیکە بوو بۆ خستنەڕووی ڕێگاچارەیەك بۆ دەرچوون لەو بنبەستەی وڵات هەرچەند قوڵتر تێیکەوتبوو. لە دەیەکانی 1950 و 1960دا پارتی کۆمۆنیست لە ئیخوان موسلمین بەهێزتر بوو. و کێبڕکێی لەگەڵ ئیخوان موسلمین لەسەر نفوزییان لەنێو خوێندکاراندا دەکرد و توانیبووی لەنێوان چالاکوانانی یەکێتیدا پێگەیەك بۆ خۆی دەستەبەر بکات. بەڵام لە ساڵەکانی 1964 و 1969دا ئەم کاریگەریی و نفوزەی بەکارنەهێنا بۆ خستنەڕوو و داڕشتنی بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕی بۆ گۆڕنگاریی. لەبری ئەوە چووە نێو دەوڵەتێکی ناشۆڕشگێڕەوە کە کاتێك شەپۆلی ناڕەزایەتییەکانی خەڵك دامرکایەوە، ڕژێم دژی پارتی کۆمۆنیست وەرچەرخا. بەتایبەت پشتیوانیی پارتی کۆمۆنیست لە حکومەتەکەی نیمیری لە ساڵەکانی سەرەتادا بوو کە ئەم دەرفەتەی خستە بەردەم ئیخوان موسلمین تاکو لە زانکۆکاندا سەرکردایەتیی ناڕەزایەتییەکان بکات و نفوزی کۆمۆنیستەکان لەبەین ببات.

## دەرەنجامەکان

هەڵەیە ئەگەر بەشێکی سۆسیالیستەکان، بزووتنەوە ئیسلامگەراکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیك وەك کۆنەپارێز و "فاشیست" و یان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیك وەك "دژە-ئیمپریالیست" و یاخود "پێشڕەو" ببینن. ئیسلامگەرایی ڕادیکاڵ، کە دەیەوێت کۆمەڵگا لەسەر بنەمای مۆدێلی محەمەد لە سەدەی حەوتەمی زایینی عەرەبستاندا بونیاد بنێتەوە، لەڕاستیدا "یۆتۆپیایەکە" کە لە لایەن بەشی هەژاری چینی ناوەڕاستەوە دێت. و وەك هەر "یۆتۆپیایەکی وردەبۆرژوا"[128]ی دیکە، هێزەکانی، لە پراکتیکدا، دەکەونە بەرانبەر دوو بژاردەوە: هەڵبژاردن لەنێوان جەنگێکی حەماسیی بەڵام بێ ئەنجام دژ بە حاکمانی کۆمەڵگا بۆ جێبەجێکردنی ئەو یۆتۆپیایە و یاخود سازش و مساوەمە لەگەڵیاندا و لە ئەنجامدا دەستەبەرکردنی بەرگێکی ئایدیۆلۆژییانە بۆ بەردەوامیدان بە چەوساندنەوە و سەرکوتکردن. هەر ئەمە بەناچاریی دەبێتە هۆی دروستکردنی دوو بەرەی تیرۆریست و ڕادیکاڵی ئیسلامگەرایی لەلایەك و لقی ڕیفۆرمیستی ئیسلامگەرایی، لەلایەکی دیکەوە. و لێرەوە بەشێکی ئیسلامگەرا ڕادیکاڵەکان چەکەکانی خۆیان بەرەو ئەویدیکە وەردەچەرخێنن و لەبری لەنێوبردنی "زاڵم" بۆ سەپاندنی ڕەفتاری "ئیسلامیی" بەسەر تاکەکاندا، فیشەکەکانیان دەتەقێنن.

دوژمنی سەرەکیی سۆسیالیستەکان وردەبۆرژوازیی یۆتۆپیانیست نییە. ئەم بەشەی وردەبۆرژوازیی بەرپرس نییە لە سیستەمی نێونەتەوەیی سەرمایەداریی و چەوساندنەوەی ملیۆنان نەفەر لەژێر پاڵنەری کوێری کەڵەکەکردن، چەپاوکردنی تەواوی کیشوەرەکان بەدەستی بانکەکان و پیلانگێرییەکان کە دوای ڕاگەیاندنی "نەزمی نوێی جیهانیی" بەردەوام بووەتە هۆی بەرپاکردنی جەنگێکی تۆقێنەرانە. ئەوان بەرپرسی ترس و تۆقینەکانی جەنگی یەکەمی کەنداو نین کە سەدام حوسێن بۆ ماستاوکردن بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و شێخ نشینەکانی کەنداو دەستیپێکرد، جەنگێك کە بە تەداخولی ڕاستەوخۆی ئەمریکا بە پشتیوانیی عێراق کۆتایی هات. ئەگەر هێرشی فالانژیستەکان15 و تەداخولی سوریا دژ بە چەپ و داگیرکارییەکانی ئیسرائیل لە لوبنان و کوشتار لەو ناوچەیەدا دۆخێکی هێنابێتە ئاراوە کە بووبێتە هۆی سەرهەڵدانی شیعەی شەڕخواز، ئەوا ناکرێت بۆ ئەمە سەرزەنشتی ئەوان بکەین. هەروەها ناتوانین ئەوان بە کەمتەرخەم بزانین لە جەنگی دووەمی کەنداو و "بۆمبارانی دەقیق"ی نەخۆشخانەکانی بەغدا و کوشتنی 80 هەزار کەس کە لە کوێتەوە بەرەو بەسرە ڕایاندەکرد. تەنانەت ئەگەر ئا ئێستا ئیسلامیستەکانی وڵاتانی وەك جەزائیر و میسر نەمێنن، هێشتا هەژاریی و دەربەدەریی، حکومەتی پۆلیسیی و سەرکوتکردنی مافەکانی مرۆڤ لەم کۆمەڵگایانەدا هەر بوونیان دەمێنێت.

---

15- پارتی فاشیستیی ئیسپانیا لە نێوان ساڵانی 1937-1977.

بەم هۆیەوەیە کە نابێت سۆسیالیستەکان دژی ئیسلامگەراکان بچنە بەرەی دەوڵەتەوە. بە ئەنجامدانی ئەم کارە بەناوی ئەوەی ئیسلامگەراکان هەڕەشەن بۆ بەها سیکۆلارەکان، ئەوا کارەکەی ئەوان بۆ کێشانی وێنەی چەپ وەك "کافر"، "سیکۆلار"، سازشکار یان "زاڵمان" دژی کۆمەڵانی خەڵکی هەژار، ئاسان دەکەن. و دەکەونە نێو هەمان هەڵەکانی چەپەکانی میسر و جەزائیرەوە: بە"پێشڕەو" سەیرکردنی ڕژێمێك کە بەفیعلی هیچ هەنگاوێك لەپێناوی زۆرینەی جەماوەردا هەڵناهێنێت. ئەمە هەڵەگەلێکن زەمینەیان بۆ گەشەی ئیسلامگەراکان خۆشکرد. و ئەوەش لەبیر دەکەن کە هەرجۆرە پشتیوانییەکانی دەوڵەت لە بەها سیکۆلارییەکان شتێکی مەرجدار و کاتییە: ئەم پشتیوانییە کاتێکە کە بیەوێت ڕێککەوتن لەگەڵ ڕەوتی کۆنزەرڤاتیڤتری ئیسلامگەراکان لەسەر پیادەکردنی چەند بەشێکی شەریعەتدا بکات – بەتایبەت ئەو بەشانەی چەندین سزای قورس بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن – و لە بەرانبەردا ئەوان دەیانەوێت ڕادیکاڵەکان لە تەحەداکردنی دەزگای سەرکوتکردن دووربخەنەوە. ئەمە دەقاودەق هەر ئەو شتەیە کە لە پاکستانی ژێر حاکمییەتی زیا و لە سودانی ژێر حاکمییەتی نیمیری ڕوویدا و ئەمڕۆ حکومەتەکەی کلینتۆن بەئاشکرا ژەنەراڵەکانی جەزائیر بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هان دەدات.

باڵام ناشبێت سۆسیالیستەکان پشتیوانیی لە ئیسلامگەراکان

بکەن. ئەنجامی پشتیوانییەکی وەها تەنها و تەنها فۆرمێکی سەرکوتکردن دەگۆڕێت بۆ فۆرمێکی دیکەی سەرکوتکردن. لەڕاستیدا ئەم کردەوەیە کاردانەوەیەکە بەڕووی توندوتیژیی دەوڵەتیدا. کاردانەوەیەکە هاوڕا لەگەڵ نادیدەگرتنی کەمینە ئەتنیکی و ئاینییەکان، ژنان و نێربازەکان. و پیلانگێڕییەکە بۆ قوربانیکردنی هێزەکانی دیکە. و ئەمە هەلومەرج یان زەمینەیەك بۆ بەردەوامیدانی بێ کۆت و بەندی چەوساندنەوەی سیستەمی سەرمایەداریی دروست دەکات، ئەگەرچی فۆرمگەلی "ئیسلامی"یش بەخۆیەوە دەگرێت. ئەم سیاسەتە مانای وازهێنانە لە سیاسەتی سۆسیالیستیی سەربەخۆ کە لەسەر بنەما و بناغەی خەباتی کرێکاران بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی سەرجەمی مەحرومکراوان و چەوسێنراوان دامەزراوە. و لەبری ئەوە بەرەو یۆتۆپیایەکی ناڕوونی وردەبۆرژوازیی دەڕوات. یۆتۆپیایەك کە لە فۆرمە تایبەتییەکانیدا ناتوانێت خۆیشی بەرەو پێشەوە بەرێت.

ئیسلامیستەکان هاوپەیمانی ئێمە نین. نوێنەرانی چینێکن کە بەدوای نفوزەوەن لەنێو چینی کرێکاردا و هەرچەند زیاتر لەم کارەیاندا سەرکەوتوو بن یان چینی کرێکار بەرەو سەرکێشییەکی بێ کەڵك و کارەساتبار دەبەن و یاخود دەبنە هۆی کاردانەوەی کۆنەپارێزانە و پاشەکشەی چینی کرێکار لەبەرانبەر بە سیستەمی هەنوکەییدا – و یان بەپێی دۆخی باو، یەکەم [کە بریتییە لە سەرکێشییەکی

کارەساتبار] و پاشان بەدوایدا، دووەم [کە بریتییە لە پاشەکشەی چینی کرێکار].

بەڵام ئەمانە بەو مانایە نییە کە ئێمە لەوان ڕابکەین و نادیدەیان بگرین. ئەوان لەخاکی هەمان ئەو گروپە کۆمەڵایەتییە بەرفراوانانەدا دەڕوێن کە ئازار بەدەست کۆمەڵگای هەنوکەییەوە دەچێژن، و ئەگەر خەباتی ڕاپەڕیوی کرێکاران ڕێگایەك لە بەرانبەر بەواندا بکاتەوە دەکرێت هەستە ڕاپەڕیو و یاخییەکەیان بەرەو ئامانجە پێشڕەوەکان ئاراستە بکرێت. تەنانەت کاتێك کە لە ئاستی خەباتدا هێشتا بەرز نییە، سۆسیالیستەکان دەتوانن زۆرێك لەوان کە بەرەو نوسخە ڕادیکاڵەکانی ئیسلامیزم ڕاکێشراون، بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە - بەمەرجێك سۆسیالیستەکان لە بەرانبەر ئیسلامگەراکاندا سیاسەتێکی تەواو سەربەخۆ و بەدەر لەهەرجۆرە ئیسلامگەراییەك بگرنەبەر هاوڕا بێت لەگەڵ خواستی قۆستنەوەی سەرجەمی دەرفەتەکان بۆ هێنانە ناوەوەی ئەوان لەنێو خەباتێکی لەڕاستیدا ڕادیکاڵ.

ئیسلامیزمی ڕادیکاڵ پڕ پڕە لە ناکۆکیی و دژبەریی. وردەبۆرژوازیی هەمیشە بەرەو دوو ئاراستە کێش دەکرێت - ڕاپەڕینی ڕادیکاڵ دژ بە کۆمەڵگای هەنوکەیی یاخود سازشکردن لەگەڵیدا. بەم هۆیەوە بەردەوام ئیسلامیزم لەنێوان یاخیبوون و ڕاپەڕین بۆ زیندووکردنەوەی سەرتاپای کۆمەڵگای ئیسلامی و یان سازشکردن لەگەڵ ڕژێمدا

بۆ پیادەکردنی "ڕیفۆرم"ی ئیسلامیدا دێت و دەچێت. بەناچاریی ئەم ناکۆکییانە خۆیان لەنێو پێکدادانە قورس و بەگشتی توندوتیژەکانی نێو گروپە ئیسلامییەکان و نێوانیاندا دەردەخەن.

ئەوانەی ئیسلامیزم وەك کۆنەپارێزێکی نامۆی یەکپارچە دەبینن، ئەوە لەبیر دەکەن کە لە جەنگی یەکەمی کەنداودا کاتێك ئێران و عەرەبستانی سعوودیی لە بەرانبەر یەکتریدا وەستانەوە، لەنێوان ئیسلامگەراکاندا چەندین پێکدانان لەسەر ئەم مەسەلەیە ڕوویدا. چەند هۆیەك هەبوون بۆ ئەوەی حزبی ڕزگاریی ئیسلامیی جەزائیری پەیوەندییەکانی لەگەڵ پشتیوان و سەپۆرتکارەکەی خۆیدا، واتا سعوودیە، ببڕێت، و لە ڕەوتی جەنگی دووەمی کەنداودا ئیسلامگەراکانی تورکیا بە پشتیوانیی دارایی مزگەوتەکانی سعوودیە چەندین خۆپیشاندانیان بۆ پشتیوانیکردنی عێراق بەرپاکرد. هێشتا پێکدادانە چەکدارییە خوێناوییەکانی نێوان گروپە ئیسلامیستە نەیارەکان لە ئەفغانستاندا، لەئارادایە. ئەمڕۆ گەلێك مشتومڕ و بەریەککەوتن لەنێو ڕێکخراوی حەماس لەنێوان فەڵەستینییەکاندا لەسەر قبوڵکردن و یان ڕەتکردنەوەی هاوکارییکردنی دەوڵەتی تەسلیمبووی یاسر عەرەفات - و لە ئەنجامدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل -دا لە بەرانبەر بە پیادەکردنی یاساکانی ئیسلامییدا بوونی هەیە. هەرکە ئیسلامی "ڕیفۆرمیست"

لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی لە سیستەمی جیهانیدا نقوم بوون، سازش بکات، ئەوا ناکۆکییەکان بەحەتمی خۆیان دەردەخەن. هەر یەکێك لەم ڕژێمانە نەیاری ئەویدیکەیە و بەدوای یەکێتییەوەیە لەگەڵ هێزە ئیمپریالیستییە باڵادەستەکاندا.

هەرکاتێکیش ئاستی خەباتی کرێکاران بەرز دەبێتەوە، ئەمجۆرە ناکۆکییە چوونیەکانە دەردەکەون. پشتیوانانی دارایی ڕێکخراوە ئیسلامگەراکان دەیانەوێت هەرچی خێراتر ئەم خەباتانە بووەستێت. ئەگەر نەوەستا، دەبێت لەبەینیان بەرن. بەشێك لە ئیسلامیستە ڕادیکاڵە لاوەکان بەشێوەیەکی غەریزەیی پشتیوانیی لە خەباتەکان دەکەن. سەرکردەکانی ئەم ڕێکخراوانە هەڵوێستێکیی مامناوەندییان وەرگرتووە و بە سرتەسرت داوا لە خاوەن کارەکان دەکەن دەستی خێرات درێژ بکەن و داواش لە کرێکاران دەکەن لێبوردە و لەسەرخۆ بن.

لەکۆتاییدا، گەشەی خێرا سەرمایەداریی، سەرکردە ئیسلامیستەکان ناچار دەکات کاتێك لەگەیشتن بە دەسەڵات نزیك دەبنەوە، سەرمەقولات و تەقڵەی ئایدیۆلۆژیانە لێبدەن. ئەوان "بەها ئیسلامییەکان" لە بەرانبەر بە "بەها غەربییەکان" دادەنێن. بەڵام زۆربەی ئەم بەها غەربییانەش ڕیشەیان لەنێو کولتووریی ئەفسانەیی خۆرئاواییدا نییە، بەڵکو لە ئەنجامی گەشەی سەرمایەداریی دوو سەدەی کۆتاییدا دەرکەوتوون. بۆ نموونە پێش سەدە و نیوێك

ڕفتاری گشتیی لەنێو چینی ناوەڕاستی ئینگلیزیدا بەرانبەر بە سێکسوالیتە بەڕاشکاویی هەمان ئەو ڕەفتارانە بوو کە ڕابوونی ئیسلامیی ئەمڕۆ بانگەشەی بۆ دەکەن (پەیوەندیی سێکسیی لە دەرەوەی زەواج قەدەغە بوو، نەدەبوو ژنان تەنانەت گوێزنگی پێیشیان دیار بێت و گوناهێك کە بەخشینی بۆ نەبوو، زۆڵیی بوو) و ژنان لە زۆر ڕووەوە مافێکی زۆر کەمتریان لەو مافە هەبوو کە ئەمڕۆ نوسخە گشتییەکانی ئیسلام بۆ ژن دایدەنێن (میرات تەنها بۆ کوڕی گەورە بوو لەکاتێکدا لە ئیسلامدا کچ نیوەی پشکی کوڕ لە میراتییەکە دەبات، ژنان هیچ جۆرە مافێکی تەڵاقیان نەبوو، لەکاتێکدا ئیسلام لە هەلومەرجێکی زۆر سنووردار‌دا ئەم مافە بە ژن دەدات). ئەوەی ڕەفتاری ئینگلیزییەکانی گۆڕی شتێکی نێو دەروونی خۆرئاوایی و یان هەرجۆرە "بەها مەسیحی-یەهودی"یەکان نەبوو، بەڵکو کاریگەریی سەرمایەداریی گەشەکردوو بوو - سەرمایەداریی پێویستیی بە هێزی کاری ژنان هەبوو، بۆیە بەناچار گۆڕانی بەسەر هەندێك لە ڕەفتارەکاندا هێنا و گرنگتر لەوەش، ژنانی خستە نێو پێگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە کە دەیانتوانی داوای گۆڕانکاریی زیاتر بکەن.

لەبەر ئەوەیە تەنانەت لەو وڵاتانەدا کە تیایاندا کڵێسای کاتۆلیك لەڕادەبەدەر هێزی هەبووە وەك ئیرلەندا، ئیتاڵیا، پۆڵەندا و ئیسپانا، ناچار بووە وێڕای ئارەزووەکەی، کەچی

دەسەڵاتەکەی سنووردار و بەرتەسك بکاتەوە. ئەو وڵاتانە کە تیایدا ئیسلام ئایینی دەوڵەتە ناتوانن لە بەرانبەر بە فشارەکانی ئەمجۆرە گۆڕانکارییانە پارێزگاریی لەخۆیان بکەن. هەرچەندێکیش ئەگەر بە قورسی لە بەرانبەریدا بووەستنەوە.

ئەزموونی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەم مەسەلەیە پشتڕاست دەکاتەوە. وێڕای هەموو ئەو بانگەشانەی کە دەیویست ڕۆڵی ژنان کورت بکاتەوە بۆ هاوسەرێتیی و دایکایەتیی و سەرەڕای تەواوی ئەو فشارانەی بۆ دەرکردنیان لە هەندێك لە پیشەکانی وەك مافی پشکی ژنان لە هێزی کار وردە وردە بەرز بووەوە و ئێستا لە 28%ی کاری حکومی دەگرێتەوە، واتا هەمان ڕادەی زەمەنی شۆڕش[129]. هەر لەبەر ئەوە ڕژێم ناچاربوو هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بە سیاسەتی کۆنترۆڵی لەدایکبوون بگۆڕێت کاتێك کە 23%ی ژنان ڕێگاکانی دژەسکپڕبوونیان بەکاردەهێنا[130]. و لەهەندێك لایەنەوە کەمێك هەڵوێستی خۆی لەبارەی حیجابەوە گۆڕی. ئەگەرچی ژنان لەزۆر بواری وەك یاساکانی میراتی و خێزان مافێکی یەکسانیی پیاوانیان نییە، بەڵام مافی دەنگدانیان پاراستووە (ئێستا دوو نوێنەری ژن لە ئەنجوومەندا هەن)، دەچنە قوتابخانە، پشکیان لە هەموو لقەکانی زانکۆکاندا هەیە و بۆ تێپەڕاندنی خوێندنی پزیشکیی و پەروەردە سەربازییەکان زۆر هاندەدرێن[131].

ئەبراهامیان لەبارەی خومەینییەوە دەنووسێت:

”مورید و شاگردە نزیکەکانی ئەو هەمیشە ”نەریتگەراکان“یان بە ”دواکەوتوو“ لەقەڵەم دەدا و گاڵتەیان پێدەکردن. ئەوانیان تۆمەتبار دەکرد بەوەی زیادەڕەویی لە خۆپارێزییدا دەکەن: کچەکانیان نەدەنارده قوتابخانە، سوورن لەسەر ئەوەی کچانی لاو تەنانەت ئەو کاتەی پیاو لە ماڵەوە نییە، دەبێت سەرپۆش لەبەر بکەن، چوون بەرەو سەرقاڵیی ڕۆشنبیرانەی وەك هونەر، مۆسیقا و یاری شەترەنج قەدەغە کرابوون و لەهەمووی خراپتر، سەیرکردنی تەلەڤزیۆن و خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گوێگرتن لە ڕادیۆش یاساغ بوو“[132].

هیچ یەکێك لەمانە نابێت تووشی واقوڕمانمان بکات. ئەوانەی سەرمایەداریی ئێران و حکومەتی ئێرانیان بەدەستەوەیە ناتوانن هەروا ئاسان واز لەهێزی کاری ژنان لە بەشە سەرەکییەکانی ئابووریيدا بهێنن. و ئەو بەشانەی وردەبۆرژوازیی کە ستوونی بڕبڕەی پشتی حزبی کۆماریی ئیسلامیی بوون بەدرێژایی ساڵەکانی 1970 کچەکانی خۆیان دەنارده زانکۆکان بۆ ئەوەی بتوانن کار پەیدا بکەن و دەرامەتی زیادە بۆ خێزانەکانیان بهێننەوە – بە ئامانجی بەرزکردنەوەی دەرامەتی خێزان و ئاسانکاریی بۆ زەواجی کچەکانیان. لە ساڵەکانی 1980 نەیاندەویست بەهۆی زوهدی ئاینییەوە چاو لەم توانستانە بپۆشن.

هەروەك چۆن ئایدیۆلۆژییەكانی دیكە ناتوانن بەر بە گەشەی ئابووریی و لە ئەنجامدا گەشەی كۆمەڵایەتیی بگرن، ئیسلامیزمیش ناتوانێت. بەمجۆرە جارەهای جار بووە كە گەلێك گرژیی ڕوویدات و ئەمەش لە مشتومڕە قورسە ئایدیۆلۆژییەكانی نێوان هەوادار و لایەنگرەكانیدا خۆی دەردەخست.

بەگشتی، ئیسلامیستە لاوەكان بەرهەمی ڕۆشنبیر و زمانزانی كۆمەڵگای مۆدێرنن. ئەوان كتێب و ڕۆژنامە دەخوێننەوە و سەیری تەلەڤزیۆن دەكەن و ئاگایان لە كۆی مشتومڕ و ئەو ئینشیقاقانە هەیە كە لەنێو بزووتنەوەدا دەردەكەوێت. و لەهەندێك كاتدا لە بەرانبەر "سیكۆلارەكان"، چەپەكان و بۆرژوازییدا ڕیز دەبەستن، دیسان لە بەینیاندا گەلێك باسوخواس و مشتومڕی گەرم دروست دەبێت وەك ئەو مشتومڕانەی 30 ساڵ پێش لەنێوان لقەكانی هەوادار و لایەنگری چین و لقەكانی لایەنگری سۆڤێت لە بزووتنەوەی یەكپارچەی ستالینیستیدا سەریهەڵدابوو. و ئەم باسانە وردە وردە گومان لەنێو زەینی هەندێكیاندا دروست دەكات.

سۆسیالیستەكان دەتوانن سوود لەم ناكۆكییانە وەربگرن و بەوەفابوونی بەشێك لە ئیسلامگەرا ڕادیكاڵەكان بەرانبەر بە ڕێكخراوەكانیان بخەنە تەنگژەوە – بەڵام ئەم شتە تەنها كاتێك ڕوودەدات ئەگەر ئێمە ڕێكخراوگەلی

سەربەخۆی خۆمان دابمەزرێنین. ئەو ڕێکخراوانەی نە وەك ئیسلامگەراکان هەڵوێست وەردەگرن و نە وەك دەوڵەتیش.

لەهەندێك پرس و کێشەدا ئێمە لەگەڵ ئیسلامگەراکاندا دژ بە ئیپمریالیزم و دەوڵەت دەوەستین. ئەمە ڕووداوێك بوو لە هەندێك وڵاتان لە کاتی جەنگی دووەمی کەنداو ڕوویدا. و لە فەڕەنسا و بریتانیا لە خەباتی دژە ڕەگەزپەرستییدا بەمجۆرە دەبێت. کاتێك ئیسلامگەراکان ئۆپۆزیسیۆنن دەبێت دروشمی ئێمە بەمجۆرە بێت: ”هەندێکجار لەگەڵ ئیسلامگەراکان، بەڵام لەگەڵ دەوڵەتدا هەرگیز“.

بەڵام تەنانەت لەم کاتانەشدا ئێمە لەسەر زۆر مەسەلەی سەرەکیی و ئەساسیی، لەگەڵ ئیسلامگەراکاندا ناکۆکین. ئێمە بەرگریی لە مافی ڕەخنەگرتن لە دین دەکەین، هەروەکچۆن بەرگریی لە مافی پراکتیزەکردنی دابونەریتی دینیش دەکەین. ئێمە بەرگریی لە مافی نەپۆشینی حیجاب دەکەین، لەکاتێکدا بەرگریی لە مافی ئەو ژنە لاوانەش دەکەین کاتێك لە وڵاتگەلی ڕەگەزپەرستیی وەك فەڕەنسادا دەیانەوێت حیجاب بکەن. ئێمە دژ بەو چەوساندنەوە و جیاکارییەین کە سەرمایە هەمووەکیی و گەورەکان لە وڵاتانی وەك جەزائیر بەسەر عەرەبزمانەکانیدا پیادە دەکەن - بەڵام لە هەمانکاتدا دژ بە چەوساندنەوە و جیاکاریی دەوەستینەوە کە لە بەرانبەر بە بەربەرزمانەکانی کەرتەکانی چینی کرێکار و چینە ناوەڕاستەکانی خوارەوە

پیادە دەکرێت کە فەڕەنسیزمانن. لەهەمووی گرنگتر، ئێمە دژی هەرجۆرە کردەوەیەك دەوەستینەوە کە بەهۆی ئایین و ئەتنیکیی بەشێك لە چەوسێنەران و مەحرومان لە بەرانبەر بە بەشێکی دیکەدا دابنێت. و ئەمە واتا بەرگریکردن لە ئیسلامگەراکان لە بەرانبەر بە دەوڵەت و بەرگریکردن لە ژنان، نێربازان، بەربەرەکان، و قیبتییەکان لە بەرانبەر بە ئیسلامگەراکاندا.

هەندێك لە ئەرکەکانمان کە کاتێك لەگەڵ ئیسلامگەراکاندا لەیەك ئاراستەدا وەستاوین، بریتییە لە خستنەژێرپرسیار و تەحەداکردنی بیروبۆچوونی ئەوانە – نەك تەنها بەهۆی شێوازی مامەڵەی ڕێکخراوەکانیان لەگەڵ ژنان و کەمینەکاندا، بەڵکو بەهۆی مەسەلە ئەساسییەکانی وەك ئەوەی ئایا کۆمەڵگا پێویستیی بە خێرخوازیی دەوڵەمەندان هەیە یان لەنێوبردنی پەیوەندییە چینایەتییە باڵادەستەکان.

چەپ لە ڕابردوودا لەبارەی ئیسلامگەراکانەوە دوو هەڵەی زەقی کردووە. یەکەم بەفاشیست سەیرکردنی ئەوان و بەمجۆرە مەحاڵبوونی هەرجۆرە هاوبەشیکردنێك لەگەڵیاندا. دووەم بە ”پێشڕەو“سەیرکردن و ڕەخنە نەکردنیان. ئەم هەڵانە لەتەنیشت یەکتریدا کۆمەکیان بە ئیسلامیستەکان کرد تاکو بە زیانی چەپ لە بەشێکی گەورەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا گەشە بکەن. ئێمە پێویستمان بە

ئاراستەیەك هەیە ئیسلامگەرایی وەك بەرهەمی قەیرانێکی کۆمەڵایەتیی قوڵ سەیر بکات. بەرهەمێك کە ناتوانێت چارەسەری قەیران بکات و شەڕ بۆ بەدەستهێنانی ئەو خەباتگێڕە لاوانە دەکات کە بەدیدگایەکی زۆر جیاوازەوە، دیدگایەکی سەربەخۆ، دیدگای سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕییەوە خەریکی خەباتکردنن.

## پەراوێزەکان:

1. لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەربارەی ئیخوان موسلمینی میسر لەساڵی 1969دا بەو ئەنجامە گەیشت کە هەوڵ بۆ زیندووکردنەوەی بزوتنەوەکە لەمیانەی دەیەی 1960دا، ”جۆش و خرۆشێکی قابیلی پێشبینییکردنی گرژییە بەردەوامەکان بوو، کە بەشێکی بچووککراوەی ئەو چالاکوانانەی نیسبەت بە کۆمەڵگا ”هەڵوێستێك“ی ناڕوونتریان هەبو، دروستکرابوو“. بڕوانە:

The Society of the Muslim Brothers (London, 1969), .p.vii

2. Article in the New Statesman in 1979, quoted by Fred Halliday himself in The Iranian Revolution and its Implications,New Left Review, 166 (November December 1987), p.36.

3. گفتوگۆ لەگەڵ بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی جەزائیر (MCA) بڕوانە: Socialisme Internationale (Paris, June 1990) ئێستا ئەم بزووتنەوەیە بوونی نییە.

4. Fred Halliday, p57.

5. بۆ ڕاپۆرتی پشتیوانییەکانی ڕێکخراوە چەپەکان لە ئیسلامگەراکان، بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

P. Marshall, Revolution and Counter Revolution in Iran M. Moaddel, ;92-and pp.89 68-(London, 1988), pp.60 Class, Politics and Ideology in the Iranian Revolution V. Moghadan, False ;218-(New York, 1993), pp.215 .Roads in Iran, New Left Review, p.166

6. بە گواستنەوە لە لە ئارٍ. پس. میشل، ل127.

7. A.S. Ahmed, Discovering Islam (New Delhi, 1990), pp.6164-.

8. بۆ ڕاپۆرتیی صۆفیگەریی لە ئەفغانتسان بڕوانە:

O. Roy, Islam and Resistance in Afghanistan (Cambridge, For Sufism in India and Pakistan, see .44-1990), pp.38 .98-A.S. Ahmed, op. cit., pp.90

9. I. Khomeini, Islam and Revolution (Berkeley, 1981), quoted in A.S. Ahmed, op. cit. p.31.

10. ئۆ. ڕۆی. ل5. حەسەن ئەلتورابی، یەکێك لە سەرکردەکانی ئیخوان موسلمینی سودان، دەقاودەق بەمجۆرە قسە دەکات و خوازیاری بەئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگایە، چونکە "ئایین دەتوانێت بەهێزترین بزوێنەری گەشەکردن بێت"، بە نەقڵکردن لە:

Le nouveau reveil de 1'Islam, Liberation (Paris), 5 .August, 1994

11. E. Abrahamian, Khomeinism (London, 1993), p.2.

12. Ibid.

13. Who is responsible for violence? in l'Algerie par les Islamistes, edited by M. Al Ahnaf, B. Botivewau and F. Fregosi (Paris, 1990), pp.132ff.

14. Ibid., p.31.

15. G. Kepel, The Prophet and the Pharoah, Muslim Extremism in Egypt (London, 1985), p.109.

16. بۆ نموونە بڕوانە:
K. Pfeifer, Agrarian Reform Under State Capitalism in Algeria (Boulder, 1985), p.59; C Andersson, Peasant or Proletarian? (Stockholm, 1986), p.67; M. Raffinot and P. Jacquemot, Le Capitalisme d'état Algerien (Paris, 1977).

17. J.P.Entelis, Algeria,theInstitutionalised Revolution (Boulder, 1986), p.76.

18. Ibid.

19. A. Rouadia, Les Freres et la Mosque (Paris, 1990), p.33.

20. O. Roy, op. cit., pp.8890-.

21. A. Rouadia, op. cit., p.82.

22. Ibid., p.78.

23. Ibid.

24. لەبارەی ئەم ڕووداوانە بڕوانە:
.D. Hiro, Islamic Fundamentalism (London, 1989), p.97

25. H.E.Chehabi, IranianPoliticsandReligiousModerni sm (Lon don, 1990), p.89.

26. E. Abrahamian, The Iranian Mojahedin (London, 1989), pp.107, 201, 214, 225226-.

27. M. Moaddel, op. cit., pp.224238-.

28. A. Bayat, Workers and Revolution in Iran (London, 1987), p.57.

29. A. Tabari, Islam and the Struggle for Emancipation of Iranian Women, in A. Tabari and N. Yeganeh, In the Shadow of Islam: the Women's Movement in Iran.

30. O. Roy, op. cit., pp.6869-.

31. M. Al-Ahnaf, B Botivewau and F. Fregosi, op. cit.

32. A. Rouadia, op. cit..

33. Ibid.

34. Ibid.

35. لە ساڵی 1989 لە 250 هەزار کەس کە لە تاقیکردنەوەدا بەشدارییان کرد، تەنها 54 کەس دیپلۆمیان وەگرت.

.Ibid, p137

36. Ibid., p.146.

37. Ibid., p.147.

38. See R.P. Mitchell, op. cit., p.13.

39. See Ibid., p.27.

40. Ibid., p.38.

41. M. Hussein, Islamic Radicalism as a Political Protest Movement, in N. Sa'dawi, S. Hitata, M. Hussein and S. Safwat,Islamic Fundamentalism (London, 1989).

42. Ibid.

43. S. Hitata, East West Relations, in N. Sa'dawi, S. Hitata, M. Hussein and S. Safwat, op. cit., p.26.

44. G. Kepel, op. cit., p.129.

45. Ibid., p.137.

46. Ibid., pp.14344-.

47. Ibid., p.85.

48. Ibid., p.9596-.

49. Ibid., p.149.

50. بۆ ئەم قۆناغە بڕوانە:

A. Dabat and L. Lorenzano, Conflicto Malvinense y .8-Crisis Nacional(Mexico, 1982), pp.46

51. M. Al-Ahnaf, B. Botivewau and F. Fregosi, op. cit., p.34.

52. وتارە باشەکەی فیلیپ مارشاڵ بەناونیشانی "فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیی – ستەمکاریی و شۆڕش" لە ژۆرنالی ئەنتەرناشناڵ سۆسیاالیزم، ژمارەی 40دا، ڕێك لەو شوێنەدا ڕووبەڕووی لاوازیی دەبێتەوە کە ناتوانێت جیاوازیی نێوان هەڵوێستی دژەئیمپریالیزمی بزووتنەوە بۆرژوازییەکان لە بەرانبەر بە کۆڵۆنیالیزم و هەڵوێستی دژەئیمپریالیستیی بزوتنەوە وردەبۆرژوازییەکان دیاریبکات کە ڕووبەڕووی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوونەتەوە، کە ئەم دەوڵەتە خۆی تێکەڵی نێو سیستەم-جیهانیی بووە. سەرجەمی پێداگریی ئەو لەسەر ڕۆڵ و وەزیفەیەکە کە ئەم بزووتنەوانە دەتوانن "دەرکەوتەی خەبات دژی ئیمپریالیزم" بن. ئەم ئاراستەیە ئەوە لەبیر دەکات کە  دەوڵەتی ناوچەیی و بۆرژوازیی ناوچەیی بەگشتی فاکتەری ڕاستەوخۆی سەرکوت و چەوساندنەوەیە لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا – شتێك کە لانیکەم بەشێکی ڕەوتە

ئیسلامگەرا ڕادیکاڵەکان دەستنیشان دەکەن (هەروەك قوت وڵاتانی وەك میسر بە "نائیسلامیی" ناودەبات).

نووسەر لەم وتارەدا ناتوانێت ئەوە دیاریبکات کە سنوورەکانی وردەبۆرژوازیی بزووتنەوە ئیسلامگەراکان ئەوە دەکاتە زەروورییی کە سەرکردەکانیان، وەك بزووتنەوەی پرۆنیستەکان بەر لەوان، دژ بە "ئیپمریالیزم" خەریکی قسەی بەلاغیی و ڕەوانبێژیین بۆ ئەوەی بتوانن پاسان بۆ یەکگرتنی کۆتایی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی ناوچەیی و حاکمی ناوچەیی بهێننەوە و لە هەمانکاتدا تووڕەیی و نەفرەتی باویش بەرەو کەمینەکان کە وەك فاکتەرەکانی "ئیمپریالیزمی کولتووریی" سەیریان دەکەن، بکەنە نیشانە. بەمجۆرەیە کە مارشاڵ دیسان بە هەڵە دەڵێت ئیسلامیستە شۆڕشگێڕەکان دەتوانن هەمان ئەم ئاراستەیە بەرانبەر بە ئیسلامیزم بگرنە بەر کە کۆمینترنی پێش ستالینیستیی دەرهەق بە بزووتنەوە دژە کۆڵۆنیالیستییەکانی سەرەتاکانی دەیەی 1920 گرتییە بەر. بێگومان دەبێت ئێمە لەو کۆمینترنەوە فێر ببین کە مادام بزووتەوەیەك (و تەنانەت دەوڵەتێك) دژی ئیمپریالیزم دەجەنگێت ئەوا دەکرێت هاوشانی بووەستین لەکاتێکدا هاوزەکان دژی سیاسەتەکانی بووەستینەوە و دەستبکەین بە هەوڵ و تەقەللا بۆ لەناوبردنی حاکمییەتەکەی. بەڵام هەرگیز ناکرێت بۆرژوازیی و وردەبۆرژوازیی ئیسلامگەرایی دەیەی 1990 وەك بۆرژوازیی و وردەبۆرژوازیی دژەکۆڵۆنیالیزمی ساڵەکانی 1920 سەیر بکەین.

جگە لەمە، ئێمەش دەکەوینە نێو هەمان هەڵەوە کە چەپی وڵاتانی وەك ئەرژەنتین لە کۆتاییەکانی دەیەی 1960 و سەرەتای

1970 تێیکەوتن: چەپ بە بیانووی ئەوەی لە وڵاتێکی "نیمچە کۆڵۆنیالیی"دا دەژین، پشتیوانییان لە ناسیۆنالیزمی بۆرژوازیی ئەرژەنتین کرد.
هەروەك ئەی. دیت و ئێڵ. لۆرنزانۆ بەدروستی گوتوویانە "چەپی ناسیۆنالیست و چەپی مارکسیستیی ئەرژەنتین... نەیانتوانی بەردەوامیی هاوکاریی (حاکمانی وڵاتی خۆیان" لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بۆرژوازیی ئیمپریالیست و هەروەها بەکرێگیراویی دیپلۆماتییانەی ئەوان لە بەرانبەر بە سوپا و دەوڵەتی ئەمریکا و وابەستەیی سیاسیی ("نیچمە کۆڵۆنیالیی"، "کۆڵۆنیالیزم") دەستنیشان بکەن. ئەمانە هموویان بوونە هۆی ئەوەی ڕادیکاڵترین و جدیترین هێزەکان بڕیار بدەن تا بانگی شەڕ بۆ "دووەمین سەربەخۆییخوازیی" بکەن. لەڕاستیدا، ئەوان ڕووبەڕووی شتێکی تەواو جیاواز بووبوونەوە. ڕەفتاری سیاسیی هەر دەوڵەتێکی سەرمایەداریی بەڕادەیەك لاواز (ئەگەرچی کە بونیادێکی سەربەخۆی سیاسیی هەبێت) کاتێك کە بابەتی بەرژەوەندییەکانی دێتە پێشەوە "ئاشتیخوازانە"یە و بە وەرگرتنی ئیمتیاز لە دەوڵەتان و ناوەندە ئیمپریالیستییەکان.. و یان بە بەهێزکردنی یەکێتییەکەی لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا، "پاشەکشە" لە هەڵوێستەکانی خۆی دەکات. ئەمجۆرە ڕەفتارانە بونیادی دەوڵەت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ پرۆسەی خۆفراوانکردن و بەرهەمهێنانەوەی سەرمایە لە ڕەهەندە میلییەکانیدا ناخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە (ئەمە خەسڵەتی دەوڵەتە وەك نوێنەری ڕاستەوخۆی چینە حاکمە نەتەوەییەکان و نەك وەك فاکتەری

ولاَتانی ئیمپریالیست و بۆرژوازیی دیکەی ولاَتان).

.Conflicto Malvinense y Crisis Nacional, op. cit., p. 70

53. E. Abrahamian, Khomeinism, op. cit., p.3.

54. Ibid., p.17.

55. O. Roy, op. cit., p.71.

56. M. Al-Ahnaf, B. Botivewau and F. Fregosi, op. cit., pp.2627-.

57. R.P. Mitchell, op. cit., p.145.

58. Ibid., p.116.

59. Ibid., p.40.

60. Book by Hudaybi, quoted in G. Kepel, op. cit., p.61.

61. Ibid., p.71.

62. Ibid.

63. See quote in Ibid., p.44.

64. Ibid., p.53.

65. For details, see ibid., p.78.

66. بۆ بابەتێکی وردو درشتی بۆچوونەکانی فەرەج لە کتێبەکەیدا ئەمری شاراوە، بڕوانە:

202-ibid., pp.193

67. Ibid., p.208.

68. Ibid., p.164.

69. Ibid., p.210.

70. A. Rouadia, op. cit., p.20.

71. Ibid., pp.334-.

72. Ibid., p.36.

73. Ibid., p.144.

74. Ibid., p.145146-.

75. J.P. Entelis, op. cit., p.74.

76. A. Rouadia, op. cit., p.191.

77. Ibid., p.209.

78. M. Al-Ahnaf, B. Botivewau and F. Fregosi, op. cit., p.30.

79. Ibid.

80. J. Goytisolo, Argelia en el Vendava, in El Pais, 30 March, 1994.

81. El Salaam, 21 June 1990, translated in M. AI-Ahnaf B. Botivewau and F. Fregosi, op. cit., pp.200202-.

82. لەم سەرچاوەیەدا شیکاریی ئەم ڕوداوانە بخوێنەوە: ئەمە هەمان ئەو هێڵەیە کە ئێستا ژۆرنالی پشتیوانیی سەرمایەی گەورە، فاینانشیال تایمز (بڕوانە ژمارە 19، جوڵای 1994)، و دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشنیاری دەکەن.

J. Goytisolo, op. cit., 29 March 1994

83. J. Goytisolo, op. cit., 30 March 1994.

84. Ibid.

85. Ibid.

86. Ibid., 3 April 1994.

87. Guardian, 15 April 1994.

88. Guardian, 13 April 1994.

89. J. Goytisolo, op. cit., 29 March 1994.

90. See the translation on economic policy in M. Al-Ahnaf, B. Botivewau and F. Fregosi, op. cit.

91. Ibid., p.109.

92. ئەمە هەمان دیدگای فرید هالیدەیە. هەروەها ئاراستەی ماکس شاشتمەن و هەندێکی دیکە دەربارەی ستالینیزم بەمجۆرەیە. بڕوانە:

M. Shachtman, The Bureaucratic Revolution (New York, 1962), and, for a critique, T. Cliff, Appendix 2: The theory of Bureaucratic Collectivism, in State .(Capitalism in Russia (London, 1988

93. ئەمڕۆ هەڵوێستی چەپی جەزائیر و مسیر بەمجۆرەیە.

94. H.E. Chehabi, op. cit., p.169.

95. For details, see A. Bayat, op. cit., pp.101-128 ,102-129.

.Figures given in Ibid., p.108 .96

97. M.M. Salehi, Insurgency through Culture and Religion (New York, 1988), p.171.

98. H.E. Chehabi, op. cit., p.169.

99. The figure is given in D Hiro, op. cit., p.187.

100. See ch.3 of my Class Struggles in Eastern Europe, 1945-
83 (London, 1983).

101. بڕوانە: T. Cliff, Deflected Permanent Revolution, International Socialism, first series, no.12 (spring, 1963). دووبارە لەم سەرچاوەیەدا بڵاوکراوەتەوە: ئەنتەرناشناڵ سۆسیالیزم، خولی یەکەم، ژمارەی 61. بەداخەوە ئەم سەرچاوە زۆر گرنگە لە هەڵبژاردەی وتارەکانی کلیفدا بڵاونەکرایەوە، بەڵام بەشێوەی نامیلکە لە چاپەمەنی بوکمارکسدا دەستدەکەوێت.

102. بەپێچەوانەی بانگەشەی هالیدەی، ئەوان کەمتر لەمانە نوێنەری "دەسەڵاتی هێزە کۆمەڵایەتییە پێش سەرمایەدارییەکان" بوون. هەمان، ل35. هالیدەی بەمجۆرە بەڵگاندنە تەنها دەریدەخات کە بەچ ڕادەیەك ڕیشە ماویستیی-ستالینیستییەکانی خۆی بوونەتە ڕێگر لەبەردەم تێگەیشتنێکی ڕاست و دروستی خەسڵەتەکانی سەرمایەداریی لەم سەدەیەدا.

103. مارشاڵ لە کتێبە نایابەکەیدا ئەم خاڵەی بەباشی دەرخستووە. بڕوانە:

Revolution and Counter Revolution in Iran, op. cit..

104. A. Bayat, op. cit., p.134.

105. T. Cliff, op. cit.

106. M. Moaddel, op. cit., p.212.

107. F. Halliday, op. cit., p.57.

108. مەریەم پویا لە وتارەکەیدا:

Iran 1979: Long Live the Revolution ... Long Live Islam? in Revolutionary Rehearsals (Bookmarks, .(London, 1987

شوراکان بە " workers' councils" وەردەگێڕێت، کە وەرگێڕانێکی هەڵەیە.

109. According to M. Moaddel, op. cit., p.238.

110. A. Bayat, op. cit., p.42.

111. E. Abrahamian, The Iranian Mojahedin, op. cit., p.189.

112. M Poya, op. cit..

113. M. Moaddel, op. cit., p.216.

114. Abdelwahab el-Affendi, Turabi's revolution, Islam and

power in Sudan (London, 1991), p.89.

115. Ibid., pp.116117-.

116. Ibid., p.117.

117. Ibid., p.115.

118. بۆ خوێندنەوەی هەڵوێستی ئەو دەربارەی ژنان، بڕوانە کورتکراوەی نامیلکەکەی:

Ibid., p.174. See also his article, Le Nouveau Reveil de ..l'Islam, op. cit

119. Affendi, op. cit., p.118.

120. Ibid., p.163.

121. Ibid., pp.163164-.

122. Ibid., p.116.

123. Amnesty International report, quoted in Economist Intelligence Unit Report, Sudan, 1992:4.

124. Ibid.

Economist Intelligence Unit Report, Sudan, .125
.1993:3

126. Economist Intelligence Unit, Country Profile, Sudan,

.4-1993

ئەلتورابی خۆی گوتوویەتی: ”ڕابوونی ئیسلامیی چیتر مەیلێکی بۆ جەنگان لەگەڵ خۆرئاوادا نییە... خۆرئاوا دوژمنی ئێمە نییە“. بڕوانە:

.Le nouveau Reveil de l’Islam, op. cit

127. Economist Intelligence Unit Report, Sudan, 1993:1.

128. ئەمە وەسفێکی ڕاست و دروست بوو بۆ بیروبۆچوونەکانی موجاهیدین، کە لەلایەن بەشێك لە سەرکردەکانی و ئەندامەکانییەوە کە لەمیانەی دەیەی 1970دا لە ڕێکخراوەکە جیابووبوونەوە و ڕێکراوێکیان دامەزراندبوو کە دواتر پێیگوترا

پەیکار. بەداخەوە ئەم ڕێکخراوە لەبری دامەزراندنی بناغەکانی خۆی لەسەر مارکسیزمی شۆڕشگێڕیی، درێژەی بە نەریتیی ماویستیی-گەریلایی دا.

129. V. Moghadam, Women, Work and Ideology in the Islamic Republic, International Journal of Middle East Studies, 1988,

p.230.

130. Ibid., p.227.

131. Ibid.

132. E. Abrahamian, Khomeinism, op. cit., p.16.

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رواداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل / مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَرکَة الحَداثَة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط / سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصڵح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگعەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشرەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کار دەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |